ئافرەت

لە شارستانێتی ئیسلامیدا

لەنێوان دەقە شەرعیەکان و بەرەی فیقهی و واقیعی ژیاندا

نووسینی
دکتۆر علی جمعە محمد

وەرگێڕانی
أمجد محمد زاهد

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردي ، عربي ، فارسي)
تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

ئافـــرەت

لە شارستانێتی ئیسلامیدا

لە نێوان دەقە شەرعیەکان وبەرهەمی فیقهی و واقیعی ژیاندا

دانانی

الدكتور علي جمعة محمد

موفتی وڵاتی (مصر)

وەرگێڕانی

أمجد محمد زاهد شێخ محمد

پێداچوونەوەی

د. حسن خالد مصطفى المفتي

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب بەکوردی: ئافرەت لە شارستانێتی ئیسلامیدا
نوسینــــــــــــــی: دکتۆر علی جمعە محمد
وەرگێڕانـــــــــــی: امجد محمد زاهد شێخ محمد
بڵاوکردنــــــەوەی: نوسـینگەی تەفسـیر بـۆ بڵاوکردنـەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
نەخشەسازی نـاوەوە: جمعە صدیق کاکە
خـــــــــــە ت: نەوزاد کۆیی
بـــــــــەرگ : أمین مخلص
نـۆرە و سـاڵی چـاپ: یەکەم ١٤٣١ك — ٢٠١٠ز
تـــــــــیراژ: ١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٥٠٥)ی ساڵی ٢٠١٠ پێدراوە

تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
هەولێر- شەقامی دەدکا - ژێر لۆتێلی شیرین پالاس
ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٢٨
مۆبایل: ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ - ٠٧٧٠ ١٢٨ ٧٢ ٩١
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس وستایشی بێ پایان بۆ پەروەردگار، درووود ورەحمەتی نەبڕاوە بۆسەر گیانی پاکی {محمد المصطفى (صلى الله عليه وسلم)}، پاشان بۆسەر یار ویاوەر وگشت ئیمانداران.

قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُوا قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوا إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ﴾التوبة١٢٢. پێغەمبەریش دەفەرموێت: {من يرد الله به خيراً يفقهه في الدين}. لەسەر تیشکی ئەم دوو فەرمووده وهاووێنەکانیان، لە دێر زەمانەوە زانایانی ئیسلام گرنگی وبایەخێکی زۆریان داوە بە بواری خزمەت کردن بە زانستە شەرعیەکان وخەڵکییان لێ بەهرەمەند کردووە، چونکە پاداشتێکی یەکجار زۆری هەیە، وسەعادەتی هەردوو دونیای لەسەر پەیوەندە.. بەتایبەت لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا، کە ئیسلام وموسوڵمانی ڕاستەقینە خەریکن غەریب دەبنەوە، ولە دەیان لاوە چەواشەکاری وگومڕایی بە بەرنامەی بەرفراوان دوژمنانی ئیسلام بە هەموو هێز وتوانایەکیانەوە گەرمکیانە لە شەوکەتی بەرزی ئیسلام وموسوڵمانان کەم بکەنەوە، ولەکەداریان بکەن، بەتایبەتی لە بوارەکانی ئافرەت ومافەکانی..

برای بەڕێز وخۆشەویستم مامۆستا (امجد محمد زاهد) لەم بوارەدا هەستاوە بە وەرگێڕانی یەکێك لە نوسراوەکانی موفتی وڵاتی میسر، مامۆستای پایەبەرز (د. علي جمعة) بەناونیشانی (المرأة في الحضارة الإسلامية بين نصوص الشرع وتراث الفقه والواقع المعيش)، کەپێم وایە هەم مامۆستای دانەر، و هەم مامۆستای وەرگێڕ، هەردووکیان زۆر سەرکەوتوون لە کارەکانیاندا، وتا

ئەندازەیـەکی زۆر بـاش مەبەسـتەکانیان پێکـاوە.. خـوا پاداشـتی بـەخێریان بداتەوە..

بەندەش کە لەلایـەن بـرای وەرگێـڕەوە تـەکلیفم لێ کـرا، بـە هەڵسەنگاندنی دەقـە عەرەبیەکـە، وپێداچوونەوەی دەقـی وەرگێـڕدراو، منـیش لەبـەر گرنگـی بابەتەکـە، وخۆشەویستیم بـۆ مامۆسـتا (أمجد)، نـەمتوانی جگـە لـە جێبـەجێ کردن، هیچ بواری ترم نەبوو.. سوپاس بۆ خوا..

لە کۆتاییدا داواکارم لە پەروەردگار کە نموونەی ئەم بەڕێزە، وگەنجانی تری پێنـووس ڕەنگـین وفیـداکار وخزمـەتگوزار بپارێزێـت، وبیانگەیەنێتـە لوتکـەی ئاوات لە هەردوو دونیا.

د. حسن خالد مصطفى المفتي
کۆلیژی زانستە ئیسلامیەکان
هەولێر/ ٨/ ٤/ ٢٠١٠ ی زاینی

به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی وەرگێڕ:

پاش سوپاس وستایشی بێ پایان بۆ بەدیهێنەری زەوی وئاسمان، درووود وسەلام بۆ سەر گیانی پاکی سەرداری پێغەمبەران، پێشەوا وڕابەر وسەرکردە، (محمد) پێغەمبەری ئاخر زەمان، بۆ سەر گیانی تەواوی ئال وبەیت ویار وياوەران، وهەموو ئەو کەسانەش کە دەست بە بەرنامەی خواوە دەگرن تاکو دونیا کۆتایی دێ، وهەمووش بە کردەوەی خۆمان ئەچینەوە بەردەم یەزدان، لەپاشان:

ماوەیەك دەمویست باسێك بنووسم لەسەر میراتی ئافرەت لە ئیسلامدا، بە تایبەتی لەسەر ئەو بەناو رەخنەیەی کە ڕووبەڕووی ئەم بەرنامە ڕاستە خواییە کراوەتەوە، کە گوایە ئافرەت نیوەی پیاو میرات دەبات!! جا لەو کاتەدا مەبەستم بوو کە زۆرترین سەرچاوە پەیدا بکەم بۆ نووسینی باسەکەم، ئەوەبوو ڕۆژێك ئەم کتێبەی مامۆستای زانا، موفتی ولاَتی (مصر) (**علي جمعة محمد**)م بەرچاو کەوت، بەناونیشانی (**المرأة في الحضارة الإسلامية بين نصوص الشرع وتراث الفقه والواقع المعيش**)، کە لە ناوەڕۆکەکەیم ڕوانی، بینیم کە ئەو باسەی زۆر بە باشی هێناوە، بۆیە دەست بەجێ کڕیم، ولە ڕاستیشدا سوودێکی باشم لێ بینی.

بەلاَم دواتر بینیم کە ئەم کتێبە چەند بابەتێکی تری هەستیاری لەخۆ گرتووە، کە جێگەی باس وخواسی کەسانی شارەزا ونەشارەزای ئەم ئاینە پیرۆزەن، شارەزاکان ڕوونیان دەکەنەوە، ونەشارەزاکانیش بە نەزانینی خۆیان ڕەخنە دەگرن. بۆیە بیرم کردەوە لەوەی کە وەری بگێڕمە سەر زمانی شیرینی

کوردی، تاوەکو لە لایەك کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە، ولەلایەکی تریشەوە ئەو برا وخوشکە بەڕێزانەی کە لە زانینی زمانی عەرەبیدا کەم توانان یان بێ توانان، بتوانن تا ڕادەیەك بەم بابەتانەو وردەکاریەکانیان ئاشنابن.

مامۆستای دانەر لە سێ لایەنەوە باسی لە ئافرەت کردووە:

١. لە دەقە شەرعیەکانی قورئان وفەرموودەکانی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم).

٢. لە بەرهەم وسەرچاوە وکتێبە فیقهی وشەرعیەکاندا. کە ئەم دوو باسەیان لە زۆرێك لەو کتێبانەدا هەن کە باس لە ماف وڕێزی ئافرەت دەکەن لە ئیسلامدا، بەڵام مامۆستا بە شێوازێکی زانستیانە وتازە وبەسوود باسی کردوون.

٣. لە واقیعی ژیان ومێژووی گەل ونەتەوە وکەسەکاندا، کە ئەمەیان کەمتر بەرچاو دەکەوێت لە کتێبەکانی تردا.

بەڵام ئەوەندە دەڵێم: سەرەڕای وەرگێڕانی ئەم کتێبە، من هەوڵم داوە بۆ زیاتر بەهێز کردن ودەوڵەمەند کردنی بابەتەکان، چوار کاری تریش بکەم:

- زۆرینەی زانیاریەکانی ناو ئەم کتێبە، هەوڵم داوە لە چەند سەرچاوەی تریشدا هاتبن، ئاماژەیان پێ بکەم.
- هەر ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی تێدا هاتبێت، تەفسیرەکەیم نووسیوە، بە پشت بەستن بە هەردوو تەفسیری (خوڵاصەی تەفسیری نامی/ مامۆستا عبد الکریمی مودەڕیس، وتەفسیری گوڵشەن/ دکتۆر نظام الدین عبد الحمید).
- تەخریجی حەدیس و فەرموودەکانی پێغەمبەرم (صلی الله علیه وسلم) کردووە، بە جۆرێك کە ناوی ئەو سەرچاوانەم نووسیووە، کە

فەرموودەکەیان تێدایە، ناوی بەش، وبابەتەکان، وژمارەی فەرموودەکەش لەو سەرچاوانەدا.

- لــە هەنــدێك جێگــەدا هەســتاوم بــە لێکۆڵینــەوە ولێوردبوونــەوەی مەسئەلەکان.

جا بەو پێیەی کە مەرج نییە کەسی وەرگێڕ بە تەواوەتی هاوڕا وهاو بۆچوونی کەسی دانەر بێت، بۆیە بە پشت بەستن بە سەرچاوە شەرعییە متمانەدارەکان هەندێك تێبینیم لەسەر هەندێك لە بۆچوونەکانی مامۆستای موفتی هەیە، کە ئاماژەم پێکردوون، وهیوادارم بەهەڵەدا نەچووبم.

لە کۆتاییدا هیوام وایە کە مایەی سوودی موسوڵمانانی کورد زمان بێت، وزۆر سوپاسی مامۆستا وبرای زۆر خۆشەویستم دکتۆر شێخ حەسەنی موفتی دەکەم، کە ئەرکی پیاچوونەوەی ئەم وەرگێڕانەی خستە ئەستۆی خۆی، خوای گەورە پاداشتی بەخێری بداتەوە، وبە کەرەمی خۆشی ئەم کارەمان لێ وەرگرێت. آمین.

وەرگێڕ

أمجد محمد زاهد شيخ محمد

بە ناوی خوای بەخشندە ومیهرەبانەوە

پێشەکی دانەر:

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان، ودروود وسەلام لەسەر سەرداری پێغەمبەران، گەورە وپێشەوامان پێغەمبەری ئەمین محمد (صلی الله علیه وسلم) و لەسەر یار ویاوەر وهاوەڵانی بە تێکڕا. پاشان:

پرسیارێکی زۆر دەکرێت لە بارەی پێگە وجێگەی ئافرەت لە ئیسلامدا، ئەمەش وامان لێ دەکات کە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی ئەم ئاینە، وبەرهەمی بیر وهزری زانایان، وواقیعی مێژوویی وئێستای ژیانیان.

ئافرەتێش یەکێکە لە دوو جۆرەکەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، کە خوای گەورە ڕێزێکی زۆری لێ ناوە وپلە وپایەی بەرزی پێداوە بەسەر تەواوی دروستکراوەکانی تردا، وەك خوای دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾ الأسراء/٧٠. ((واتە: ئێمە قەدری نەوەی ئادەممان گرتوە وشەرمەفدارمان کردوون بەوەی هۆش وبیرمان پێ بەخشیوون، هەروەها بەو توانای فێربوون وزانینەی کە پێمان بەخشیون، لەسەر وشکانی ولە ناو دەریادا هەڵمان گرتوون تا بە ئاسانی بێن وبڕۆن. لە گشت جۆرە ڕزق وڕۆزییەکی چاك وپاك بەشمان داون و، پلەو پایەمان بەسەر گەلێك لە دروستکراوەکانی تردا بەرز کردوونەتەوە)).

گومانی تێدا نییە کە ئەم ڕێزلێنانە داگرەوەیە بەسەر هەردوو ڕەگەزی نێرینە ومێیینەدا، واتە نێرینە وەك مرۆڤ ڕێزی لێگیراوە، ومێیینەش بە هەمان شێوە.

خوای گەورەش کە ڕێزی لە ئافرەت ناوە هەموو مافەکانی پێداوە وهیچ ستەمێکیشی لێ نەکردووە، وئەرکی وەهای نەداوە بەسەریدا کە لە توانایدا نەبێت، چونکە خوای گەورە خۆی درووستی کردووە، وهەر خۆشی دەزانێت کە چی جۆرە ماف وئەرکێك بۆ ئافرەت گونجاوە، وەك دەفەرموێت: ﴿أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ الملـــك/١٤. ((واتە: ئەو خودایەی کە عالەمی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون ودرووستی کردووە، ئایا نازانێت چی لە ناو دڵتاندا دەشارنەوە وچیش ئاشکرا دەکەن؟! لە حاڵەتێکدا ئەو خودایە کە زانینی دەوری هەموو شتێکی داوە، هەرچەندە ئەو شتانە زۆر ورد وشاراوە وپەنهانیش بن)).

کەواتە باسی دادپەروەرانە مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەتدا پێویستە بە شێوەیەکی تەواو باس بکرێت، بە جۆرێك کە هەم ماف وهەم ئەرکەکانیش بگرێتەوە، چونکە خوای گەورە کە مرۆڤی درووست کردووە، هەروا بێ هوودە نەبووە، بە جۆرێك کە کۆمەڵێك مافی بداتێ، بە بێ ئەوەی کە هیچ ئەرکێکی بەسەردا بدات، وەك خوای دەفەرموێت: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾ المؤمنون/١١٥. ((واتە: ئایا وا تێدەگەن ئێوەم بەبێ هوودە وبێ هیچ مەبەستێك وبۆ گاڵتە ویاری درووست کردووە؟! واتان دەزانی کە ڕۆژی دوایی نایەت وناگەڕێنەوە بۆ لای ئێمە، تا لەسەر بیر وباوەڕ وگوفتار ورەفتارەکانتان لێتان بپرسینەوە؟! تا هەرکەسەو بە پێی بیر وباوەڕ وکردەوەی خۆی جەزای بدرێتەوە)).

هەروەها هەندێك ڕاستی هەن کە پێویستە لە بیر ودڵی هەموو موسوڵمانێکدا بچەسپێن وجێگیر بن، وەك لە چەند جێگەیەکی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، لەوانە:

- ﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾ الكهف/٤٩. ((واتە: پەروەردگارت ستەم لە هیچ کەسێك ناکات))
- ﴿وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا﴾ النساء/٤٩. ((واتە: ئەوەندەی ئەو درزە باریکەی کە لە ناو دەنکی خورمادایە، ستەم لە هیچ کەسێك ناکرێت))
- ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ﴾ الحج/١٠. ((واتە: بێ گومان خودا ستەم لە هیچ بەندەیەك ناکات))
- ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ﴾ العنكبوت/٤٠. ((واتە: وەنەبێت خودا ستەمی لەو گەلانە کردبێت))
- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ﴾ النساء/٤٠. ((واتە: بێ گومان ئەوەندەی قورسایی گەردیلەیەك خودا ستەم لە کەس ناکات))
- ﴿وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا﴾ النساء/١٢٤. ((واتە: ئەوەندەی چاڵایی پشت ناوکی دەنکە خورمایەك ستەمی لێ ناکرێت))
- ﴿فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ﴾ التوبة/٧٠. ((واتە: وەنەبێت خودا ستەمی لێ کردبن)).

جا تەواوی ئەم ئایەتانە وزۆرێکی تریش دووپاتی ئەو ڕاستیە گرنگە دەکەنەوە کە پێویستە بە باشی بچەسپێت لە بیروباوەڕی هەموو موسوڵمانێکدا، کە شایەتی داوە بە یەکتایی خودای گەورە، و پێغەمبەرایەتی گەورە وپێشەوامان محمد (صلى الله عليه وسلم)، ئەویش ئەوەیە کە داد وعەدالەتی خوای گەورە تەواو ڕەهایە، ولەو بەرنامەی کە ناردوویەتی هیچ جۆرە ستەمێکی سەبارەت بە هیچ کەسێك، بەڵکو بۆ هیچ جۆرە درووست کراو وبوونەوەرێکیش تێدا نییە، بڕیارەکانی خوای گەورەش نابێت بە تەرازوو وپێوەری مرۆڤەکان بپێورێن، بەڵکو پێوەری خوایی دەبێتە پێوەری هەموو کردەوەکانی ئەوان.

وە ئەو کێشەیەی کە لەم ڕۆژانەی ئێستاماندا ڕوو بە ڕووی دەبینەوە ئەوەیە کە: باسی ئافرەت ومافەکانی لە شەریعەتی ئیسلامدا بوەتە جێگەی مشتومڕ وناکۆکی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە نە دەزانن حەقیقەتی ئافرەت چییە! ونە شارەزاییشیان سەبارەت بەم شەریعەتە پیرۆزە وڕاستیەکانی هەیە، بە جۆرێك کە وەك گفتووگۆ کردنی لێ هاتووە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە گوێیان گرانە وهەستی بیستنیان تێك چووە وبە باشی ڕاستیەکان نابیستن.

منیش ئەم واقیعە ئازاراوییە پاڵی پێوەنام بۆ ئەوەی باسێك کۆ بکەمەوە لەسەر ئافرەتی موسوڵمان لە سەرچاوە شەرعیەکان وواقیعی مێژووییان، وناوم لێنا: (ئافرەتی موسوڵمان لە سەرچاوەکانی شەریعەت وواقیعی مێژووییدا)(١) دابەشم کرد بۆ چەند بەشێك:

دەروازەی یەکەم : ئافرەتی موسوڵمان لە دەقە پیرۆزەکانی شەرعدا، کە دوو بەش لە خۆ دەگرێت:

بەشی یەکەم : ئافرەت لە قورئانی پیرۆزدا.

بەشی دووەم : ئافرەت لە سونەت وفەرموودەکانی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم).

دەروازەی دووەم : ئافرەتی موسوڵمان لە بەرهەم ونوسراوە فیقهیەکاندا، کە هەشت بەش لە خۆ دەگرێت:

بەشی یەکەم : میراتی ئافرەت لە نێوان ڕاستیەکان ودرۆ هەڵبەسراوەکاندا.

بەشی دووەم : شایەتی دانی ئافرەتی موسوڵمان وڕەد کردنەوەی گومانە درووست کراوەکان.

بەشی سێیەم : فرەژنی وحەقیقەتەکەی.

---

(١) هەرچەندە لە بەرگی کتێبەکەیدا بە شێوازێکی تر ناونیشانی کتێبەکەی هاتووە، وەك لە پێشەکی وەرگێڕانەکەدا ئاماژەمان بۆ کرد. وەرگێڕ

بەشی چوارەم : مافی ئافرەت لە هەڵبژاردنی مێردی خۆیدا.

بەشی پێنجەم : پێشنوێژی کردنی ئافرەت.

بەشی شەشەم : خەتەنە کردنی مێیینە.

بەشی حەوتەم : مافە سیاسیەکانی ئافرەت.

بەشی هەشتەم : لێدانی ئافرەت لە ئیسلامدا.

دەروازەی سێیەم : ئافرەتی موسوڵمان لە واقیعی مێژووییدا، کە پێنج بەش لە خۆ دەگرێت:

بەشی یەکەم : ئافرەتگەلێکی حوکمڕان (حاکم).

بەشی دووەم : ئافرەتگەلێکی دادوەر (قاضي).

بەشی سێیەم : ئافرەتگەلێکی جەنگاوەر.

بەشی چوارەم : ئافرەتگەلێکی موفتی وزانا.

بەشی پێنجەم : ئافرەتگەلێك کە دەسەلاتی جێبەجی کردنیان گرتۆتە دەست (السلطة التنفيذية).

کۆتایی : بار ودۆخی ئافرەتی ناموسوڵمان لە کۆن ونوێدا.

دەروازەی یەکەم

ئافرەتی موسوڵمان
لە دەقە پیرۆزەکانی شەرعدا

کە دەسپێکێك ودوو بەش لە خۆ دەگرێت:

بەشی یەکەم : ئافرەت لە قورئانی پیرۆزدا.

بەشی دووەم : ئافرەت لە سونەت وفەرموودەکانی پێغەمبەردا

دەسپێك

زۆرێك لە دەقەكانی قورئانی پیرۆز وفەرموودەكانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) موسوڵمانان هاندەدەن لەسەر پارێزگاری كردن وپاراستنی ئافرەتان وبە یەكسان تەماشا كردنیان لەگەڵ پیاواندا، وچاودێری كردنی مافەكانیان، ئامۆژگاری و ڕاسپێریشان تێدایە بەوەی كە چاكەیان لەگەڵدا بكرێت، وبە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، بەهۆی ئەو نەرم ونیانی وشەرم كردنەی كە لەواندا هەیە، كە هەندێك جار وەك بەربەستێكی لێدێت لە نێوان ئەوان وداواكردنی مافەكانیان.

جا ئێمەش لەم دوو بەشەی كە دێت دەقی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز وفەرموودەكانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لەو بارەیەوە دەهێنین.

بەشی یەکەم

ئافرەت لە قورئانی پیرۆزدا

خوای گەورە لە بنەما وئەصڵی درووست کردندا پیاو وئافرەتی یەکسان کردووە، وجیاوازی نەکردووە لە نێوانیاندا، وەك هەواڵی پێداوین کە ئەصڵی هەموو مرۆڤەکان یەکە، وهەر لەویشەوە تەواوی نێرینە ومێیینەکانی درووست کردووە، وەك لە چەند جێگەیەکی قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ﴾ النساء/١ ((واتە: ئەی خەڵکینە، خۆتان لە ناڕەزایی خوداتان بپارێزن وپارێزکار بن، ئەو خودایەی کە ئێوەی لە نەبوونەوە بە نێر وبە مێ لە یەك جەستە ویەك گیان هێناوەتە دی. خودا لەو دوو کەسەوە گەلێك پیاو وئافرەتی خولقاندووە وپرژوبلاوی کردوونەتەوە بەسەر ڕووی زەویدا، خودا بپەرستن وپارێزکار بن کە ئەم گشت مرۆڤە بە هۆشەی لە دوو کەس هێناوەتە بوون، ئەو خودایەی کە ئێوە بە ناوی ئەوەوە داوای ئەنجامدانی کار لە یەکتری دەکەن، خۆتان بپارێزن لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی)).
- ﴿وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنشَأَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ فَمُسۡتَقَرّٞ وَمُسۡتَوۡدَعٞۗ قَدۡ فَصَّلۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لِقَوۡمٖ يَفۡقَهُونَ﴾ الأنعام/٩٨ ((واتە: هەر ئەو خودایە ئێوەی لە خاوەن گیانێك خولقاندووە وپاشان زۆری کردوون ونەوە ووەچەی زۆری لێ خستوونەتەوە. (فَمُستقرٌ وَمُستودَع) هەندێك لە زانایان دەڵێن: مەبەست بە (مُستقرٌ)

جێگیر بوونە لە دنیادا، هەریەکەو بەپێی تەمەنی خۆی لەسەر ڕووی زەوی. هەروەها مەبەستیش لە (مُستَودَع) کۆبوونەوەیە لە ژێر زەویدا بەهۆی مردن وئەسپەردە کردنەوە. هەندێکی تریش دەڵێن: (مُستقرٌ) ئەو جێگەیە کە لە لەشی پیاودا نوتفەی تێدا جێگیر دەبێت. (مُستَودَع)یش بەو جێگایە دەڵێن لە ڕەحمی ئافرەتدا کە نوتفەکەی لەگەڵ نوتفەی پیاودا بە یەکتری دەگەن ویەکدەگرن وسەرەنجام منداڵی لێ درووست دەبێت. (قد فصلنا..) واتە: بەڕاستی ئێمە بە وردی باسی درووست کردنی ئادەمیزادمان ڕوون کردووەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی خاوەن بیر وهۆش وتێگەیشتوون بیر لە توانا ودەسەڵاتی سەرسووڕهێنەری خودا بکەنەوە وبزانن توانا وگەورەیی خودا بێ سنوورە)).

- ﴿هُوَ ٱلَّذِی خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا لِیَسۡكُنَ إِلَیۡهَا﴾ الأعـراف/١٨٩ ((واتە: ئەو خودایەی کە ئێوەی لە یەك گیان درووست کردووە - مەبەست باوە ئادەمە - هەروەها هاوسەرەکەیشی هەر لەو درووست کردووە، تاوەکو لەگەڵیدا بژی پێکەوە ئولفەت بگرن)).
- ﴿خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا﴾ الزمر/٦ ((واتە: خودا ئێوەی لە گیانی ئادەم درووست کردووە، هەر لە ئادەمیش خێزانەکەی (واتە: حەووا)ی درووست کردووە)).

هەروەها لە ئەصڵی بەندایەتی کردن وئەرکە شەرعیەکانیشدا یەکسانی کردون، وفەزڵ وگەورەیی هیچ ڕەگەزێکیانی نەداوە بەسەر ئەوی تریاندا، بەڵکو تەنها پێوەرێك کە داینـاوە بۆ جیاوازی کردن لە نێوانیاندا، بە جۆرێك کە کامیان لە کامیان لە پێش تر وبە ڕێز تربێت بریتیە لە: پێوەری لە خوا ترسان وچاکەکاری وچاکسازی، وەك دەفەرموێت:

• ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ﴾ الحجرات/١٣. ((واتە: ئەی خەڵکینە، ئێمە ئێوەمان لە نێر ومێیەك درووست كردووەو، كردوومانن بە چەند هۆز وعەشیرەت وقەومێكەوە، تا بە برایەتی وخۆشەویستییەوە لەگەڵ یەكتردا مامەڵە بكەن، بێگومان باشترین كەستان لەلای خودا ئەو كەسەتانە كە لە هەمووتان پارێزكار تر ولە خودا ترس تر بێت، بە ڕاستی خودا بە كار وكردەوەكانتان زۆر زانا وئاگادارە)).

وە ئافرەت وپیاوی یەكسان كردووە بەڵكو هەموو مرۆڤەكانی یەكسان كردووە لە ئەصڵی بەندایەتی كردندا، وەك دەفەرموێت:

• ﴿ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدٗا ﴾ مريم/٩٣ ((واتە: هەرچی لە ئاسمانەكان وزەویدا هەیە هەموویان بەندەی خودان، وئەو بەدی هێناون و، لە ژێر بڕیار وفەرمانی خودادان، وبە پێی نەخشە وپلانی ئەو بەڕێوە دەچن)).

وە ئافرەتان وپیاوانی یەكسان كردووە لە ئەصڵی ئەركە شەرعیەكان، وپاداشت وسزا لەسەر كردن ونەكردنیان، وەك لە چەند ئایەتێكدا دەفەرموێت:

• ﴿ مَنۡ عَمِلَ سَيِّئَةٗ فَلَا يُجۡزَىٰٓ إِلَّا مِثۡلَهَاۖ وَمَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ يُرۡزَقُونَ فِيهَا بِغَيۡرِ حِسَابٖ ﴾ غافر/٤٠ ((واتە: هەر كەسێك لەم ژیانەی ئێستایدا كردەوەی خراپ ئەنجام بدات، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا هەر بە پێی كردەوە خراپەكانی خۆی سزای دەدرێت، بە بێ هیچ زیادەیەك. هەر كەسێكیش ـ چ پیاو بێت، یان ئافرەت ـ باوەڕی بە خودا وبە فەرمان وفەرمایشتەكانی خودا هەبووبێت وكەسێكی چاكەكار بووبێت، وبە پێی بەرنامەی خودا ژیانی خۆی بردبێتە سەر، ئەوە ئەوانەیش دەچنە بەهەشتی ڕازاوەوە، پاداشتی زۆر چاكتر وزۆرتر لە

کردەوەکانی خۆیانیان بەبێ حیساب پێ دەبەخشرێت، وەهەتا هەتایە لە بەهەشتی نەبڕاوەدا بۆ خۆیان ڕادەبوێرن))

- ﴿فَٱسۡتَجَابَ لَهُمۡ رَبُّهُمۡ أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٖ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰۖ بَعۡضُكُم مِّنۢ بَعۡضٖۖ﴾ آل عمران/١٩٥ ((واتە: خودا دوعا وپاڕانەوەی دوعاخوازانی گیرا کرد، وفەرمووی: من کردەوەی چاکی هیچ کەسێکتان بزر ناکەم، جا کەسەکە نێرینە بێت یان مێیینە، چونکە هەندێکتان هاوکاری یەکن وئەگەر جیاوازی بیر وباوەڕ وکردەوە لە نێوانیاندا نەبێت، ئەوە خۆیان جیاوازیان لە نێواندا نییە))
- ﴿وَمَن يَعۡمَلۡ مِنَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ نَقِيرٗا﴾ النساء/١٢٤ ((واتە: هەر کەسێك لە نێر ولە مێ ئەگەر کردەوە چاکەکان بکات وخۆی لە خراپە بپارێزێت و، خاوەنی باوەڕێکی ڕاست ودرووست بێت، ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا بە چوونە ناو بەهەشت دڵخۆش دەبێت، وئەوەندەی چاڵایی پشت ناوکی دەنکە خورمایەك ستەمی لێ ناکرێت)).
- ﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ النحل/ ٩٧ ((واتە: هەر ئیماندارێك ـ نێرینە بێت یان مێیینە ـ کار وکردەوەی چاك بکات، ئەوە لە دنیادا بە کامەرانی وشادی دەیژێنین، لە ڕۆژی دواییشدا بە گەلێك باشتر لەوەی دەیانکرد پاداشتیان دەدەینەوە)).

هەروەك چۆن یەکسانی کردون لە ئەصڵی ماف وئەرکەکاندا، وەك دەفەرموێت:

- ﴿وَلَهُنَّ مِثۡلُ ٱلَّذِي عَلَيۡهِنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِۚ﴾ البقرة/٢٢٨. ((واتە: ژن ومێرد حەقی چاکەیان بەسەر یەکتریەوە هەیە)).

• ﴿لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا﴾ النساء/٧. ((واتە: هەموو نێرینەیەك ـ گەورە بێت یان منداڵ ـ لە میراتی دایك وباوك وخزمانی نزیكدا بەشدارە وپشكی هەیە. هەروەها ئافرەتانیش ـ گەورە بن یان منداڵ ـ لە میراتی دایك وباوك وخزمانیدا بەشدارن، جا میراتەكە زۆر بێت یان كەم، ئەمەش خوای بە واجیبی داناوە وبڕیاری لەسەر داوە، بۆیە هەرگیز نابێت لێی لابدرێت)).

وە خوای گەورە ئەو كارەی بە تاوان دانا كە پێشتر عەرەبەكانی سەردەمی نەفامی دەیان كرد، لەوەی كە پێیان ناخۆش بوو خوای گەورە مێینەیان پێ ببەخشێت، وەك دەفەرموێت:

• ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِٱلْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُۥ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾ يَتَوَٰرَىٰ مِنَ ٱلْقَوْمِ مِن سُوٓءِ مَا بُشِّرَ بِهِۦٓ ۚ أَيُمْسِكُهُۥ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُۥ فِى ٱلتُّرَابِ ۗ أَلَا سَآءَ مَا يَحْكُمُونَ﴾ النحل/٥٨–٥٩. ((واتە: ئەگەر یەكێك لەوانەی كە دەڵێن خودا كچی هەیە، موژدەی بدرێتی كە كچی بووە، دەموچاوی گرژ وتاریك دەبێت، ودڵی پڕ دەبێت لە خەم وتووڕەیی، خۆی لە خزم وناسراوەكانی دەشارێتەوە، چونكە لەبەر تێنەگەیشتوویی خۆی وا دەزانێت عەیبێكی گەورەی لێ قەوماوە، ئینجا سەر دێنێت و سەر دەبات ئایا چی لێ بكات؟! ئایا كچەكە بهێڵێتەوە، كە ئەو بە عەیب وعاری دەزانێت، یان لە ناو خاكدا بیشارێتەوە وزیندە بە چاڵی بكات؟! بەڕاستی ئەو كەسانە لەسەر ڕێگایەكی زۆر خراپن)).

هەروەها دەقەكانی ئەم شەریعەتە پیرۆزە هەر بەوەوە نەوەستاوە كە باس لە یەكسانی نێوان نێرینە ومێینە بكات لە ڕووی ئەرك ومافەكانەوە، بەڵكو لەوە زیاتریش پیاوان ڕادەسپێرێت، وئامۆژگاریان دەكات كە هەڵسوو كەوت ومامەڵەیان باش بێت لەگەڵ ئافرەتاندا، چونكە زۆر جار لەبەر شەرم كردن

ونەرم ونیانی وكەم ڕوویی وەهایان لێ دێت كە داوای مافەكانی خۆشیان ناكەن، وەك خوای گەورە لە چەند جێگەیەكی قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

- ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا﴾ النســـــاء/١٩ ((واتــە: بــە شـێوەیەكی جـوان لەگـەڵ ئافرەتاندا بژیین، خۆ ئەگەر شتێكی وا ڕوویـدا لێیـان كـە مایـەی ناڕەحـەتی وبێزاریتان بوو، ئەو كاتە هەراسان مەبن وخێرا هەوڵی جیابوونەوە مـەدەن لەگەڵیاندا، چونكە وا دەبێت مرۆڤ ڕقـی لـە شـتێك دەبێتـەوە، كەچـی خـودا ئەو شتە دەكاتە مایەی سوود وقازانجێكی زۆر)).
- ﴿وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى ٱلْمُوسِعِ قَدَرُهُۥ وَعَلَى ٱلْمُقْتِرِ قَدَرُهُۥ مَتَـٰعًۢا بِٱلْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ البقرة/ ٢٣٦ ((واتە: پێویستە بە پێی توانای خۆتان هەندێك سامان ودارایـی پێشكەش بە ئافرەتان بكەن، خاوەن سامان بە پێی سـامانەكەی، وهـەژاریش بە پێی هەژاریەكەی خـۆی، ئەمـە حەقێكـەو دەبێـت چـاكەكاران بـە جـوانی ئەو ئەركە ئەنجام بـدەن)).
- ﴿أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَآرُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا۟ عَلَيْهِنَّ وَإِن كُنَّ أُو۟لَـٰتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا۟ عَلَيْهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتَمِرُوا۟ بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ﴾ الطلاق/٦ ((واتە: ئەو ئافرەتانـەی كـە تـەڵاقیان دەدەن، لـە لایـەكی ئەو ماڵ وجێگـەی كـە خۆتـان تیایـدا دەژیـن، نیشتەجێیان بكـەن وبـە پێـی توانـا وئیمكانـاتی خۆتـان ـ تـا عیـددەیان تـەواو دەبێـت ـ خـەرجیان بكێشـن وخـواردن وجـل وبـەرگیان بـۆ دابـین بكـەن، ومەیانخەنـە نـاو تەنگانـە وناخۆشی، بۆ ئەوەی ناچاریان بكەن واز لەو جێگا وڕێگایەی خۆیـان بهێـنن، وئـیتر داوای هیچتـان لێ نەكـەن. خـۆ ئەگـەر سكیان پـڕ بـوو دەبێـت جێگـا ومەنزڵ وخواردن وجل وبەرگیان بە چاكی بۆ دابین بكەن تـا منداڵەكانیان دەبێـت. ئینجـا ئەگــەر دوای منـداڵبوونیان ویســتیان خۆیـان شـیر بـە

منداڵەکانیان بدەن، ئەوە دەبێت کرێی شیردانەکەیان بدەنێ، باوکان ودایکان پێویستە هەریەکەیان بە جوانی لەگەڵ یەکدا بدوێن وقسە لەسەر چۆنێتی چاودێری کردن وبەخێو کردنی منداڵەکانیان بکەن)).

- ﴿فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً﴾ النساء/٢٤ ((واتە: مارەییەکانی خۆیانیان بە تەواوەتی بدەنێ، ئەو مارەیی پێدانەش فەرزێکی خودایە)).
- ﴿وَءَاتُوهُم مِّن مَّالِ ٱللَّهِ ٱلَّذِىٓ ءَاتَىٰكُمْ﴾ النور/ ٣٣ ((واتە: لەو ماڵەی خودا پێی داون بەشیان بدەن ویارمەتیان بدەن)).
- ﴿فَلَا تَبْغُوا۟ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا﴾ النساء/٣٤ ((واتە: ئەگەر خێزانەکانتان گوێڕایەڵیان کردن، ئیتر ڕێگەیان لێ مەگرن وبەهانەیان پێ مەگرن وسەرزەنشتیان مەکەن، خوای گەورە پایە بەرز وگەورە وبەدەسەڵاتە ـ کەواتە لێی بترسن وخۆتان لە تاوان بپارێزن)).
- ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُوا۟ ٱلنِّسَآءَ كَرْهًا ۖ وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا۟ بِبَعْضِ مَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ﴾ النساء/١٩ ((واتە: ئەی ئیماندارینە، درووست نییە ژن بە میرات بگرن، چونکە ئەوە ستەمە ومایەی ئازاردانی ئافرەتەکەیە، هەروەها نابێت ڕێگای شووکردنیان لێ بگرن، یاخود زۆریان لێ بکەن وئازاریان بدەن بۆ ئەوەی هەندێك لەو مارەییەی کە پێتان داون لێیان بسێننەوە)).
- ﴿فَإِمْسَاكٌۢ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌۢ بِإِحْسَـٰنٍ ۗ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا۟ مِمَّآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا﴾ البقرة/٢٢٩ ((واتە: ئینجا پیاوەکە ـ کە دوو تەڵاقی (ڕیجعی) ژنەکەی داوە ـ یان ئافرەتەکە دەگێڕێتەوە ژێر خەیمەی هاوسەرێتی خۆی، یاخود جارێکی تر تەڵاقی دەدات وبە یەکجاری لە یەکتری جیا دەبنەوە. جا ئەوەی کە لەوەو پێش داویەتی بە ئافرەتەکە نابێت لێی بسێنێتەوە)).

بەشی دووەم

ئافرەت لە سونەت وفەرموودەکانی پێغەمبەردا

فەرموودە درەوشاوەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەم بارەوە زۆرن، لەوانە:

- جارێك پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم): کێ خۆشەویست ترین کەسە بەلاتەوە؟ ئەویش فەرمووی: (عائشة).[1]
- لە گێڕانەوەیەکی تردا ولە وەڵامی پرسیارێکی هاوشێودا فەرمووی: (فاطمة).[2]

جا ئەم دوو فەرمودەیە ئامازە بەوە دەکەن کە ئافرەت جێگەی ڕێز و خۆشەویستییە، جا چ هاوسەر بێت یان کچ، هەر کاتێك کە کەسێکی موسوڵمان زانی کە خۆشەویست ترینی کەسەکان بە لای پێغەمبەر وپێشەوا وسەرکردە

---

(١) البخاري/ كتاب المغازي/ باب غزوة ذات السلاسل/٤١٠٠، ومسلم/ كتاب فضائل الصحابة/ باب من فضائل أبي بكر الصديق/ ٢٣٨٤، والترمذي/ المناقب/ باب فضل عائشة/ ٣٨٨٥، وابن ماجه/ افتتاح الكتاب في الإيمان وفضائل الصحابة والعلم/ باب في فضائل أصحاب رسول الله/ فضل أبي بكر الصديق/ ١٠١، وأحمد في مسنده/ مسند الشاميين/ بقية حديث عمرو بن العاص عن النبي/ ١٧٨٤٤، وابن حبان/ كتاب إخباره صلى الله عليه وسلم عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم/ ٦٨٨٥، والطبراني في المعجم الكبير/ ذكر أزواج رسول الله/ ١١٣، والحاكم في المستدرك/ كتاب معرفة الصحابة/ ذكر مخمر بن حيدة أخوهم الثالث/ ٦٧٤١، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب قسم الفيء والغنيمة/ باب إعطاء الفيء على الديوان ومن يقع به البداية/ ١٢٨٧٩، والنسائي في السنن الكبرى/ كتاب المناقب/ مناقب أصحاب رسول الله/ فضل أبي بكر الصديق/ ٨١٠٦.

(٢) أحمد في مسنده/ مسند الأنصار/ حديث أسامة بن زيد حب رسول الله/ ٢١٨٢٥، والحاكم في المستدرك/ كتاب معرفة الصحابة/ ذكر مناقب جعفر بن أبي طالب/ ٤٩٥٧.

مەزنەکەیەوە (صلی الله علیه وسلم) بریتییە لە ئافرەت، ئەو کاتە ئەویش ڕێزی ئافرەت دەگرێت، وبە گەورە تەماشای دەکات، چوونکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە پێشەنگی خۆی دەزانێت.[1]

- یەکێك لە ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بریتی بوو لەوەی کە دیاری وبەخششی دەنارد بۆ هاوڕێ ودۆستەکانی (خدیجة)ی هاوسەر وخێزانی، وەك ئەنەسی کوڕی مالیك بۆمان دەگێڕێتەوە: کە یاریەکیان هێنا بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئەویش فەرمووی: ببیەن

(١) ئەو دوو بەڵگەیەی کە مامۆستای دانەر لەسەر ئەم باسە هێناونی بەباشی ڕوون نەکراوەتەوە! چونکە ئەگەر بە باشی بڕوانینە ئەو سەرچاوانەی کە ئەو دوو فەرموودەیەیان تێدا هێنراوە، دەبینین کە:

- لە لایەك تەعبیری (أحب الناس إلی) لە چەند فەرموودەیەکدا هاتووە، لە هەندێکیاندا بۆ ئەنصارەکان، وە لە هەندێکی تریان بۆ ئوسامەی کوڕی زەید، وە لە ئەم فەرموودانەشدا بۆ (ابو بکر، وعائشة، وفاطمة) (خوایان لێ ڕازی بێت)، بۆیە زانایان لە لێکدانەوە وڕوون کردنەوە وچۆنێتی تەوفیق خستنە نێوانیاندا وتەی خۆیان هەیە، کە هەموویان درووستن، وهەریەکەش لە کات وشوێن، وبەمەبەستی جیاجیا وتراون.
- لە لایەکی تریشەوە ئەو فەرموودانە لەوێدا تەواو نابن کە مامۆستا لەسەری ڕاوەستاوە، بەڵکو وەك لە زۆرێك لەو سەرچاوانەدا هاتووە، دەفەرموون: ئەو کەسەی کە پرسیارەکەی کرد، لە پاش وەڵامدانەوەکەی حەزرەت (دروودی خوای لەسەر بێت)، وتی: قوربان مەبەستم لە پیاوانە، واتە لە ناو پیاواندا کێت لە هەموو کەسێك خۆشتر دەوێت؟ ئەویش فەرمووی: باوکی عائیشە، واتە: ئیمامی ئەبو بەکری صدیق. بۆیە من پێم وایە ئەم دوو فەرموودەیە زۆر پەیوەندیان بە فەزڵ وپلە وپایەی ئافرەتەوە نییە، چونکە زۆر شتێکی سرووشتیە کە تەواوی یان زۆرینەی پیاوان، هاوسەر وکچی خۆیان لە هەموو ئافرەتێکی تر خۆشتر بوێت، بەڵکو لە واقیعیشدا هەر وایە. بە تایبەتی ئەوەی (فاطمة) (خوای لێ ڕازی بێت) لە هەندێك ڕیوایەتدا بەم جۆرە هاتووە: جئناك نسألك اي اهلك أحب إليك؟ قال: أحب أهلي إليَ فاطمة الترمذي/ المناقب/ مناقب أسامة بن زيد/ ٣٨١٩، والطيالسي/ أحاديث أسامة بن زيد/ ٦٣٣، والطبراني في المعجم الكبير/ باب الألف/ اسامة بن زيد/ ٣٦٩.(وەرگێڕ)

بۆ فلاَنە ئافرەت، چونکە کاتی خۆی هاورێ ودۆست وخۆشەویستی (خدیجة) بووە.[١]

- لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: ((استوصوا بالنساء خیرا)).[٢] واتە: بسپێرن کە نەوە لەدوای نەوە، دەست بە دەست بۆ ئافرەتان باش بن. کە ئاماژە دەکات بەوەی کە گرنگی بدرێت بە ئافرەتان بە گشتی، ژن وهاوسەر بن یان دایک یان کچ، یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی خزمایەتی کە لە نێوان ژن وپیاودا هەبێت.
- ئەبو هورەیرە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: پیاوی بڕوادار با ڕق وکینەی نەبێت بەرامبەر بە ژنی بڕوادار، چونکە ئەگەر هەڵسوکەوت ورەفتارێکیشی پێ ناخۆش بێت، ئەوا ڕەوشتێکی تری پێ پەسەندە وپێ خۆشە.[٣]

بەڵکو نەك هەر ئەوەندە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێوەرێکی داناوە بۆ فەزڵ وپلە وپایەی پیاوان لە ناو خۆیاندا، ئەویش بەوەی کە: باشترین پیاو ئەو پیاوەیە کە لەگەڵ خێزان وماڵی خۆیدا باش بێت، بە تایبەتی هاوسەرەکەی، چونکە ئەو لە هەموویان زیاتر پێوەی بەستراوە ووابەستەیەتی، وەك دەفەرموێت:

---

(١) الحاكم في المستدرك/ كتاب معرفة الصحابة/ كتاب البر والصلة/ ٧٣٣٩، والبخاري في الأدب المفرد/ المعروف/ باب قول المعروف/ ٢٣٢، والطبراني في المعجم الكبير/ ذكر أزواج رسول الله صلى الله عليه وسلم منهن خديجة بنت خويلد/ مناقب خديجة/ ٢٠.

(٢) متفق عليه: البخاري/ كتاب النكاح/ باب الوصاة بالنساء/ ٤٨٩٠، ومسلم/ كتاب الرضاع/ باب الوصية بالنساء/ ١٤٦٨.

(٣) مسلم/ كتاب الرضاع/ باب الوصية بالنساء/ ١٤٦٩، وأحمد في مسنده/ ٨٣٤٥، وأبي يعلى في مسنده/ شهر بن حوشب عن أبي هريرة/ ٦٤١٨ و٦٤١٩، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب القسم والنشوز/ باب حق المرأة على الرجل/ ١٤٥٠٤.

- باشترینی ئێوە ئەوەتانە کە لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا باشە، منیش لە هەمووتان زیاتر بۆ خێزانی خۆم باشم.[١]

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پیاوانی زۆر هانداوە لەسەر چاکە کردن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، بەوەی کە بە باشی خەرجیان بکێشن، وەك دەفەرموێت:

- دۆنمێك کە لە ڕێگەی خوادا خەرجی بکەیت، دۆنمێك کە بۆ ئازاد کردنی کۆیلەیەك خەرجی بکەیت، دۆنمێك کە بیدەیت بە خێر بە هەژارێك، دۆنمێك کە بۆ خەرجی خێزانەکەت خەرجی بکەیت، لە ناو ئەمانەدا لە هەموویان پاداشت زۆر تر ئەوەیانە کە بۆ خەرجی خێزانەکەت خەرجت کردووە.[٢]

لە بانگەشە ودەعوەتنامەیەکدا لە پێغەمبەرەوە بۆ تەواوی پیاوان سەبارەت بە چاکە کردن لەگەڵ خێزانەکانیان، لە ڕووی خەرجی کێشان وڕەفتار ومامەڵە لەگەڵ کردنیان، دەفەرموێت:

- هەرجۆرە خەرجیەك بکەیت ومەبەستت پێی ڕەزامەندی خوا بێت، ئەوا بە خێر بۆت دەنوسرێت، هەتاوەکو ئەو پاروو وتیکەیەش کە بەرزی دەکەیتەوە بۆ دەمی هاوسەرەکەت.[٣]

---

(١) الترمذي/ المناقب/ فضل أزواج النبي/ ٣٨٩٥، وابن ماجه/ كتاب النكاح/ باب حسن معاشرة النساء/ ١٩٧٧، وابن حبان/ كتاب النكاح/ باب معاشر الزوجين/ ٤١٧٧، والبيهقي في شعب الإيمان/ الخامس والسبعون من شعب الإيمان وهو باب في رحم الصغير وتوقير الكبير/ ١١٠١٤، وفي السنن الكبرى/ كتاب النفقات/ باب فضل النفقة على الأهل/ ١٥٤٧٧.

(٢) مسلم/ كتاب الزكاة/ باب فضل النفقة على العيال والمملوك وإثم من ضيعهم أو حبس نفقتهم/ ٩٩٥، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب النفقات/ باب فضل النفقة على الأهل/ ١٥٤٧٥، والنسائي في السنن الكبرى/ كتاب عشرة النساء/ إيجاب نفقة المرأة وكسوتها/ الفضل في ذلك/ ٩١٨٣.

(٣) متفق عليه: البخاري/ كتاب النفقات/ باب فضل النفقة على الأهل/ ٥٠٣٩، ومسلم/ كتاب الوصية/ باب الوصية بالثلث/ ١٦٢٨.

ئەم شەریعەتە پیرۆزە هەر بەم دەقە پیرۆزانەشەوە نەوەستاوە کە ئەو یەکسا نییەی نێوان پیاو وئافرەتمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، لە ڕووی ئەصڵی بەرپرسیارێتی وئەرك ومافەکانەوە، بەڵکو زیاد لەوەش فەرمانمان دەداتێ کە باش بین لەگەڵ ئافرەتاندا، چونکە بە شێوەیەکی گشتی لە پیاوان بێ هێز ترن، وزۆر ئەگەری ئەوەش هەیە کە پیاوان ستەمیان لێ بکەن وسنووری شەرع لە بارەیانەوە ببەزێنن، هەر بۆیە لەو ئایەت وفەرموودانەی کە باسمان کردن بینیمان کە چۆن وەسێت وئامۆژگاری پیاوان دەکەن، کە چۆن بە چاکی مامەڵە ورەفتار لەگەڵ ئافرەتاندا بکەن.

ئەو دەقانەی کە سەبارەت بە ڕێزگرتنی ئافرەتان، وپایە بەرزییان هاتوون دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

<u>یەکەم</u>: ئەو دەقانەی کە پیاوان وئافرەتانی بە یەکسان داناوە لە ڕووی ئەصڵی بەرپرسیارێتی وماف وئەرکەکانەوە.

<u>دووەم</u>: ئەو دەقانەی کە وەسێت وڕاسپاردەیان تێدایە بۆ پیاوان کە باش مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا بکەن.

جا ئەم جۆرەی دووەمیان بە پلەیەکی بالأتر لەوەی یەکەمیان دەژمێررێت، چونکە جۆری یەکەم تەنها باس لە یەکسانی نێوانیان دەکات لە ئەصڵی بەرپرسیاریەتیدا، بەلأم جۆری دووەم وەسێتی تێدایە بۆ پیاوان کە پێویستە زۆر ڕەچاوی کەم هێزی ولاوازی وشەرم ونەرم ونیانی ئافرەتان بکەن.

پاك وبێ گەردی بۆ ئەو خوایەی کە خۆی زانا وکاربەجێ وبە سۆز و چاکەکارە لەگەڵ هەموو بوونەوەردا.

ئەوجا جۆری یەکەم بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات کە: ئافرەتانیش هەر وەکو پیاوان وەهان لە خودی بەرپرسیارێتی وئەرك و مافەکاندا، هەر جۆرە جیاوازییەکیش، کە وەها دەربکەوێت کە هەیە لە نێوان ئەرك ومافەکانی ئەم دوو ڕەگەزەدا، ئەوە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ کار وپیشە

وتایبەتمەندێتی، ئەوەش ناگەیەنێت کە یەکێك لەو دوو رەگەزە لەوی تریان کەم تر وپایە نزم ترە.

بۆ نموونە ئەگەر باوکێك بەڵێن بدات بە منداڵەکانی کە بۆ رۆژی جەژن پۆشاکی تازەیان بۆ بکرێت، ئەوکاتە ستەم وبە کەم تەماشا کردن لەوەدا دەردەکەوێت کە تەنها پۆشاك بۆ نێرینەکان بکرێت، ومێیینەکان پشتگوێ بخات. بەڵام هیچ جۆرە ستەمێکی تێدا نییە کە لە جۆری جل وبەرگەکەدا جیاوازیان بکات، چونکە هەریەکەیان جۆرە پۆشاك وبەرگێکیان بۆ دەگونجێت، ئەویش بە پێی پێویستی منداڵەکان وجۆری ئەو مەبەستەی کە پۆشاکەکەی بۆ کراوە.

بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرسوڕمانە لێرەدا ئەوەیە کە: ئەم حاڵەتە ئەگەرچی بەلای هەموو کەسێکی زیر وتێگەیشتووەوە حاڵەتێکی زۆر سرووشتیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە کۆمەڵە کەسانێك دێن بە بێ بنەما گفتوگۆ ومشتومڕی لەسەر دەکەن، ودەڵێن: دەبێت هیچ جیاوازییەك نەکرێت لە نێوان نێرینە ومێیینەدا لە ڕووی پۆشینی جۆرەکانی جل وبەرگەوە، هەروەها لە ڕووی کردنی جۆرەها وەرزش ویاری کردنەوە، ئەگەر چی زۆر قورس وگرانیش بێت، وەك هەڵگرتنی شتە قورسەکان!!.

جا سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری هەموو بوونەوەر، ئەو کۆمەڵە بانگەوازچیانە ئەوەندە بە ڕوونی بانگەشە دەکەن بۆ ئەو دادپەروەری ویەکسانییەی کە خۆیان دەیانەوێت، ومەبەستیشیانە کە ئێمەش وەك ئەوان وەها بین، ئەمەش وەهای کردووە، کە زۆرینەی ڕۆڵەکانی ئەم بەرنامە ورۆشنبیری وشارستانێتیە خاوێنەی ئیسلام، بە باشی لێیان حاڵی بین، وشوێنیان نەکەون.

تەواوی ئەو دەقە قورئانیانە وسونەتەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە پێشتر باسمان کردن، بەرزی پێگەو پلەی ئافرەت لە شەریعەتی ئیسلامیدا دووپات دەکەنەوە ودەسەلێنن. هەروەها هیچ بەرنامەیەکی ئاسمانی وزەمینی

نە پێشتر ونە لە داهاتووشدا نییە، وناشبێت، کە بە وێنەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام ماف ورێزی بۆ ئافرەتان دانابێت، وبیانپارێزێت، وچاودێریان بکات.

وە سەرەڕای ئەو وێنە ئاشکرا ودیارەی ئافرەت کە لە دەقەکانی شەریعەتی ئیسلامیەوە دەردەکەوێت، چی لە ئایەتەکانی قورئان وچی لە فەرمموودەکانی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم)، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێك بە دەستی ئەنقەست دێن کۆمەڵێك گومان وشوبهە وکۆنە ڕقی بۆماوەیی داب ونەریتی پێشینەکانیان دەهاونە سەر هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، وەك هەوڵێك بۆ چەواشە کردن وگۆڕینی مەبەست وئامانجە بەرزەکانی ئەم شەریعەتە پیرۆزە.

یەکێك لەو فەرموودانەی کە زۆر گفتوگۆ ومشتومڕی لەسەر کراوە، ئەو فەرموودەیە کە سەبارەت بە ئافرەتان فەرموویەتی: (ناقصات عقل ودين) کە فەرموودەکە خۆی باس لە جوانی وتوانای کاریگەری کردن دەکات لەسەر هەست وبیر وعەقڵی پیاوان، وەك دەقی فەرموودەکە دەفەرموێت:

((ما رأيت من ناقصات عقل ودين أذهب للبّ الرجل الحازم من إحداكن). قلن وما نقصان ديننا وعقلنا يا رسول الله؟ قال: أليس شهادة المرأة مثل نصف شهادة الرجل؟ قلن: بلى. قال: فذلك من نقصان عقلها. أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم؟ قلن: بلى. قال: فذلك من نقصان دينها)).[1]

واتە: لە ناو نوقسانانی فام وئایندا، لە ئافرەتاندا نەبینیوە وەك یەکێك لە ئێوە، کە بتوانێت زاڵ بێت بەسەر عەقڵی پیاوێکی وریا وبە توانادا. ئەوانیش پرسیاریان کرد: باشە فام وئاین نوقسانی ئێمە لە چیدایە ئەی پێغەمبەری

(١) البخاري/ كتاب الحيض/ ترك الحائض الصوم/ ٢٩٨، ومسلم/ كتاب الإيمان/ باب بيان نقصان الإيمان بنقص الطاعات/ ٧٩، وأبو داود في السنن/ كتاب السنة/ باب الدليل على زيادة الإيمان ونقصانه/ ٤٦٧٩، والترمذي/ الإيمان/ استكمال الإيمان وزيادته ونقصانه/ ٢٦١٢، وابن ماجه/ كتاب الفتن/ باب فتنة النساء/ ٤٠٠٢، وأحمد في مسنده/ مسند المكثرين من الصحابة/ مسند عبد الله بن عمر بن الخطاب/ ٥٣٤٣.

خوا؟ ئەویش فەرمووی: ئایا وانییە کە شایەتی دانی ئافرەت بە نیوەی شایەتی دانی پیاوە؟ وتیان: بەڵێ وایە. ئەویش فەرمووی: دەی ئەوە نوقسانی فام وژیریانە. ئەوجا فەرمووی: ئایا وانییە ئەگەر ئافرەت کەوتە سووڕی مانگانەوە (حیض) نە نوێژ دەکات، ونە ڕۆژووش دەگرێت؟ وتیان: بەڵێ وایە. ئەویش فەرمووی: دەی ئەوەش نوقسانی ئاینەکەیەتی.

جا ئەم فەرموودەیە لە سەرەتاکەیدا سەرسوڕمانی تێدایە بە توانای هەندێك لە ئافرەتان، کە چۆن دەتوانن کار بکەنە سەر زیرترین وبەهێزترین پیاو. بەڵام پاش ئەوەی کە یەکێك لە ئافرەتەکان وا تێگەیشت کە فەرموودەکە زیانی ئەوانی تێدایە وبۆ ئەوان خراپە، بۆیە پرسیاری کرد لە پێغەمبەر دەربارەی ئەو نوقسانی عەقڵ وئاینەی کە لە فەرموودەکەدا هاتبوو، پێغەمبەریش تێی گەیاند کە ئەو نوقسانییە ئەوە ناگەیەنێت کە پلەی ئافرەتان لە پلەی پیاوان نزم ترە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە زۆر جار بە هۆی بێ هێزی بیر وهۆشی ئافرەتانەوە لە مەسەلەی شایەتی داندا پێویستی بەوە دەبێت کە کەسێکی تر بە بیری بهێنێتەوە. هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کە بە هۆی هەندێك حاڵەتی فسیۆلۆجی وخیلقییەوە کە تایبەتە بە ڕەگەزی مێیینە، ئافرەتان لەو حاڵەتانەدا شەرع بڕیارەکانی لەسەر سووك وئاسان کردوون، چونکە ئەرکەکان لەو حاڵەتانەدا زۆر قورس وگرانن بۆیان، هەر بۆیە شەرع ڕێگەی پێداون کە لە حاڵەتی سووڕی مانگانەدا بۆ نموونە، ڕۆژوو ونوێژیان لەسەر نامێنێت، بەڵکو هەر قەدەغەشی کردوون لەسەریان.[1]

جا کاتێك کە ئەو ئافرەتە بە تەواوی تێگەیشت لە مانای فەرموودەکە سەبارەت بە نوقستانی عەقڵ وئاینیان، کە هیچ جۆرە سووکایەتی وکەم بایەخی وبێ ڕێزیەکی بۆ ئافرەتان تێدا نییە، ئیتر بێدەنگ بوو. ئەگینا چۆن

---

(١) بەڵام پێویستە دواتر ڕۆژوەکان بگێڕنەوە، بەپێچەوانەی نوێژەکان، کە گێڕانەوەیان ناوێت. (وەرگێڕ)

دەبێت هەموو ئافرەتان لە هەموو پیاوان لە ڕووی ئاینەوە نوقسان تر بن! ئەوەتا گەورەی ئافرەتانی جیهان: مەریەمی کچی عیمران، وفاتیمەی کچی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، وخەدیجەی خێزانی، وئاسیەی ژنی فیرعەون (خوایان لێ ڕازی بێت)[1]، هەموو ئەمانە زۆرینەی پیاوان هەر لە تواناشیاندا نییە کە لە پلەی دینداری وخواپەرستی ئەوان نزیک ببنەوە، چی جای ئەوەی کە لەوان باشتر بن!!

کەواتە پێویستە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەکو خۆی وەر بگیرێت، وهەر بەو شێوەیەش لێك بدرێتەوە وراڤە بکرێت کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خۆی لێکی داوەتەوە، بە بێ زیاد وکەم. بۆیە دەکرێت بڵێین: بە هیچ شێوەیەك ئەم فەرموودەیە هیچ جۆرە زەم وناتەواوی دەرخستن ونەنگیەکی بۆ عەقڵی ئافرەتان تێدا نییە، بەڵکو تەنها باسی ئەو حاڵەتەی تێدایە کە زۆرێك لە ئافرەتان تێی دەکەون، ولەو حاڵەدا یەك دەگرنەوە، کە ئەویش لەبیر چوونەوەیە، بۆیە هیچ پێویست ناکات کە فەرموودەکەی پێغەمبەر لەم مانایە زیاتری بۆ بکەین وزیاد لەمە لێکدانەوەی تری بۆ بکەین.

---

(١) ئاماژەیە بەو فەرموودەیەی حەزرەت کە دەفەرموێت: سيدات نساء أهل الجنة أربع: مريم بنت عمران وفاطمة بنت رسول الله صلى الله عليه وسلم وخديجة بنت خويلد وآسية. الحاكم في المستدرك/ كتاب معرفة الصحابة/ ومنهم خديجة بنت خويلد/ ٤٨٥٣، والطبراني في المعجم الكبير/ باب العين/ أحاديث عبد الله بن عباس/ ١٢١٧٩.

دەروازەی دووەم

ئافرەتی موسوڵمان
لە بەرهەم و نوسراوە فیقهیەکاندا

که دەسپێکێك وهەشت بەش لە خۆ دەگرێت:

- بەشی یەکەم : میراتی ئافرەت لە نێوان ڕاستیەکان ودرۆ هەڵواسراوەکاندا.
- بەشی دووەم : شایەتی دانی ئافرەتی موسوڵمان، وپەرچ دانەوەی گومانێك لە بارەیەوە.
- بەشی سێیەم : فرەژنی وحەقیقەتەکەی.
- بەشی چوارەم : مافی ئافرەت لە هەڵبژاردنی مێردی خۆیدا.
- بەشی پێنجەم : پێشنوێژی کردنی ئافرەت.
- بەشی شەشەم : خەتەنە کردنی مێیینەکان.
- بەشی حەوتەم : مافە سیاسیەکانی ئافرەت.
- بەشی هەشتەم: لێدانی ئافرەت لە ئیسلامدا.

دەسپێك

ئەو مەسئەلانەی کە لە فیقهی ئیسلامیدا گرنگیان داوە بە ئافرەت و بڕیارەکانی گەلێك زۆرن، جا ئەگەر بمانەوێت هەمووی باس بکەین، ئەوا لێرەدا جێگەی نابێتەوە، بۆیە ئێمە زیاتر لەسەر کۆمەڵێك مەسەلەی تەواو گرنگ هەڵوێستە دەکەین، کە بە نموونەی پلە وپایە وپێگەی ئافرەت دادەنرێن لە سامان وبەرهەمەکانی فیقهی ئیسلامیدا، لەمەولا باسی ئەو مەسەلە گرنگانە دەکەین، کە بریتین لە:

بەشی یەکەم : میراتی ئافرەت لە نێوان ڕاستیەکان ودرۆ هەڵبەستراوەکاندا.

بەشی دووەم : شایەتی دانی ئافرەتی موسوڵمان وپەرچ دانەوەی گومانێك لە بارەیەوە.

بەشی سێیەم : فرەژنی وحەقیقەتەکەی.

بەشی چوارەم : مافی ئافرەت لە هەڵبژاردنی مێردی خۆیدا.

بەشی پێنجەم : پێشنوێژی کردنی ئافرەت.

بەشی شەشەم : خەتەنە کردنی مێیینەکان.

بەشی حەوتەم : مافە سیاسیەکانی ئافرەت.

بەشی هەشتەم : لێدانی ئافرەت لە ئیسلامدا.

بەشی یەکەم

میراتی ئافرەت لە نێوان ڕاستیەکان و درۆ هەڵبەستراوەکاندا

سەرەتا پێویستە بزانین میرات چییە؟ بزانین کە هەم لە زمانەوانی و هەم لە شەرعیشدا بە چی مانایەك هاتووە؟

وشەی (إرث) لە زمانەوانیدا بە چەند مانایەك هاتووە: بە مانای ئەصڵ، بە مانای شتێك هاتووە کە لە پێشینەکان دەمێنێتەوە بۆ پاشینەکان، بە مانای پاشماوەی هەموو شتێك، بە مانای گواستنەوەی شتێك لە کەسێك یان کۆمەڵێك بۆ کەس وکۆمەڵێکی تر، بە مانای ئەو ماڵ ومافانەی کە لە پاش کەسێك بەجێ دەمێنێت کە ئەمەیان زیاتر لە مانای (**ترکة**)[1] نزیك ترە.

بەلام وەك زاراوەیەکی فیقهی ئیسلامی، لای زانایانی شەرع: شافیعیەکان و(**قاضي افضل الدين الخونجي**) لە حەنبەلیەکان، بریتیە لە: مافێك کە گونجاوە بۆ دابەش کردن، ولە پاش مردنی خاوەنەکەی دەبێتە ماڵ وموڵکی کەسێکی تر بە پێی شەرع، بە هۆی بوونی خزمایەتی یان هۆیەکی ترەوە لە نێوان ئەم ومردوەکەدا.

جا یەکێك لەو شتە گرنگانەی کە پێویستە هەموو موسوڵمانێکی هۆشیار هەمیشە ئاگای لێی بێت، ئەوەیە کە بواری ئیجتیهاد کردن لە زانستی میراتدا، بە تایبەتی، زۆر تەسکە. ئەو بڕیارانەش کە سەبارەت بەم زانستە هاتوون بە زۆری جێبەجی کردنی دەقە قورئا نییەکانن. کەواتە خوای گەورە بە

---

(١) (**ترکة**) بریتیە لەو ماڵ وسەروەت وسامانەی کە لە مردوویەك بەجێ دەمێنێت بۆ میراتبەرەکانی. (وەرگێڕ)

حیكمەتی خۆی بەشی هەر میرات بەرێكی دیاری كردووە. بۆیە كاتێك كە زانایان بەوردی سەیری ڕاستیەكانی ئەم زانستە وبەشی هەر میرات بەرێكیان كرد، ئەوكاتە زیاتر دڵیان متمانە وئارامی بۆ هات، ودڵنیا بوون لە كاربەجێیی خوای گەورە، كە ئەم شەریعەتە بەرز وپیرۆزەی ناردوە، وئەو كاتە بە تەواوی یەقینەوە وتیان: خوای گەورە ڕاستی فەرمووە، كە دەفەرموێت: ﴿مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ﴾ الأنعام/٣٨. ((واتە: هیچ شتێكمان بەجێ نەهێشتووە، وهەموویمان تۆمار كردووە)).

ئەوجا وەك ڕەخنەگرتن، زۆر جار كەسانێك ئەم وتەیە دەستەواژەیە دەكەنەوە: ((ئاینی ئیسلام ستەمی لە ئافرەت كردووە، چونكە لە بەشە میرات دا نیوەی بەشی پیاوی پێداوە))

ئێمەش وەكو موسوڵمان بڕوای تەواو وجێگیرمان بەوە هەیە كە خوای گەورە كۆمەڵێك سیفەتی بەرزی هەیە، ئەوەمان تێدەگەیەنێت كە هەرگیز نابێت هیچ جۆرە گومانێكی لەم جۆرە بەم بەرنامە پیرۆزە خواییە ببرێت، یەكێك لەو سیفەتانە ئەوەیە كە خوای گەورە زۆر دادوەرە لە بڕیارداندا و، ئەو بەرنامانەی كە بۆ ئێمەی ئادەمیزادی ناردووە هیچ جۆرە ستەمێكی بەرامبەر هیچ كەسێك، وبەڵكو بەرامبەر هیچ بوونەوەرێكیشی تێدا نییە، ئەم ڕاستیەش لە چەند ئایەتدا دووپات كراوەتەوە، وەك:

﴿وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾ الكهف/٤٩. ﴿وَلَا يُظْلَمُونَ فَتِيلًا﴾ النساء/٤٩. ﴿وَأَنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ﴾ الحج/١٠. ﴿وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ﴾ العنكبوت/٤٠. ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ﴾ النساء/٤٠. ﴿وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا﴾ النساء/١٢٤. ﴿فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ﴾ التوبة/٧٠.

ئەو جیاوازیانەش كە لە بەشی میرات بەرەكاندا هەیە، لە میرات بەرێكەوە بۆ میرات بەرێكی تر، ولە حاڵەتێكەوە بۆ حاڵەتێكی تر، پەیوەندی بە جۆری

میرات بەرەکەوە نییە، کە ئایا مێیینەیە یان نێرینە، بەڵکو سەرچاوەی جیاوازیەکە لەم سێ پێوەرەدا خۆی دەبینێتەوە:

١. **پلەی خزمایەتی نێوان میرات بەر ومردووەکە،** ئیتر میرات بەرەکە نێرینە بێت یان مێیینە، بە جۆرێك کە چەندە پەیوەندی خزمایەتیەکە نزیك تر بێت، ئەوەندە بەشی ئەو میرات بەرە لە میراتەکە زیاد دەبێت، بە پێچەوانەشەوە، چەندە پەیوەندیەکە دوورتر بێت، ئەوەندە بەشە میراتەکەش کەم دەبێت، ئیتر بێ گوێدانە ڕەگەزی میرات بەرەکە، کە نێرینەیە یان مێیینە. وەك دەبینیت: کچێك (لەگەڵ ئەوەشدا کە مێیینەیە) نیوەی میراتەکەی دایکی دەبات، کەچی باوکی ئەو کچە (کە نێرینەیە) کە دەکاتە مێردی ژنە مردوەکە، چواریەکی میراتەکە دەبات. هۆی ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ پلەی خزمایەتی نێوان کچ ودایکەکەی، کە نزیك ترە لە پلەی خزمایەتی نێوان مێرد وژنەکە، بۆیە بەشە میراتی کچەکە لە بەشە میراتی مێردەکە زیاترە.

٢. **جێگە وپێگەی میرات بەرەکە،** کە بێ گومان هەر نەوە ووەچەیەك کە سەرەتای بەرەو ژیان چوونی بێت، وزیاتر ئامادەبێت کە ڕووبەڕووی نارەحەتیەکانی ژیان ببێتەوە، ئەو کەسە دەبێت بەشە میراتی لەو نەوە ومیرات بەرانەی تر زیاتربێت کە پشتیان کردووەتە ژیان، وتەمەنیان بەرەو کۆتایی دەچێت، وقورساییەکانی ژیانیان لەسەر سووك دەبێت، بەڵکو نەك هەر سوك دەبێت، بگرە نارەحەتیەکانیان دەکەوێتە سەر شانی کەسانێکی تر، ئەم پێوەرەش هیچ ڕەچاوێکی ڕەگەزی میرات بەرەکانی تێدا نییە. بۆ نمونە: بەشە میراتی کچی مردوویەك زیاترە لە بەشە میراتی دایکی ئەو مردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردووکیان مێیینەن. هەروەها کچی ئەو مردووە لە باوکی مردوەکە میرات زیاتر دەبات، کاتێك

کە کچەکە برایەکی خۆی لەگەڵدا بێت.[١]

٣. **ئەرك وقورسایی ماڵی ودارایی**، ئەمەیان تەنها پێوەرە کە جیاوازی نێوان بەشە میراتی نێرینە ومێیینەی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام جیاوازیەکە هەرگیز بەو جۆرە نییە کە هیچ جۆرە ستەمێکی بۆ مێیینە تێدا بێت، یان ببێت بە هۆی خواردن وپێشێل کردنی مافەکانی، بەڵکو پێی دەچێت کە پێچەوانەکەی ڕاستتر بێت (ئەگەر بە وردی تێی بڕوانین).

کەواتە ئەگەر دوو میرات بەر لە هەردوو پێوەرەکەی پێشوودا (پلەی خزمایەتی، وپێگەی میرات بەر) وەکو یەك بوون، وەك: منداڵی مردوەکە، نێرینە ومێیینە پێکەوە، ئەوکاتە دەبێت ئەم پێوەرەی سێ یەم ڕەچاو بکرێت بۆ جیاوازی بەشە میراتی نێرینە ومێیینە لە یەکتر. هەر بۆیە قورئانی پیرۆزیش ئەو جیاوازییەی گشتگیر نەکردووە بۆ هەموو میرات بەران[٢]، بەڵکو تایبەتی کردووە بە چەند حاڵەتێکەوە.

---

(١) چونکە باوکی مردوەکە شەش یەك دەبات کاتێك کە مردوەکە کوڕی هەبێت، ئەوجا ئەو پێنج بەشەش کە دەمێنێتەوە کوڕ وکچەکە دەیبەن بەپێی ڕێسای: ((لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ)). (وەرگێڕ)

(٢) بە جۆرێك کە ئایەتی: ((لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ)) وەك ڕێسایەکی گشتی دابنرێت کە هەموو کات لە کاتی کۆبوونەوەی نێرینە ومێیینەدا جێبەجێی بکرێت، وەکو چۆن ڕەخنەگران لێکی دەدەنەوە، بەڵکو ئەم ڕێسایە تەنها بۆ حاڵەتێکی تایبەتە کە خوای گەورە لە سەرەتای ئایەتەکەوە باسی لێوە دەکات وەك دەفەرموێت: ((يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِىٓ أَوْلَٰدِكُمْ)) النساء/١١. واتە حاڵەتی کۆبوونەوەی منداڵ بەیەکەوە، کاتێك کە نێرینە ومێیینەی منداڵەکان بەیەکەوە کۆبوونەوە، ئەوا نێرینەکان مێیینەکان دەکەن بە عەصەبە، ئەوجا یان هەموو میراتەکە دەبەن پێکەوە، یان پاشماوەی خاوەن بەشە دیاریکراوەکان دەبەن پێکەوە، بەجۆرێك کە هەر نێرینەیەك دوو بەرامبەری مێیینەیەك میرات دەبات، هەروەها ئەم ڕێسایە جێبەجێ دەکرێت کاتێك کە برا وخوشکی باوك ودایکی، یان تەنها باوکیش بەیەکەوە کۆببنەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ((وَإِن كَانُوٓا۟ إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَآءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ)) النساء/ ١٧٦. (وەرگێڕ)

کەواتە حیکمەت لەم جیاوازییەدا بە تایبەتی لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە نێرینە پێویستە لەسەری وئەرکی سەرشانی خۆیەتی کە بژێوی ژیانی خێزان ومنداڵەکانیش دەستەبەر وپەیدا بکات، لە کاتێکدا کە مێیینە ژیان وبژێوی خۆی ومنداڵەکانیشی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو نێرینەیەی کە لەگەڵیدا دەژی.

بەمەش ئەگەر چی ئەم مێیینە لەم حاڵەتەدا بە ڕواڵەت وەها دەردەکەوێت کە بەشە میراتەکەی کەم ترە لە بەشە میراتی نێرینەکە، بەڵام ئەگەر بە وردی بۆی بڕوانین دەبینین: کە ئەو بەشە میراتەی کە بۆ ئەم مێیینەیە دانراوە زۆر زیاتر وباشترە، چونکە ئەو بەشە میراتە بە مافێکی سەربەخۆ دادەنرێت بۆی، ودەتوانێت پاشەکەوتی بکات، بۆ جێگە کرتنەوەی ئەو بێ هێزی وکەم توانایەی کە هەیەتی، وژیانی خۆیی پێ ئاسوودە ومسۆگەر بکات لەو مەترسی وگۆڕانکاریانەی کە دێنە ڕێگەی، کە ئەمەش یەکێکە لە حیکمەتەکانی خودا، کە شاراوە وهەست پێ نەکراوە لە لایەن زۆرێك لە خەڵکانەوە.

ئەوجا لە ئەرکە ماڵی ودارایەکانی نێرینە ئەمانەیان باس دەکەین:

١. نێرینە هەر لەسەرەتای پێکهێنانی خێزان ودەست پێکردنی ژیانی هاوسەری پێویستە لەسەری کە مارەیی بدات بە هاوسەرەکەی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَءَاتُواْ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحۡلَةً ﴾ النساء/٤. ئەم مارەییەش بریتیە لە ئەرکێکی ماڵی ودارایی کە ژنخواز دەیدات بە ئافرەتەکە لە سەرەتای پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریدا، جا ئەم مارەییەش تەنها دەکەوێتە ئەستۆی نێرینە، وئەم بۆی نییە کە داوای مارەیی بکات لەو ئافرەتەی کە داخوازی کردووە.

٢. پیاو لەپاش ژن مارەبڕین، ئەرکی خەرجی کێشانی ئەو ژنەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەگەرچی ژنەکە لە پیاوەکەش دەوڵەمەند تربێت وماڵ وموڵکی زیاتر بێت. کەواتە پیاو بۆی نییە داوای ئەوە بکات کە باوەکو ژنەکەی خەرجی لەسەر خۆی بێت، چی جای ئەوەی داوای ئەوە بکات کە ژنەکە

خەرجی ئەم بکێشێت، چونکە ئاینی ئیسلام ئەم تایبەتمەندیەی داوە بە ئافرەت و نەیداوە بە پیاو، ماڵ ومولکی ئەو ئافرەتە دەپارێزێت، و پێویستی نەکردووە لەسەری کە خەرجی لێ بکات بۆ کەس.

٢. پیاو وەك چۆن ئەرکی خەرجی کێشانی خێزانەکەی لە ئەستۆدایە، هەروا ئەرکی بەخێوکردن وخەرجی کێشانی خزمەکانی خۆشی زۆر جار دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە هەر ئەو هەڵدەسێت بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە خێزانی وکۆمەڵایەتیانەی کە بەر لە ئەم کەسێکی تر پێیان هەڵدەسا، بەو پێیەی کە ئەمیش یان بەشێکە لە ئەو، یان درێژبوونەوەی ئەوە، یان عەصەبەیەتی.

ئەم هۆیانە وچەند هۆیەکی تریش وەهامان لێ دەکەن کە ئێمە بە شێوەیەکی بابەتیانە بڕوانینە ماڵ وسامان. ئەویش ئەوەیە کە ماڵ ومولك وسامان ماناکەیان زۆر لە مانای دەسهات فراوان ترە، چونکە دەسهات بەو ماڵە دەوترێت کە زیاد دەبێتە سەر سامانی کەسێك، نەوەك خودی سامانەکە، بەڵام سامانەکە هەموو ئەو ماڵ ومولکانە دەگرێتەوە کە هەم دێنە دەستی کەسێك وهەم لە دەستیشیدا دەمێننەوە. ((ڕاستە، لەو حاڵەتەی کە باسمان کرد مێیینە نیوەی نێرینە میرات دەبات، بەڵام بزانین ئایا ئەو بەشە زۆرەی کە بە نێرینەکە دراوە بەرەو کوێ دەچێت؟ وچی بەسەردێت؟ بە هەمان شێوە بەشە کەمەکەی مێیینەکەش چی بەسەردێت؟)).

بەو شێوەیەی کە باسمان کرد، ئاینی ئیسلام لەو دەسهاتە نیوەی بەشی نێرینەیەکی داوە بە مێیینەیەك، بەڵام ئەو مافەی داوە بە مێیینە کە بەشە میراتی خۆی پاشەکەوت بکات، وهیچی لێ خەرج نەکات، تەنها زەکات دەرکردن نەبێت ((کە ئەویش پەیوەندی بە ماڵەوە هەیە نەك بە خاوەنەکەی))، بەڵام نێرینە کە خوای گەورە دەسهاتە زۆرەکەی پێداوە، لە هەمان کاتدا ئەرکی خەرجی خێزان ومنداڵەکانی، ودایك وباوکی کە تەمەنیان چوەتە سەرەوە، خەرجی خزم وکەس وکار، وخزمەتکار، وهەموو ئەو پێداویستیە نوێیانەی

ئەمڕۆ، وەك: كرێ خانوو، وپارەی كارەبا، وئاو، وتەلەفوون، وپێویستیەكانی تریشی خستوەتە سەر. ئەمەش بڕوای تەواومان بۆ دروست دەكات كە ((ئەگەر ئاوا دوور بڕوانین دەزانین كە)) خوای گەورە فەزڵی مێیینەكەی داوە بەسەر نێرینەكەدا، چونكە هەم ماڵەكەی بۆ دەپارێزێت، وهەم هیچ جۆرە خەرجیەكیشی لێ داوا نەكردووە.[1]

---

(١) هەروەها مێیینە لە هەر جێگەیەكدا بژی ئەوا نێرینەیەك دەبێت كە خەرجی بكێشێت، وخزمەتی بكات، ولێی بەرپرسیار بێت. وەك دەبینین، تاوەكو لە ماڵی باوكیدایە، باوكی خزمەتی دەكات. جا ئەگەر باوكی نەمابێت، ئەوا براكەی یان مامی یان كوڕەمامی بەم ئەركە هەڵدەسێت، وە ئەگەر شووی كرد، ئەوا مێردەكەی لێی بەرپرسیارە كە مارەیی بداتێ، وخەرجی بۆ بكات، وخانووی بۆ دابین بكات، وهەموو پێویستیەكانی ژیانی بۆ فەراهەم بكات، باوەكو ژنەكەش خۆی دەوڵەمەند تر بێت! بەمەش ئەو مێیینە لەلایەك میراتی وەرگرتوە وخەرجی ناكات، وە لەلایەكی تریشەوە مارەییان پێداوە، كە بێجگە لەوەی كە دەتوانێت پاشەكەوتی بكات، دەشتوانێت بیخاتە پرۆژەیەك كە قازانج وسوودی زیاتری لێ بكەوێتەوە.
كەواتە دەكرێت بڵێین: لەوەدا كە ئیسلام ئەو نیوەیەی بۆ مێیینە داناوە جۆرە فەزڵێكی تێدایە بەسەر نێرینەدا، بەڵام لە هەمان كاتدا دەبێت ئەوەش بزانین كە ئەم مێیینەیە پێویستی بەم بەشە میراتە هەیە، بەهۆی ئەوەی كە بە شێوەیەكی گشتی لە نێرینە بێ هێز ترە، هەروەها ماندووبوون وئەركی سك پڕی ودایكایەتی وپەروەردەكردنی منداڵ وچەند ئەركێكی تر وەها دەكەن كە ئەم مێیینە توانای كاركردن ودەست خستنی پارەی نەبێت، بەو جۆرەی كە نێرینە توانای هەیە، هەروەها دەكرێت بڵێین: لەوەشدا كە ئەركێكی زۆر كەوتوەتە سەر شانی نێرینە، هیچ جۆرە ستەمێكی تێدا نییە دەرهەق بەو نێرینەیە، وە ناشڵێین كە ئیسلام فەزڵی مێیینەی داوە بەسەر نێرینەدا.
وە ئەو بەشە میراتەش كە دانراوە بۆ مێیینە، ئیسلام ڕەچاوی ئەوەی كردووە كە ئەگەر مێیینەیەك، باوكی نەمابوو، وە برا ومام وكوڕە مامیشی نەبوو، وە شووشی نەكردبوو، كە ئەم حاڵەتەش زۆر كەمە، لەم كاتەدا كە كەسێك نییە خەرجی بكێشێت، ئەم ماڵەی دەدرێتێ وەك ماڵێكی پاشەكەوت، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو جۆرە حاڵەتانە.
پێم باشە كە نمونەیەك بێنینەوە تاوەكو زیاتر مەسەلەكەمان لەلا ڕوون ببێتەوە:
پیاوێك مردوە: شەش هەزار (٦٠٠٠) دۆنمی لەپاش بەجێ ماوە، وتەنها كوڕێك، وكچێكیشی هەیە.
لەم مەسەلەیەدا كوڕەكە چوار هەزار (٤٠٠٠) دۆنمی پێدەدرێت، وكچەكەش دوو هەزار (٢٠٠٠)، جا وەك وتمان: خراپترین حاڵەتی كچەكە ئەوەیە كە تەنها خەرجی =

هەر بۆیە کاتێك کە مەسەلەی بژێوی وناڕەحەتیەکانی ژیان لە ئارادا نەبێت، وەك باسی میراتی برا وخوشکە دایکیەکان، ئەوا دەبینین کە خوای کاربەجێ جیاوازی نەکردووە لە نێوان بەشە میراتی نێرینە ومێیینەدا، وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ ۚ فَإِن كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَآءُ فِى ٱلثُّلُثِ ۚ﴾ النساء/ ١٢. ((واتە: ئەگەر پیاوێك یان ژنێك مرد و(کەلالە) بوو، واتە: نە باوکی هەبوو نە منداڵ، بەڵام برایەك یان خوشکێکی تەنها دایکی هەبوو، ئەوە هەر یەکێك لەوانە شەش یەکی میراتەکە دەبات، بەڵام ئەگەر زیاتر بوون ـ دوو برا یان دوو خوشك ـ ئەوا بە هەموویانەوە سێ یەکی میراتەکە دەبەن، بەبێ جیاوازی لە نێوان نێرینە ومێیینەدا)).

کەواتە لێرەدا جیاوازی لە نێوان نێرینە ومێیینەدا نییە، چونکە سەرچاوەی میرات بردنەکەیان بریتیە لە خزمایەتی سك (الرحم)، وکەسیشیان لە خزمەکانی پشت (عصبة) نین، تاوەکو بڵێین نێرینەکە درێژەپێدەری ئەو خزمایەتی پشتەیە، ومێیینەکە درێژەپێدەری نییە. کەوابوو هیچ بەرپرسیارێتیەك وقورساییەك ناکەوێتە سەر نێرینەکە ((هەر بۆیە دەبێت جیاوازی نەکرێت لە نێوانیاندا)).

= خۆی بکێشێت و بەس، کە لەم کاتەدا دوو هەزارەکە پارەیەکی باشە بۆ ئەم مەبەستە، وە لە کاتێکدا کە شوو دەکات، ئەو کاتە خەرجیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی مێردەکەی، ودەتوانێت کە هەموو دوو هەزارەکە بۆ خۆی پاشەکەوت بکات، بەڵام کوڕەکە کە چوار هەزاری بردوە، دەبێت ژن بهێنێت، ومارەییشی بدات، وخەرجیشی بکێشێت، کەواتە ئەو چوار هەزارە تەنها بۆ کوڕەکە نەبوو، بەڵکو بۆ دوو کەس بوو، کە خۆی وژنەکەیەتی.
جا ئێستا ئەگەر بپرسین: ئایا کامیان زۆرتریان بردوە؟ بێ گومان کەسی ژیر دەڵێت: مێیینەکە، چونکە بەشە میراتەکەی تەنها بۆ خۆیەتی وبەس، وبەرپرس نییە لە بژێوی هیچ کەسێکی تر. (وەرگێڕ)

ئـەوجا بـە گـەڕان وپشـکنین وبەدواداچـوونی حاڵـەت ومەسـەلەکانی میراتدا چەند ڕاستیەك بۆ هەندێك لـە زانایـان وتوێـژەرەوەکان دەرکـەوتوە کـە کەسانێکی زۆر سەرسام دەکەن، ئەوەی کە بۆیان دەرکەوتوە بریتیە لەمـەی کـە دێت:

یەکـەم : تـەنها چـوار حاڵـەت هەیـە کـە مێیینـە نیـوەی نێرینـە مـیرات دەبات.

دووەم : چەند بەرامبەری ئەو حاڵەتانە مێیینە بـە هاووێنـەی نێرینـە میرات دەبات.

سێیەم : چەند حاڵەتێکی زۆر هەن کە مێیینە لـە نێرینـە زیـاتر مـیرات دەبات.

چوارەم : هەندێك حاڵەت هەن کە مێیینە میرات دەبات، بـەڵام نێرینـەی هاووێنەی میرات نابات.

جا بە درێژی حاڵەتەکان بەم شێوەیەن:

ئەو حاڵەتانەی کە مێیینە نیوەی نێرینە میرات دەبات

١. کچ لەگەڵ برای خۆیدا (واتە: لەگەڵ کوڕدا کۆ ببێتەوە). کچی کوڕ لەگـەڵ کوڕی کوڕدا کۆببێتـەوە.(١)

٢. دایك لە گەڵ باوك دا لە مەسئەلەیەکدا کـە نـە منداڵی تێدابێت، ونـە ژن

---

(١) خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوْلَٰدِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ﴾، وە منداڵی کوڕیش هەر هەمان حوکمی منداڵی هەیە بە یەکدەنگی زانایان. (وەرگێڕ)

یان مێرد.[1]

---

(١) ئەم خاڵەیان پێویستی هەم بە ڕاست کردنەوە، وهەم بە ڕوون کردنـەوەش هەیـە، بۆیـە دەڵێین:

دایك کاتێك نیوەی میراتی باوك دەبات کە:

❖ خۆیان بـە تـەنها بـن. (واتـە: مردوەکـە تـەنها ئـەوانی لـەپاش بـەجێ مابێـت، یـان کەسانێکی تری لە پاش بەجێ مابێت، بەڵام بەهۆی باوکەکەوە لە میرات بێ بـەش بـبن، کە ئەمەشیان هەر وەکو ئەوە وەهایە کە خۆیان بە تـەنها بـن). لـەم حاڵەتـەدا دایکەکـە سێ یەك دەبات، وباوکەکەش ئەو دووسێ یەکەکە دەبات بە عەصەبەگەرایەتی.

❖ کۆ ببنـەوە لەگـەڵ مێـرد یـان ژن. ئـیتر کەسـی تریـان لەگەڵدا نـەبێت، کـە ئـەم مەسـئەلەیە زانایـان ناویـان لێ نـاوە: دوو مەسـەلە پرشـنگدارەکە (الغـراوین)، یـان دوو مەسەلەکەی عومەر (العمريتين).

جا زانایـان کۆدەنگن لـەوەدا کـە هـەر کاتێـك دایـك لەگـەڵ بـاوك، وژن یـان مێـرد دا کـۆ ببێتەوە، ئەوا: سێ یەکی پاشماوەی بەشی ژنەکە یـان مێردەکـە دەبات (ثلث الباقي)، نـەك سێ یەکی هەموو میراتەکە.

دوو مەسەلەکەش ئەمانەن:

١) ئەگـەر ژنێـك بمرێـت: دایـك، بـاوك، مێـردی لـەپاش بـەجێ بمێنێـت، ئـەوا مەسەلەکەیان لە دووە (٢). نیوەی کە بریتیە لە یەك (١) مێردەکەی دەیبات، ویەکیشی دەمێنێتەوە، دایکەکەش سێ یەکی ئەم یەکە دەبات، بەڵام لەبەر ئەوە کە ژمارە یـەك(١) بەشی دروست وساغی نییـە، بۆیـە دەبێت ئەصڵی مەسـەلەکە لێکدانی سێ (٣) بکـەین تاوەکو ساغ ببێتەوە، بەمەش ئەصڵی مەسەلەکە دەبێت بـە: شـەش (٦)، جا ئێستا ئـەم شەشە، نیوەی بۆ مێردەکە کە دەکاتە: سێ (٣)، وە سێ یـەکی ئەوەشـی کـە دەمێنێتـەوە بۆ دایکەکە، کە دەکاتە: یەك (١)، بەمەش دوو بەش دەمێنێتەوە بۆ باوکەکە.

(٢)

ئەصڵی مەسەلە		٣ ⟵ ٢ ×	٦	٦
مێرد	نیوە	١	٣	٣
پاش ماوە		١	٣	٠
دایك		(؟)	سێ یەکی پاشماوە	١
باوك		(؟)	عەصەبە	٢

ئەگەر پیاوێك بمرێت: دایك، باوك، ژنێکی لەپاش بەجێ بمێنێت، ئەوا مەسـەلەکەیان لـە چوارە (٤)، چوار یـەکی کـە دەکاتـە: یـەك (١) ژنەکـە دەیبـات، دوانـی (٢) بـۆ باوکەکەیـە، ویەکێکی (١) بۆ دایکەکەیە.

٣. خوشکی دایک وباوکی لەگەڵ برای دایک وباوکیدا.

٤. خوشکی تەنها باوکی لەگەڵ برای تەنها باوکیدا.[١]

- ....

ئەصڵی مەسەلە		٤	٤
یەك ژن	چواریەك	١	١
پاش ماوە		٣	٠
دایك		سێ یەکی پاشماوە	١
باوك		عەصەبە	٢

لەم دوو مەسەلەدا بۆیە دایك سێ یەك نابات – لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبوو سێ یەکی بکەوێت – چونکە ڕێسایەکی گشتی پڕ لە حیکمەت لە (فرائض) دا هەیە کە دەڵێت: هەموو مێیینەیەك نیوەی ئەو نێرینەیە میرات دەبات کە لە هەمان پلەی خۆیدایەتی. جا ئەگەر دایکەکە سێ یەك ببات، وباوکەکەش سێ یەکی بردبێت، ئەوا بەشەکانیان یەکسان دەبن، وئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕێسایەی سەرەوەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیبنو عەباس خۆی بە تەنها فەتوای داوە وفەرموویەتی: سێ یەکی دەکەوێت، نەك سێ یەکی پاشماوە (وەرگێڕ)

(١) خوای گەورە سەبارەت بە هەردوو حاڵەتی سێیەم وچوارەم دەفەرموێت: ﴿وَإِن كَانُوٓاْ إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَآءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ﴾ النساء/ ١٧٦.

حاڵەتێکی تر هەیە کە هەندێك لە زانایان ئاماژەیان پێداوە، کە تێیدا نێرینە دوو بەرامبەری مێیینە میرات دەبات، ئەویش حاڵەتی مێرد وژن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَٰجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ وَلَهُنَّ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ ٱلثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم مِّنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ﴾ النساء/ ١٢. بەڵام ئەم حاڵەتە بەر ئەم باسەی ئێمە ناکەوێت، چوونکە ئێمە لێرەدا باسی کۆبوونەوەی نێرینە ومێیینە دەکەین. بەڵام لێرەدا نێرینە ومێیینەکە بەیەکەوە کۆ نابنەوە، چونکە ئەگەر ژنەکە بمرێت ئەوا مێردەکەی ماوە، وە ئەگەر مێردەکەش بمرێت ئەوا ژنەکەی ماوە، وهەرگیز ناگونجێت کە بە سیفەتی ژن ومێردایەتی بەیەکەوە کۆ ببنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو زانایانە پێیان وایە کە هۆی ئەو جیاوازیە لە میراتی ژن ومێردا لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمانە نێرینە ومێیینەن ولە یەك پلەشدان، بۆیە دەبێت نێرینەکە دوو بەرامبەری مێیینەکە میرات ببات. (وەرگێڕ)

ئەو حاڵەتانەی کە مێینە ونێرینە یەکسانن لە میرات بردندا

١. دایك وباوك، کاتێك کە کوڕی کوڕیان لەگەڵدا بێت.[١]
٢. برا وخوشکی تەنها دایکی.[٢]
٣. چەند خوشکێك کە لەگەڵ چەند برا وخوشکێکی دایکیدا کۆببنەوە.[٣]
٤. کچ کاتێك کە لەگەڵ مامی خۆیدا، یان لەگەڵ نزیك ترین عەصەبەکانی باوکیدا کۆ ببێتەوە. وکەسێکیش نەبێت کە مامەکە بێ بەش بکات.[٤]
٥. دایکی دایك لەگەڵ باوك، وکوڕی کوڕدا.[٥]

---

(١) هەروەها ئەگەر کوڕیشیان لەگەڵدا بێت، لەم کاتەدا هەریەکە لە دایك وباوکەکە شەش یەك دەبەن، وپاشماوەکەش بۆ کوڕ یان کوڕی کوڕەکە دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿....وَلِأَبَوَيۡهِ لِكُلِّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُۥ وَلَدٞ﴾ النساء/١١. (وەرگێڕ)

(٢) ئەگەر کەسێك نەبێت لە میرات بێبەشیان بکات، هەریەکەیان شەش یەکی میراتەکە دەبەن، بە مەرجێك کە بە تەنها بن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿.....وَإِن كَانَ رَجُلٞ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمۡرَأَةٞ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوۡ أُخۡتٞ فَلِكُلِّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا ٱلسُّدُسُۚ﴾ النساء/١٢. هەروەها ئەگەر ژمارەشیان دوو بێت یان زیاتر، وهەر تەنها خوشکەکان بن، یان تەنها براکان، یان پێکەوەبن، ئەوا سێ یەکی میراتەکە دەبەن، بەبێ جیاوازی نێوان نێرینە ومێینە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿... فَإِن كَانُوٓاْ أَكۡثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمۡ شُرَكَآءُ فِي ٱلثُّلُثِۚ﴾ النساء/١٢. (وەرگێڕ)

(٣) پێم وایە ئەم حاڵەتە هەر دووبارە بوونەوەی بەشی دووەمی خاڵی دووەمە، کە باسمان کرد، ئەگینا ئەو دەقەی کە لە ئەصڵەکەدا هاتووە هەڵەیە، کە دەڵێت: (أخوات مع الإخوة والأخوات لأم). (وەرگێڕ)

(٤) چونکە لەم کاتەدا کچەکە نیوە دەبات وەك خاوەن بەشی دیاریکراو، ومامەکەش (یان هەر عەصەبەیەکی تر، یەك بێت یان زیاتر) نیوەکەی تر دەبات بە عەصەبەگەرایەتی. (وەرگێڕ)

(٥) چونکە لەم کاتەدا دایکی دایك شەش یەك دەبات، وباوکەکەش شەش یەك دەبات، وپاشماوەکەش کوڕی کوڕەکە دەیبات بە عەصەبەگەرایەتی. (وەرگێڕ)

٦. مێرد ودایك ودوو خوشكی دایكی وبرایەكی دایك وباوكی، بە پێی قەزاوەتی ئیمامی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت)، كە لەم مەسەلەیەدا دوو خوشكە دایكیەكە وبرا دایك وباوكیەكە دەبن بە هاوبەش لە سێیەكدا.[1]

---

(١) جا ئەم مەسەلەیە بە (مشرّكة) ناسراوە، كە مەسەلەكەش ئەمەیە:
ژنێك بمرێت: مێرد، ودایك یان داپیرە، ودوو یان زیاتر براو خوشكی دایكی، وبرایەكی دایك وباوكی یان زیاتری لەپاش بەجێ بمێنێت، جا ئیتر ئەو برا دایك وباوكیە خوشكی دایك وباوكی لەگەڵدا بێت یان نا.
ئێستا: مێردەكە نیوە دەبات، ودایكەكە شەش یەك دەبات، وبرا وخوشكە دایكیەكان سێ یەك دەبەن، وبرا دایك وباوكیەكانیش عەصەبەن، بەمەش ئەصڵی مەسەلەكە لە شەشە (٦)، سێ (٣) بۆ مێردەكە، یەك (١) بۆ دایكەكە، دوو (٢) بۆ برا وخوشكە دایكیەكان، بەمەش هیچ نەمایەوە بۆ برا دایك وباوكیەكان.
بەڵام لێرەدا برا دایك وباوكیەكە دێتە پێشەوە، ودەڵێت: خۆ من بەڵێ لەگەڵ برا وخوشكە دایكیەكاندا ڕاستە كە باوكمان جیاوازە، بەڵام خۆ دایكمان یەك دایكە، ئیتر بۆچی ئەوان بەش ببەن، ومن هیچ نەبەم؟!
بۆیە كاتێك كە ئەم مەسەلەیە برایە خزمەتی حەزرەتی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت)، ویستی برا دایك وباوكیەكان بێ بەش بكات، ئیتر ئەوانیش وتیان: وەها دابنێ كە باوكمان بەردێكە، وفڕێدراوەتە ناو ئەو ئاوەوە، یان وا دابنێ كە باوكمان كەرێك بووە!، خۆ دایكمان لەگەڵ برا، وخوشكە دایكیەكاندا یەك دایكە (ئیتر بۆچی ئەوان بەشیان هەیە، وئێمە هیچ)؟! جا حەزرەتی عومەر قسەكەیانی پێ جوان بوو، هەر لەبەر ئەوە بە خزمایەتی دایكیان ئەمانیشی بەشدار كرد لە بەشی برا وخوشكە دایكیەكان.
ئیتر بە گوێرەی بڕیارەكەی حەزرەتی عمر بوون بە هاوبەشی برا وخوشكە دایكیەكان لە سێ یەكەكەدا، وبەبێ جیاوازی لە نێوان نێر ومێ دا سێ یەكەكە دابەش دەكرێت بە سەریاندا بە پێی ژمارەی سەرەكانیان، بەمەش ژمارەی ئەو كەسانەی كە سێ یەكەكەیان دەكەوێت بوو بە سێ كەس، وسێ یەكەكەش كە دوو (٢) بوو دابەش ناكرێت بەسەر سێ دا، بۆیە بۆ ساغ كردنەوەی مەسەلەكە دەبێت ئەصڵی مەسەلەكە لێكدانی سێ (٣) بكەین، ئەو كاتە ئەصڵی مەسەلەكە دەبێت بە هەژدە (١٨)، ئەوجا لەم هەژدەیە، نۆ (٩) بۆ مێردەكە، وسێ (٣) بۆ دایكەكە، وشەش (٦) بۆ دوو برا، یان دوو خوشكە دایكیەكە، بە هاوبەشی لەگەڵ برا دایك وباوكیەكە، بەمەش هەر یەكەیان دوو (٢) بەشیان دەكەوێت، بە بێ جیاوازی لە نێوان نێر ومێ (چونكە ئەوەی كە دەیان كەوێت لەڕێگەی بەش بردنەوەیە، نەك لە ڕێگەی عەصەبەگەرایەتی). هەروەها ئەم مەسەلەیە پێشی دەوترێت: الحجرية، اليمية، الحمارية.

٧. نێرینەیەك یان مێیینەیەك بە تەنها میرات بەر بن، کەواتە ئەگەر کوڕ بوو بە تەنها ئەوا هەموو میراتەکە دەبات بە عەصەبەگەرایەتی، ئەگەر کچێك بوو بە تەنها، ئەوا نیوەی میراتەکە دەبات، وەك خاوەن بەشی دیاری کراو، نیوەکەی تریشی بۆ ڕەد دەکرێتەوە، هەروەها ئەگەر باوك بە تەنها بێت، ئەوا هەموو میراتەکە دەبات بە عەصەبەگەرایەتی، ئەگەر دایکیش بێت بە تەنها ئەوا سێ یەکی میراتەکە دەبات وەك خاوەن بەشی دیاری کراو، پاشماوەکەشی بۆ ڕەد دەکرێتەوە.

٨. خوشکی دایك وباوکی (یان تەنها باوکی)، ئەگەر کۆبویەوە لەگەڵ مێرد، لەم کاتەدا هەر وەك ئەوە وەهایە کە برایەکی دایك وباوکی لەگەڵ مێرددا

- ....

میرات بەرەکان	بەشەکانیان	ئەصڵی مەسەلە	سەهمەکان
دایك	شەش یەك	٦	١
مێرد	نیوە		٣
برا وخوشکی تەنها دایکی	سێ یەك		٢
برای باوك ودایکی	عەصەبە		

جا وەك لە نموونەکە دا دەردەکەوێت، لەم مەسەلەیە دا پێنج مەرج پێویستە:

✓ دەبێت مەسەلەکە میرات بەرێکی تێدا بێت، کە شەش یەك ببات، وەك دایك، وداپیرە.

✓ منداڵی دایکی، دەبێت لە یەك زیاتر بن، جیاوازی نییە لەوە دا کە نێرینە بێت، یان مێیینە، یان نێرینە ومێیینە بەیەکەوە، چونکە: ئەگەر یەك کوڕ، یان یەك کچ بێت، ئەوا: خاوەن بەشەکان هەموو میراتەکە نابەن، بەڵکو پاشماوەیان لێ دەمێنێتەوە بۆ برا دایك وباوکیەکان.

✓ دەبێت منداڵە دایك وباوکیەکان، نێرینەیان تێدا بێت، جا ئیتر مێیینەیان لەگەڵ دا بێت، یان نا، چونکە ئەگەر بە تەنها مێیینە بن، ئەوا: بەشی دیاری کراوی خۆیان هەیە، وبێ بەش نابن، بەڵکو بەشەکەی خۆیان دەبەن، وئەگەر ئەصڵی مەسەلەکەش پێویست بە زیاد کردن (عول) بکات، زیادی دەکەین.

✓ ئەو برا وخوشکانەی کە دەبنە هاوبەش دەبێت براو خوشکی دایك وباوکی بن.

✓ دەبێت مەسەلەکە مێردی تێدا بێت، واتە دەبێت مردووەکە ژن بێت، ومێردەکەی مابێت. (وەرگێڕ)

کۆ بووبێتـەوە، چـونکە مێردەکـە نیـوە دەبـات وەك خـاوەن بەشـی دیـاری کراو، وبراکەش نیوەکـەی تـر دەبـات بـە عەصـەبەگەرایەتی، ئەگـەر مێـرد وخوشـکەکەش بـن، ئـەوا مێردەکـە هـەر بەهـەمان شـێوە نیـوە دەبـات، و خوشـکەکەش نیوەکـەی تـر دەبـات، ئـەویش وەك خـاوەن بەشـی دیـاری کراو.[1]

٩. خوشکێکی دایکی لەگەڵ برایـەکی دایـك وبـاوکی، ئەمـەش لـە کاتێکدا کـە ژنێك بمرێت: مێرد، ودایك، وخوشکێکی دایکی، وبرایەکی دایك وباوکی لە پاش بەجێ بمێنێت. ئەوا: مێردەکە نیوە دەبات، ودایکەکـەش شـەش یـەك دەبات، وخوشکەکەش شەش یەك دەبات، وپاشماوەکەش (کە دەکاتە: شەش یەك) براکە بە عەصەبەگەرایەتی دەیبات.

١٠. خزمـانی سـك (ذو الأرحـام) بـەلای مەزهـەبی (أهـل الـرحم)ەوە، کـە ئـەم مەزهەبە لە مادە (٣١)ی یاسای باری کەسێتی (مصر) ی ژمارە (٧٧)ی ساڵی (١٩٤٣) کاری پێ دەکرێت. ئەمانیش لە کاتێکدا کە مردووەکە مـیرات بـەری خـاوەن بەشـی دیـاری کـراوی نـەبێت، وعەصەبەشـی نـەبێت، ئـەوا ئـەم کۆمەڵە خزمە میراتەکە بە یەکسانی لە نێوانیاندا دابـەش دەکرێـت، بـەبێ جیاوازی لە نێوان نێرینە ومێیینە، وەك ئەوەی کە مردوەکە کچی کچێك وکوڕی کچێك وخاڵ وپـوورێکی لـە پـاش بـەجێ بمێنێـت، ئـەوا هـەموویان وەك یەك میرات دەبەن.[2]

---

(١) چونکە خوشـك ئەگـەر یـەك دانـە بێـت ئـەوا نیـوە دەبـات. خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿...إِنِ امْرُؤٌا هَلَكَ لَيْسَ لَهُۥ وَلَدٌ وَلَهُۥٓ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ﴾. النساء/ ١٧٢.

(٢) بۆ چۆنێتی مـیرات بردنـی (ذوي الأرحـام) زانایـان بـوون بـە سـێ بەشـەوە: هەنـدێکیان پێیـان دەوترێـت (مـذهب أهـل التنـزیل)، هەندێکیشـیان پێیـان دەوترێـت: (مـذهب أهـل القرابـة)، هەنـدێکی تریشیان پێیـان دەوترێـت: (مـذهب أهـل الـرحم)، جـا درێـژەی باسـی هەریەك لەم سێ مەزهەبە لە زۆرێك لە سەرچاوە وکتێبە فیقهیەکاندا باس کراوە. بڕوانە: المغني لابن قدامة/ ب٦/ ل٢٣٦. (وەرگێڕ)

١١. شەش کەس هەن کە هەرگیز بە تەواوەتی لە میرات بێبەش ناکرێن، ئەوانیش: سێ نێرینە، وسێ مێیینەن، نێرینەکان بریتین لە: (مێرد وکوڕ وباوك)، مێیینەکانیش بریتین لە {ژن (واتە: هاوسەر)، وکچ ودایك}.[١]

ئەو حاڵەتانەی کە مێیینە لە نێرینە زیاتر میرات دەبات

١. مێرد لەگەڵ تەنها کچێك.[٢]
٢. مێرد لەگەڵ دوو کچ.[٣]
٣. کچێك لەگەڵ چەند مامێکیدا.[٤]
٤. ئەگەر ژنێك بمرێت، و(٦٠) دۆنم زەوی[٥] لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: مێرد، وباوك، ودایك، ودوو کچ. ئەوا مێردەکە

---

(١) پێم وایە ئەم خاڵە پەیوەندی بەم باسەوە نییە، چونکە دانەر لێرەدا دەیەوێت باسی ئەو حاڵەتانە بکات کە مێیینە ونێرینە لە بڕی بەشە میراتدا وەك یەك ویەکسانن، بەڵام ئەوەی کە لەم خاڵەدا هاتووە باس لە حاڵەتی لەیەك چوونی مێیینە ونێرینە دەکات، لەوەدا کە ئەو دوو کۆمەڵە لە هەردوو ڕەگەز، هەرگیز بە تەواوەتی لە میرات بێ بەش ناکرێن، ئەگینا ئەوە شتێکی زانراوە کە بەشە میراتی ئەم مێیینە ونێرینانە بە شێوەیەکی گشتی ولە زۆرێك لە حاڵەتەکاندا جیاوازن. (وەرگێڕ)

(٢) مێردەکە چواریەك دەبات، وکچەکەش نیوە دەبات وەك خاوەن بەشی دیاری کراو، ونەوەش کە دەمێنێتەوە دەگەڕێنرێتەوە بۆ کچەکە بەلای زۆرینەی زانایانەوە. (وەرگێڕ)

(٣) مێردەکە چواریەك دەبات، ودوو کچەکەش دووسێ یەك دەبەن وەك خاوەن بەشی دیاری کراو، وپاشماوەکەشیان بۆ دەگەڕێنرێتەوە. (وەرگێڕ)

(٤) کچەکە بەتەنها نیوە دەبات وەك خاوەن بەشی دیاری کراو، ومامەکانیشی (کە برای مردووەکەن) بە هەموویانەوە نیوەکەی تر دەبەن بە عەصەبەگەرایەتی. (وەرگێڕ)

(٥) بەو پێیەی کە مامۆستای دانەر خەڵکی وڵاتی (مصر)ە، بۆیە لێرەدا وشەی (فدان)ی بەکار هێناوە، کە بە مەتر چوارگۆشە دەکاتە (٤٠٤٦)م، بەڵام تەنها لەبەر زیادە ڕوونی من وشەکەم گۆڕیوە بە (دۆنم)، چونکە ئەم پێوەرە زیاتر لە کوردستاندا باوە بۆ پێوانە کردنی زەوی، ئەگینا شێواز وڕێسا ونەمانەتی کاری وەرگێڕان وەها دەخوازێت کە بە ئەمانەتەوە هەموو وشەکان لە نووسراوەکەدا چۆن هاتبن، هەر بەو شێوەیە بهێنرێنەوە. (وەرگێڕ)

چواریەك دەبات، وباوك ودایكەكەش هەریەكەیان شەش یەك دەبەن، ودوو كچەكەش دووسێ یەك دەبەن، كەواتە ئەصڵی مەسەلەكە بریتیە لە دوازدە (١٢)، بەمەش مێردەكە سێ بەش دەبات، وباوك ودایكەكەش هەر یەكەیان دوو بەش دەبەن، ودوو كچەكەش هەشت بەش دەبەن، كەواتە دەبێت مەسەلەكە عەولی تێدا بكرێت تا دەگاتە پازدە (١٥)، جا ئێستا ئەگەر بێینە سەر دابەش كردنی (٦٠) دۆنمەكە، ئەوا هەردوو كچەكە بەیەكەوە (٣٢) دۆنم دەبەن (واتە: یەكی (١٦) دۆنم). بەڵام ئەگەر لە جێگەی ئەم دوو كچە، مردوەكە دوو كوڕی هەبوایە، ئەوا كوڕەكان عەصەبە بوون، وپاشماوەی بەشی خاوەن بەشەكانیان دەبرد، ومەسەلەكەش پێویستی بە عەول نەدەكرد، وئەو كاتەش بە هەردوو كوڕەكەوە (٢٥) دۆنمیان دەبرد، بەمەش بەشی دوو كچەكە لە بەشی دوو كوڕەكە زیاتر دەبوو.

٥. ئەگەر ژنێك بمرێت، و(٤٨) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: مێرد، ودوو خوشكی دایك وباوكی، ودایك، ئەوا مێردەكە نیوە دەبات، ودایكەكەش شەش یەك دەبات، ودوو خوشكەكەش دووسێ یەك دەبەن، كەواتە ئەصڵی مەسەلەكە بریتیە لە شەش (٦)، بەمەش مێردەكە سێ بەش دەبات، ودایكەكەش یەك بەش دەبات، وخوشكەكانیش چوار بەش دەبەن، كەواتە دەبێت مەسەلەكە عەولی تێدا بكرێت بۆ هەشت (٨). ئێستا ئەگەر بێینە سەر دابەش كردنی (٤٨) دۆنمەكە، ئەوا هەردوو خوشكەكە بەیەكەوە (٢٤) دۆنم دەبەن (واتە: یەكی (١٢) دۆنم). بەڵام ئەگەر لە جێگەی ئەم دوو خوشكە مردوەكە دوو برای دایك وباوكی هەبوایە، ئەوا براكان عەصەبەبوون، وپاشماوەی بەشی خاوەن بەشەكانیان دەبرد، ومەسەلەكەش پێویستی بە عەول نەدەكرد، وئەو كاتەش بە هەردوو براكەوە (١٦) دۆنم دەبەن، بەمەش بەشی دوو خوشكەكە لە بەشی دوو براكە زیاتر دەبێت. هەروەها لەم مەسەلەدا

ئەگەر خوشکی تەنها باوکیش بن، ولە جێگەی ئەوان برای تەنها باوکی دابنرێت، ئەوا خوشکەکان هەر لە براکان زیاتر دەبەن.

٦. هەمان مەسەلەی پێشوو، بەلأم ئەگەر دوو خوشکی باوکی لە پاش بەجێ بمێنێت، ئەوا ئەمانیش هەر لە برا باوکیەکان زیاتر میرات دەبەن.

٧. ئەگەر ژنێك بمرێت، و(١٥٦) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: مێرد، وباوك، ودایك، وكچێك. ئەوا مێردەکە چواریەك دەبات، وباوك ودایکەکەش هەریەکەیان شەش یەك دەبەن، وکچەکەش نیوە دەبات. کەواتە ئەصڵی مەسەلەکە بریتیە لە دوازدە (١٢)، بەمەش مێردەکە سێ بەش دەبات، وباوك ودایکەکەش هەر یەکەیان دوو بەش دەبەن، وکچەکەش شەش بەش دەبات، کەواتە دەبێت مەسەلەکە عەولی تێدا بکرێت تاوەکو دەگاتە سیازدە (١٣). ئێستا ئەگەر بێینە سەر دابەش کردنی (١٥٦) دۆنمەکە، ئەوا کچەکە (٧٢) دۆنم دەبات. بەلأم ئەگەر لە جێگەی ئەم تەنها کچە مردوەکە کوڕێکی هەبوایە، ئەوا ئەم کوڕە عەصەبە دەبوو، وپاشماوەی بەشی خاوەن بەشەکانیان دەبرد، ومەسەلەکەش پێویستی بە عەول نەدەکرد، وئەو کاتەش کوڕەکە (٦٥) دۆنمی دەبرد، بەمەش بەشی کچەکە لە بەشی کوڕەکە زیاتر دەبوو.

٨. ئەگەر ژنێك بمرێت، و(٤٨) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، ئەم میرات بەرانەشی هەبێت: مێرد، و خوشکێکی دایك وباوکی، و دایك. ئەوا مێردەکە نیوە دەبات، دایکەکەش شەش یەك دەبات، خوشکەکەش نیوە دەبات. کەواتە ئەصڵی مەسەلەکە بریتیە لە شەش(٦)، بەمەش مێردەکە سێ بەش دەبات، دایکەکەش یەك بەش دەبات، خوشکەکەش سێ بەش دەبات، کەواتە دەبێت مەسەلەکە عەولی تێدا بکرێت بۆ حەوت (٧). ئێستا ئەگەر بێینە سەر دابەشکردنی(٤٨) دۆنمەکە، ئەوا خوشکەکە (١٨) دۆنم دەبات. بەلأم ئەگەر لە جێگەی ئەم تەنها خوشکە مردوەکە برایەکی دایك و باوکی هەبوایە، ئەوا براکە عەصەبە دەبوو، وپاشماوەی بەشی خاوەن

بەشەکانیان دەبرد، ومەسەلەکەش پێویستی بە عەول نەدەکرد، وئەو کاتەش براکە (٨) دۆنمی دەبرد، بەمەش بەشی خوشکەکە لە بەشی براکە زیاتر دەبێت. هەروەها لەم مەسەلەدا ئەگەر خوشکێکی تەنها باوکیش بێت، ولە جێگەی ئەو برایەکی تەنها باوکی دابنرێت، ئەوا خوشکەکە هەر لە براکە زیاتر دەبات.

٩. ئەگەر پیاوێك بمرێت، و(٤٨) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: ژنێك، ودایك، دوو خوشکی تەنها دایکی، ودوو برای دایك وباوکی، ئەوا ژنەکە چواریەك دەبات، ودایکەکەش شەش یەك دەبات، وخوشکە دایکیەکانیش سێ یەك دەبەن، وبراکانیش عەصەبەن، کەواتە ئەصڵی مەسەلەکە بریتیە لە دوازدە (١٢). بەمەش ژنەکە سێ بەش دەبات، ودایکەکەش دوو بەش دەبات، وخوشکەکانیش چوار بەش دەبەن، وسێ بەشیش دەمێنێتەوە بۆ دوو براکە. ئێستا ئەگەر بێینە سەر دابەش کردنی (٤٨) دۆنمەکە، ئەوا دوو خوشکەکە (١٦) دۆنم دەبەن (واتە: یەکی (٨) دۆنم)، بەڵام دوو براکە (١٢) دۆنم دەبەن (واتە: یەکی (٦) دۆنم)، بەمەش بەشی خوشکەکان لە بەشی براکان زیاتر دەبوو.

١٠. ئەگەر ژنێك بمرێت، و(١٢٠) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: مێرد، وخوشکێکی دایکی، ودوو برای دایك وباوکی. ئەوا مێردەکە نیوە دەبات، وخوشکەکەش سێ یەك دەبات، وبراکانیش عەصەبەن. کەواتە ئەصڵی مەسەلەکە بریتیە لە شەش (٦). بەمەش مێردەکە سێ بەش دەبات، کە دەکاتە شەست (٦٠) دۆنم، وخوشکەکەش دوو بەش دەبات، کە دەکاتە چل (٤٠) دۆنم، ویەك بەشیش دەمێنێتەوە بۆ دوو براکە، کە دەکاتە بیست (٢٠) دۆنم. کەواتە بەشی یەك خوشکەکە لە بەشی

هەردوو براکە زیاترە.[١]

١١. دایك لەگەڵ مێرددا، کاتێکدا کە مردوەکە لقی میراتبەری نەبێت (واتە: منداڵ، یان منداڵی کوڕی نەبێت) بەلای مەزهەبی ئیبنو عەباسەوە. جا ئەگەر پیاوێك[٢] بمرێت، وباوك ودایك ومێردی لەپاش بەجێ بمێنێت، ئەوا مێردەکە نیوە دەبات. دایکەکەش سێ یەك دەبات، پاشماوەکەش (کە شەش یەکە) باوکەکە دەیبات، واتە بە ئەندازەی نیوەی بەشی دایکەکە (کە ژنی باوکەکەیە).

١٢. ئەگەر ژنێك بمرێت، و(٦٠) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: مێرد، ودایك، وخوشکێکی تەنها دایکی، ودوو برای دایك وباوکی، ئەوا مێردەکە نیوە دەبات، دایکەکەش شەش یەك دەبات، وخوشکەکەش شەش یەك دەبات، وبراکانیش عەصەبەن، کەواتە ئەصڵی مەسەلەکە بریتیە لە شەش (٦)، بەمەش مێردەکە سێ بەش دەبات، و

---

(١) بەلاَم لە ڕاستیدا ئەم نموونەیە بەم شێوەیە حەل ناکرێت. بەڵکو ڕاستیەکەی ئەمەیە: مێردەکە نیوە دەبات، وخوشکەکەش شەش یەك دەبات (چونکە بە تەنهایە) خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ ۚ فَإِن كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَآءُ فِى ٱلثُّلُثِ ۚ ﴾ النساء/ ١٢، وبراکانیش عەصەبەن. بەمەش مێردەکە سێ بەش دەبات، وخوشکەکەش یەك بەش دەبات، ودوو بەشیش دەمێنێتەوە بۆ دوو براکە. کەواتە بەشی خوشکەکە یەکسانە لەگەڵ بەشی هەریەك لە دوو براکە. بۆیە پێم وایە کە وەك ڕێزێك لە توانا وپێگەی زانستی مامۆستای دانەر، ئەم نموونەیە ئەگەر بۆ ئەم باسە بگونجێت، دەبێت بەم شێوەیە بێت: ژنێك مردوە: مێرد، ودوو خوشکی دایکی، ودوو برای دایك وباوکی لەپاش بەجێ ماوە. مێردەکە نیوە دەبات، ودوو خوشکەکەش سێ یەك دەبەن، ودوو براکەش عەصەبەن، بەمەش مێردەکە سێ بەش دەبات، وخوشکەکانیش دوو بەش دەبەن، وبراکانیش یەك بەشیان بۆ دەمێنێتەوە، کەواتە بەشی هەریەك لە خوشکەکان بە تەنها یەکسانە بە بەشی هەردوو براکە پێکەوە. (وەرگێڕ)

(٢) دەبێت ئەم مردوە ژن بێت، ئەگینا چۆن دەبێت پیاو بمرێت ومێردیش بمێنێت!!. (وەرگێڕ)

دایکەکەش یەك بەش دەبات، وخوشکەکەش یەك بەش دەبات، ویەك بەشیش دەمێنێتەوە بۆ دوو براکە، بەمەش ئەو تەنها خوشکە بە ئەندازەی هەردوو براکە میرات دەبات جا ئێستا ئەگەر بێینە سەر دابەش کردنی (٦٠) دۆنمەکە، ئەوا خوشکەکە خۆی بە تەنها (١٠) دۆنم دەبات، بەلاّم هەردوو براکە بەیەکەوە (١٠) دۆنم دەبەن (واتە: یەکی (٥) دۆنم).

١٣. ئەگەر پیاوێك بمرێت، و(٥٧٦) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: ژن، وباوك، ودایك، وکچێك، وکچی کوڕێك. ئەوا بەشی کچی کوڕەکە لەو بڕە پارەیە دەکاتە نەوەد وشەش (٩٦) دۆنم، لە کاتێکدا ئەگەر لە جێگەی ئەم کچی کوڕە، کوڕی کوڕێك بوایە، ئەوا بیست وحەوت (٢٧) دۆنمی دەبرد.[1]

---

(١) لە ڕاستیدا ئەم نموونەیەش خۆی بۆ ئەم باسەی کە تێیداین ڕاستە، کە مێینە لە نێرینە زیاتر میرات دەبات، بەلاّم لە چۆنێتی حەل کردن ودیاری کردنی بەشی کچی کوڕەکە وکوڕی کوڕەکەدا هەڵەی تێدایە، چونکە حەل کردنەکەی بەم شێوەیە: ژنەکە هەشت یەك دەبات، وباوکەکەش شەش یەك دەبات، ودایکەکەش شەش یەك دەبات، وکچەکەش نیوە دەبات، وکچی کوڕەکەش شەش یەك دەبات. کەواتە ئەصڵی مەسەلەکە بریتیە لە بیست وچوار (٢٤). بەمەش ژنەکە سێ بەش دەبات، وباوکەکە ودایکەکە وکچی کوڕەکەش هەریەکەیان چوار بەش دەبەن، وکچەکەش دوانزە بەش دەبات، کە سەرجەم ئەم بەشانە (٣ + ٤ + ٤ + ٤ + ١٢) دەکاتە بیست وحەوت (٢٧). بۆیە دەبێت مەسەلەکە عەولی تێدا بکرێت، تاوەکو دەگاتە بیست وحەوت، ئیتر لەوێدا مەسەلەکە ڕاست دەردەچێت. جا ئەگەر لە تەواوی میراتەکە بەشی کچی کوڕەکە دەربهێنین، ئەوا بەم شێوەیە دەبێت: (٥٧٦ ÷ ٢٧ = ٢١,٣٣) ئەوجا ئەم ژمارەیە لێکدانی (٤) دەکەین، کە بەشی کچی کوڕەکەیە، بەم شێوەیە (٢١,٣٣ × ٤ = ٨٥,٣٢). بەلاّم بە هەرحاڵ نموونەکە هەر ڕاستە، ومەبەستەکەش دەپێکێت، وبەشی کچی کوڕەکە هەر لە بەشی کوڕی کوڕەکە زیاترە. چونکە لەم نموونەیەدا ئەگەر لە بریتی کچی کوڕەکە، کوڕی کوڕێك دابنێین، ئەوا مەسەلەکە بەم شێوەیەی لێ دێت: ژنەکە هەشت یەك دەبات، ودایك وباوکەکەش هەر یەکەیان شەش یەك دەبەن، وکچەکەش نیوە دەبات، وکوڕی کوڕەکەش عەصەبەیە. بەمەش ژنەکە سێ بەش دەبات، وهەریەك لە دایك وباوکەکەش بە تەنها چوار بەش دەبەن، وکچەکەش دوانزە بەش دەبات، بەمەش تەنها یەك بەش دەمێنێتەوە بۆ کوڕی کوڕەکە، ومەسەلەکەش پێویست بە عەول تێدا کردن ناکات. جا ئەگەر ئەو یەك بەشە لە بڕی (٥٧٦) دۆنمەکە دەربهێنین، ئەوا بەم

١٤. ئەگەر کەسێك بمرێت، و(٦٠) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: دایك، ودایکی دایك، ودایکی باوك. ئەوا دایکەکە شەش یەك دەبات، وەك خاوەن بەشی دیاری کراو، وپاشماوەکەشی بۆ ڕەد دەکرێتەوە (چونکە بە بوونی دایك، هەریەکە لە دایکی دایك ودایکی باوکیش بە تەواوی لە میرات بێ بەش دەبن). بەلاَم ئەگەر لە جێگەی دایکەکە باوك بوایە، واتە میرات بەرەکان بریتی بوونایە لە: باوك، ودایکی باوك، ودایکی دایك، ئەوا دایکی دایکەکەش میراتی دەبرد، وبە باوکەکە بێ بەش نەدەبوو. واتە مەسەلەکە بەم شێوەیەی لێ دەهات: باوکەکە شەش یەك دەبات، ودایکی دایکەکەش شەش یەك دەبات، ئەوجا پاشماوەکەش دەدرێت بە باوکەکە بە عەصەبەگەرایەتی. کەواتە لە مەسەلەی یەکەمدا دایکەکە تەواوی (٦٠)دۆنمەکەی دەبرد، بەلاَم لە مەسەلەی دووەمدا باوکەکە (٥٠)دۆنمی دەبرد،{و دە(١٠)دۆنمەکەی تر بۆ دایکی دایکەکە بوو} .

ئەو حاڵەتانەی کە مێینە میرات دەبات، بەلاَم ئەگەر نێرینە لە جێگەی ئەو بێت میرات نابات

١. ئەگەر ژنێك بمرێت، و(١٩٥) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: مێرد، وباوك، ودایك، وکچێك، وکچی کوڕێك، ئەوا مێردەکە چواریەك دەبات، وهەریەکە لە باوك ودایکەکەش شەش یەك دەبەن، وکچەکەش نیوە دەبات، وکچی کوڕەکەش شەش یەك دەبات، کەواتە ئەصڵی مەسەلەکە بریتیە لە دوازدە (١٢). مێردەکە سێ بەش

شێوەیە دەبێت: (٥٧٦ ÷ ٢٤ = ٢٤). کەواتە بەشی کوڕی کوڕەکە هەر لە بەشی کچی کوڕەکە کەمترە. (وەرگێڕ)

دەبات، وباوك ودایكەكەش هەر یەكەیان دوو بەش دەبەن، وكچەكەش شەش بەش دەبات، وكچی كوڕەكەش دوو بەش دەبات، بەمەش كۆی سەرجەم بەشەكان دەكاتە پانزە (١٥). بۆیە پێویست دەكات ئەصڵی مەسەلەكە عەولی تێدا بكرێت تاوەكو دەكاتە: پازدە (١٥)، لەبەر ئەوەی كە هەم بەشی كچەكە، وهەم بەشی كچی كوڕەكە تەواو ببن. ولەم مەسەلەیەدا كچی كوڕەكە (٢٦) دۆنم دەبات. بەڵام ئەگەر لەم مەسەلەیەدا لە جێگەی ئەو كچی كوڕە ئەگەر كوڕی كوڕێك بوایە، ئەوا عەصەبە دەبوو، مەسەلەكەش تەنها عەولی تێدا دەكرا بۆ سیازدە (١٣) بۆ ئەوەی كە بەشی كچەكە تەواو ببێت، ئیتر هیچ نەدەمایەوە بۆ كوڕی كوڕەكە، ولە میراتەكەش بێ بەش دەبوو. بەڵام ئەم دابەش كردنە بە پێچەوانەی یاسای وەسێتی پێویستەوەیە (**الوصیة الواجبة**)[1] كە یاسی (**مصر**)ی ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٤٦) پێی وەرگرتووە، كە بە پێچەوانەی مەزهەبەكانە، ئێمەش قسە لە بارەی مەزهەبە متمانەدارەكانەوە دەكەین، وباس لەوە دەكەین كە چۆن میرات دەدات بە مێیینە، ونایدات بە نێرینەیەكی هاو وێنەی ئەو مێیینە.

---

(١) وەسێتی پێویست، بۆ ئەو حاڵەتەیە كە میرات بەرێك بە هۆی میرات بەرێكی تر یان بە هۆی چەند میرات بەرێكی ترەوە لە میرات بێ بەش بكرێت، ئەو كاتە وەها دادەنرێت كە مردوەكە وەسێتی كردووە بۆ ئەو میرات بەرە، كە بە ئەندازەی بەشی ئەو كەسەی بدرێتێ كە ئەم بە هۆیەوە دەگات بە مردوەكە، بەڵام بەو مەرجەی كە لە سێ یەكی میراتەكە تێنەپەڕێت، واتە لەم نموونەیەدا، دەبێت كوڕی كوڕەكە بە ئەندازەی كوڕێكی بدرێتێ. وە ئەم جۆرە وەسێتە لە مادەی (٧٤)ی یاسای باری كەسێتی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)دا هاتووە كە ئەمە دەقەكەیەتی بە وەرگێڕاوی: ((ئەگەر منداڵ، نێر بێت یان مێ، بەر لە مردنی باوكی یان دایكی، مرد، ئەوا ئەو منداڵە مردووە بە زیندوو دادەنرێت لە كاتی مردنی هەریەك ئەواندا، وە بەشە میراتەكەی دەگواسترێتەوە بۆ منداڵەكانی، چی نێرینە بن یان مێیینە، بە پێی بڕیارەكانی شەریعەتی ئیسلام، بەو پێیەی كە بە وەسێتی واجب وپێویست دادەنرێت، بەڵام بە مەرجێك كە لە سێ یەكی میراتەكە تێ نەپەڕێت)) (وەرگێڕ)

٢. ئەگەر ژنێك بمرێت، و(٨٤) دۆنمی لەپاش بەجێ بمێنێت، وئەم میرات بەرانەشی هەبێت: مێرد، وخوشکێکی دایك وباوکی، وخوشکێکی تەنها باوکی، ئەوا خوشکە تەنها باوکیەکە شەش یەك دەبات، کە دەکاتە: دوانزە (١٢) دۆنم. بەڵام ئەگەر لە جێگەی ئەم خوشکە باوکیە، برایەکی باوکی هەبوایە، ئەوا هیچ میراتی نەدەبرد. چونکە مێردەکە نیوەی دەبرد، وخوشکە دایك وباوکیەکەش نیوەی دەبرد، وبراکەش عەصەبە بوو، بۆیە هیچی بۆ نەدەمایەوە.

٣. میراتی داپیرە، داپیرە لە زۆر مەسەلەدا میرات دەبات، بەڵام ئەگەر لەجێگەی ئەو باپیرە بوایە، ئەوا میراتی نەدەبرد. بە ئاگادار بوون بەسەر ڕێسای میرات بردنی باپیرە وداپیرە ئەمانەمان دەست دەکەوێت: باپیرەی درووست وساغ (واتە: میرات بەر) بەو باپیرەیە دەوترێت کە لە زنجیرەی خزمایەتیەکەی بۆ مردوەکە مێیینەی تێدا نییە، وەکو: باوکی باوك، یان باوکی باوکی باوك، وئیتر بەرو ژوورتریش. بەڵام باوکی دایك، یان باوکی دایکی دایك (هەروەها باوکی دایکی باوکیش) ئەمانە بە باپیرەی پووچەڵ (واتە: میرات نەبەر) ناو دەبرێن. داپیرەی درووست وساغیش ئەو داپیرەیە کە باپیرەیەکی نادرووست نییە لە زنجیرەی خزمایەتیەکەیدا بۆ مردوەکە، یان بەو داپیرەیە دەوترێت کە لە زنجیرەی خزمایەتیەکەی بۆ مردوەکەدا نێرینەیەك نییە لە نێوان دوو مێیینەدا. هەر بۆیە دایکی باوکی دایك بە داپیرەی نادرووست وپووچەڵ دادەنرێت، بەڵام دایکی دایك ودایکی دایکی باوك بە داپیرەی درووست دادەنرێن، ومیراتیش دەبەن.

٤. ئەگەر کەسێك بمرێت: باوکی دایك (بابە گەورە یان باپیرە)، ودایکی دایك (دایە گەورە یان داپیرە)ی لەپاش بەجێ بمێنێت، ئەوا دایکی دایکەکە هەموو میراتەکە دەبات، چونکە شەش یەك دەبات وەك خاوەن بەش، وپاشماوەکەشی بۆ ڕەد دەکرێتەوە. بەڵام باوکی دایکەکە میرات نابات، چونکە باپیرەی نادرووستە وبە (ذوي الأرحام) دادەنرێت.

٥. بە هەمان شێوە ئەگەر کەسێك بمرێت: دایکی دایکی دایك، وباوکی دایکی دایکی لەپاش بەجێ بمێنێت. ئەوا دایکی دایکی دایکەکە هەموو میراتەکە دەبات، بەڵام باوکی دایکی دایکەکە هیچ میرات نابات، چونکە باپیرەی نادرووست ومیرات نەبەرە.

کەواتە لێرەدا زیاتر لە سی (٣٠) حاڵەت هەیە کە تێیاندا مێیینە یان وەکو نێرینە میرات دەبات، یان لەو زیاتر، یان مێیینە میرات دەبات، ونێرینەی هاو وێنەی میرات نابات، ئەمەش لە بەرامبەر چوار حاڵەتی دیاری کراو کە مێیینە تێیاندا نیوەی نێرینە میرات دەبات. ئەمەش بەرهەمی ئەو بەدواداچوون وگەڕان وپشکنینەیە کە بۆ حاڵەتەکان ومەسەلەکانی میرات بردن کراوە لە زانستی (فرائض)دا. بۆیە من وەهای دەبینم کە لەپاش ئەم ڕوون کردنەوانە، ئیتر ئەو گومانە نامێنێت لەلای کەسێك کە لەگەڵ خۆیدا بە ویژدان وڕاستگۆ بێت.[1] داوا لە خوای گەورە دەکەین کە خۆی چاودێریمان بکات وبمان پارێزێت، وسوپاسیش بۆ پەروەردگاری هەموو بوونەوەران.

---

(١) منیش ئەڵێم: ئەو گومان وخەرافات وساختەکاری وچەواشەکردنە با بەس بێت. ڕەخنە ئەگەر بابەتی وبونیاتنەرانە بێت، هەموو کەس وهەموو لایەنێك پێی ڕازیە. بەڵام هەڵبەستنی درۆی بێ بناغە، وخەڵەتاندنی خەڵکی سادە ونەشارەزا دەکرێت بۆ ماوەیەك سەربگرێت، بەڵام هەرکەس کە بیەوێت بەشوێن ڕاستیەکاندا بگەڕێت، دەبێت بچێتە لای خەڵکانی پسپۆڕ وشارەزا، پزیشك نەخۆشی دەدۆزێتەوە ودەرمان وچارەسەری گونجاوی بۆ دیاری ئەکات. بۆیە وازهێنان لەم بەناو ڕەخنە ڕووخێنەر ومایەپووچ وساختەکاریانە، کارێکی زیرانەیە، وگەڕان وگەڕانەوەیە بۆ ڕاستیەکان، جا ئەگەر کەسێك چاوی ڕاستی نابینێت! یان نازانێ ڕاستی چییە! یان خۆی گێل دەکات! ئەوە خۆی بەرپرسیارە، ئەگینا وەك وتم چەواشەکاریش تا ماوەیەکە. (وەرگێڕ)

بەشی دووەم

شایەتی دانی ئافرەتی موسوڵمان و پەرچ دانەوەی گومانێك لە بارەیەوە

وشەی (شهادة) لە زمانەوانیدا بەم چەند واتایە هاتووە: هەواڵی بێ گومان، ئامادە بوون وبینین وئاشکرایی، سوێن خواردن، دان پیانان، وشەی شایەتومان، مردن لە ڕێگەی خوا.

لە زاراوەی فیقهیدا، زانایانی فیقی ئیسلامی ئەم وشەیان بەکار هێناوە لە (چەند مانایەکدا وەك):

١. هەواڵدان بەوەی کە مافی کەسێکت لەسەرە.
٢. کوژران ومردن لە ڕێگەی خوا.
٣. سوێند خواردن، وەك لە مەسەلەی (لعان)دا.[1]
٤. هەروەها زانایان ئەم وشەیان بەکار هێناوە بۆ: هەواڵ دان بە مافی کەسێك لەسەر کەسێکی تر لە دانیشتنەکانی دادگادا. کە ئەمەیان بابەتی باسەکەی ئێمەیە.

جا زانایان لە چۆنێتی پێناسە کردنی ئەم جۆرە شایەتیەدا ناکۆکن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

(١) ئاماژەیە بە فەرموودەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا کە دەفەرموێت: ﴿ وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ ﴿٦﴾ وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِن كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ ﴿٧﴾ وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَن تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ ﴿٨﴾ وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِن كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ ﴾ النور (٦، ٧، ٨، ٩) (وەرگێڕ)

- **(الكمال)[1] كە زانايەكی حەنەفی مەزهەبە، پێناسەی شايەتی بەم شێوەيە كردووە: هەواڵ دانی كەسێكی ڕاستگۆيە بۆ چەسپاندنی مافێك بە لەفزی شايەتی، لە دانيشتنی دادگادا.**
- **(الدردير)[2] كە زانايەكی مالیكی مەزهەبە، پێناسەی كردووە بەوەی كە: هەواڵ دانە بە دادوەر بەپێی زانياری، تاوەكو ئەويش بەپێی ئەو هەواڵ دانە بڕياری خۆی بدات.**
- **(الجمل)[3] كە زانايەكی شافيعی مەزهەبە، پێناسەی كردووە بەوەی كە: هەواڵ دانە بە بوونی مافی كەسێك لەسەر كەسێكی تر، بە لەفزی شايەنی دەدەم (أشهدُ).**

---

(١) **ناوی تەواوی** (محمد بن عبد الواحد)**ە وناسراوە بە** (ابن الهمام). **لە ساڵی (٧٩٠)ی كۆچی لەدايك بووە، چەندين كتێبی نووسيوە، لەوانە:** تحرير الأصول، وزاد الفقير، وشرح بديع النظام لابن الساعاتي، وشرح حديث كلمتان خفيفتان، **وفتح القدير للعاجز الفقير**، وفواتح الأفكار في شرح لمعات الأنوار مقدمة التسريح، والمسايرة في العقائد المنجية في الآخرة. **لە ساڵی (٨٦١) كۆچی دوايی كردووە. بڕوانە:** هدية العارفين للباباني/ ١/ ٥٥٧. **(وەرگێڕ)**

(٢) **ناوی تەواوی** (أحمد في مسنده بن محمد بن أحمد في مسنده بن أبي حامد العدوي أبو بركات المصري الأزهري المالكي)**يە وناسراوە بە** (الدردير). **لە ساڵی (١١٢٧)ی كۆچی لە دايك بووە، چەندين نووسراوی هەيە، لەوانە:** أقرب المسالك إلى مذهب مالك في شرح مختصر الشيخ خليل، وتحفة الإخوان في آداب أهل العرفان، والتوجه الاسنى بنظم أسماء الله الحسنى، **لە ساڵی (١٢٠١) كۆچی دوايی كردووە.. بڕوانە:** هدية العارفين/ ١/ ٩٧. **(وەرگێڕ)**

(٣) **ناوی تەواوی** (سليمان بن عمر بن منصور العجيلي المصري الأزهري الشافعي)**ە وناسراوە بە:** (الجمل)**، چەندين نوسراوی هەيە، لەوانە:** حاشية على شرح الرملي لمنهاج النووي، وحاشية على متن الهمزية لابن حجر الهيتمي، وشرح قصيدة بانت سعاد لكعب بن زبير، والفتوحات الأحمدية بالمنح المحمدية لشرح الهمزية، والفتوحات بتوضيح تفسير الجلالين لدقائق الخفيات، وفتوحات الوهاب بتوضيح شرح منهج الطلاب، والمنح الإلهيات بشرح دلائل الخيرات. **لە ساڵی (١٢٠٤)ی كۆچی وەفاتی كردووە.. بڕوانە:** هدية العارفين/ ١/ ٢١٢. **(وەرگێڕ)**

- (الشيباني)[1] کە زانایەکی حەنبەلی مەزهەبە، پێناسەی کردووە بەوەی کە: هەواڵ دانە بەوەی کە زانیاریت پێی هەیە بە لەفزی شایەتی دەدەم (أشْهَدُ، شَهِدْتُ)

ناونانی ئەم جۆرە هەواڵ دانە بە لەفزی (شهادة) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم جۆرە شایەتیە لە بینینی دڵنیاییەوە وەرگیراوە، چونکە ئەو کەسەی کە شایەتی دەدات، هەواڵ لە شتێکەوە دەدات کە خۆی بینیویەتی، کە ئەمەش یەکێکە لەو بەڵگانەی کە داوای دادگایی پێ دەسەلمێنرێت.

ئەوەی کە پەیوەندی بەم باسی شایەتی دانەوە هەیە، ئەو گومانەی دووەمە کە کەسانی تر هەر لەسەر زمانیانە وچەند بارەی دەکەنەوە، بە هەوڵی ئەوەی کە شەریعەتی ئیسلام تۆمەتبار بکەن بەوەی کە گوایە ئافرەتی بە کەم تەماشا کردووە، وستەمی لێ کردووە، وەك هەموو جارێك دەڵێن ودەیڵێنەوە: ((ئیسلام ستەمی کردووە لە ئافرەت، کە شایەتی دانی ئافرەتێکی بە نیوەی شایەتی دانی پیاوێك داناوە)).

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە شایەتی دان ئەرك وبەرپرسیارێتیە، کاتێك کە خوای گەورە ئەم شایەتی دانەی لەسەر ئافرەت سووك کردووە، ئەمە مانای وایە کە رێزی لێ ناوە، نەك بە پێچەوانەوە، هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کە ئەو مەرجانەی کە دەبێت لە شایەتی داندا رەچاو بکرێن، ناگەرێنەوە بۆ وەسفی نێرینەیی ومێیینەیی کەسی شایەتی دەر، بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ دوو شت:

١. دادپەروەری وکارامەیی وبیر تیژی ولێهاتوویی شایەتەکە.

---

(١) ناوی تەواوی (عبد القادر بن عمر بن عبد القادر بن عمر ابن أبي تغلب الشيباني الدمشقي الحنبلي)یە، لە ساڵی (١٠٥٢)ی کۆچی لە دایك بووە، یەکێك لە نووسراوەکانی بریتیە لە (شرح دليل الطالب) لە فیقهی حەنبەلیدا، لە ساڵی (١١٣٥) کۆچی دوایی کردووە.. بڕوانە: هدية العارفين/ ١/ ٣٢١. (وەرگێڕ)

٢. بوونی پەیوەندیەکی وەها لە نێوان شایەتەکەو ئەو ڕووداوەی کە شایەتیەکەی بۆ دەدات، کە وا بکات ئەم شایەتە ئاگای لەو ڕووداوە هەبێت وبەو پێیەش ئەو شایەتیەی بۆ بدات.

ئەوەش شتێکی زانراوە کە ئەگەر دادوەر زانی شایەتەکە ئەم جۆرە سیفەتانەی تێدایە (واتە: هەست ناسکی وسۆزداری)، ئەوا شایەتی دانەکەی لێ وەرناگیرێت، چونکە ئەم سیفەتانە بەلگەن لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی ئەو شایەتە بە مەسەلە تاوانییەکان، وتوانای ئەو کەسە لەسەر بینین وئاگا لێبوونی ئەو تاوانانە لاوازە یان هەر بوونی نییە، ئەمەش وا دەکات کە ئەو کەسە لەو مەسئەلانەدا ئەهلیەتی شایەتی دان لەدەست بدات.

ئەمانەی خوارەوەش هەندێك لەو ڕاستیانەن کە پێویستە لە مەسەلەی شایەتی داندا بیانزانین:

- شایەتی دانی مێیینە بە تەنها وەردەگیرێت لە بینینی مانگی ڕەمەزاندا، بەوێنەی وەرگرتنی شەتیدانی پیاوە لەو بوارەدا.
- شایەتی دانی مێیینە بە وێنەی شایەتی دانی نێرینەیە، لە بابەتی مولاعەنەدا.[1]
- شایەتی دانی مێیینە پێی وەرگیراوە لەو بابەتانەی کە تایبەتمەندن بە ئافرەتانەوە. (ابن قدامة) لە (مغني)دا دەفەرموێت: ((شایەتی دانی مێیینەی دادپەروەر وەردەگیرێت لەو شتانەی کە پیاوان ئاگایان لێی نابێت، وەك: شیرپێدان ومنداڵ بوون، وسووڕی مانگانە، وماوەی (عدة)، وبابەتە

---

(١) ئاماژەیە بەو مەسەلەیەی کە خوای گەورە لەم چەند ئایەتەی سوورەتی نووردا باسی کردوون، کە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَٰجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَآءُ إِلَّآ أَنفُسُهُمْ فَشَهَٰدَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَٰدَٰتٍۭ بِٱللَّهِ ۙ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٦﴾ وَٱلْخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ ٱللَّهِ عَلَيْهِ إِن كَانَ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٧﴾ وَيَدْرَؤُا۟ عَنْهَا ٱلْعَذَابَ أَن تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَٰدَٰتٍۭ بِٱللَّهِ ۙ إِنَّهُۥ لَمِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٨﴾ وَٱلْخَٰمِسَةَ أَنَّ غَضَبَ ٱللَّهِ عَلَيْهَآ إِن كَانَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴾

هاوشێوەکانی تریش. پێ نازانین کە لە نێوان زانایاندا ناکۆکی هەبێت لە وەرگرتنی شایەتی ئافرەتان بە تەنها لەم بابەتانەدا))[1] ئەوجا هەر لە پاش ئەم فەرموودەیە زیاتر بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە، ودەفەرموێت: شایەتی مێیینەکان بە تەنها وەردەگیرێت لە پێنج شتدا:

١. منداڵ بوون.
٢. دەنگ لێوە هاتنی کۆرپەی تازە لەدایك بوو (الاستهلال).
٣. شیر پێدان.
٤. ئەو عەیب ونەنگیانەی کە لەژێر پۆشاك داپۆشراون (واتە: لە خەڵکی شاراوەن)، وەك بەربەست بوونی شوێنی زاوزێ وجووت بوونیان بە پارچە گۆشتێك (الرتق)، یان ئێسقانێك (القرن)، مەسەلەی کچێتی (البكارة)، وبێوەژنی (الثيوبة)، وبەڵەکی (البرص).
٥. تەواو بوون وکۆتایی هاتنی ماوەی (عدة)

- شایەتی دانی تەنها یەك مێیینە وەردەگیرێت. ئیبنو قودامە فەرموویەتی: ((هەر جێگەیەك کە تەنها شایەتی مێیینەی تێدا وەربگیرێت، ئەوا شایەتی تەنها یەك مێیینەشی تێدا وەردەگیرێت)).[2]

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریشدا هاتووە کە: عوقبەی کوڕی حارث پرسیاری کرد لە پێغەمبەر، ووتی: من ژنێکم مارە کردووە. دواتر کەنیزەکێکی ڕەش پێست هات ووتی: من شیرم داوە بە هەردووکیان (واتە عوقبەش وژنەکەشی). ئیتر پێغەمبەریش فەرمانی دا کە لە ژنەکەی جیا ببێتەوە.

---

(١) المغني لابن قدامة/ كتاب الشهادات/ تقبل شهادة امرأة عدل فيما لا يطلع عليه الرجال/ بەرگی/ ١٢/ لاپەڕە/ ١٦. (وەرگێڕ)
(٢)بڕوانە: المغني لابن قدامة/ كتاب الشهادات/ فيما يجوز فيه شهادة المرأة وحدها وفيما لو شهد رجل بذلك/ بەرگی/ ١٢/ لاپەڕە/ ١٧. (وەرگێڕ)

ئەویش وتی: ئەو کەنیزەکە درۆ دەکات. پێغەمبەریش فەرمووی: ((وازی لێ بێنە)).[1]

جا (ابن القيم) لەسەر ئەم فەرموودەیە وتوویەتی: ((لەم فەرموودەیەوە دەردەکەوێت کە شایەتی دانی یەك مێیینەش پێی وەردەگیرێت، باوەکو کەنیزەکیش بێت، وشایەتیەکەشی لەسەر کار وکردەوەیەکی خۆی بێت)).[2]

هەروەها (معروف الدواليبي)ش وتەیەکی جوانی لەسەر ئەم فەرموودەیە هەیە، کە دەڵێت: ((شەریعەتی ئیسلام لە مەسەلە وبابەتە ماڵی ودارایيەکاندا بە شێوەیەکی رەها بۆ ئەوە دەچێت کە شایەتی دان بەهێز وبتەو بێت، بەوەی کە لەگەڵ شایەتێکی پیاو دەبێت پیاوێکی تریش شایەتی بدات، تاوەکو شایەتی دانەکە جێگەی گومان نەبێت، ولە تۆمەتبار کردن دوور بێت، هیچ کەسێکیش لەم جێگە ولەم مەسئەلانەدا وەهای دانەناوە کە هیچ جۆرە بێ رێزیەکی بۆ پیاوی (شایەتی) یەکەم تێدا بێت، چونکە وەك وتمان: شایەتی پیاوی دووەم تەنها بۆ بتەو کردنی شایەتیەکەیە وزیاتریش زامنی پاراستنی مافی کەسەکانە، سەرەڕای ئەوەش، کە شایەتی دانی تەنها یەك پیاو وەرنەگیراوە هەتاوەکو باوەکو لە کەم نرخ ترین مەسەلەی ماڵی ودارایی بێت، بەڵام ئافرەت ئەو جیاوازیەی هەیە لە پیاو کە گوێ لە شایەتی دانی دەگیرێت، ئەگەر چی خۆشی بە تەنها بێت، ومەسەلەکەش لەو بابەتانە بێت کە زۆر ترسناك ترن لە شتێکی کەم نرخی ماڵی ودارایی، بەڵام پیاو وەها نییە. وەکو زانراوە لە شایەتی دانی ئافرەت لەسەر منداڵ بوون وپاشکۆکانی، وەك: نەژاد ومیرات، کەچی شایەتی دانی پیاوێك بە تەنها وەرناگیرێت لە کەم نرخ ترینی مەسەلە

(١) البخاري/ كتاب الشهادات/ باب شهادة الإماء والعبيد/ ٢٥١٦، وفي باب شهادة المرضعة بلفظ: امرأة سوداء/ ٤٨١٦، وكذا في: أبي داود/ كتاب الأقضية/ باب الشهادة في الرضاع/ ٣٦٠٣، و الترمذي/ الرضاع/ شهادة المرأة الواحدة في الرضاع/ ١١٥١، و النسائي/ كتاب النكاح/ الشهادة في الرضاع/ ٣٣٣٠، وأحمد في مسنده/ مسند المدنيين/ حديث عقبة بن الحرث/ ١٦١٩٣، و١٦١٩٩.

(٢) بڕوانە: أعلام الموقعين/ ١/ ٩٦. (وەرگێڕ)

ماڵیەکاندا، کە لەمەشدا بەرپەرچ دانەوەیەکی بەهێزی تێدایە بۆ ئەو کەس ولایەنانەی کە ئیسلام تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە لە شایەتی داندا پیاوی فەزڵ داوە بەسەر ئافرەتدا)).

- لە هەندێك کاتدا دوای ئەوەی کە گوێ لە شایەتی پیاو وئافرەت دەگیرێت، بەڵام شایەتی دانی ئافرەتەکە پێش دەخرێت بەسەر شایەتی دانی پیاوەکەدا: ((هەریەکە لە ژن ومێرد بۆیان هەیە کە مارە بڕینەکەیان هەڵبووەشێننەوە، بە هۆی عەیبێکەوە کە لە کەسی بەرامبەردا دەیبینن... بەڵام ئەگەر بوو بە ناکۆکیان لە عەیبی ژنەکەدا، ئەو کاتە ژنەکە پێشانی ئافرەتێکی متمانەدار دەدرێت، ووتە وشایەتی تەنها یەك ئافرەت وەردەگیرێت، جا ئەگەر شایەتی دا لەسەر وتەی پیاوەکە (مێردەکە) ئەوە تەواوە، ئەگینا قسە قسەی ژنەکەیە))..[1]
- شایەتی دان لەگەڵ گێڕانەوەی قسە وهەواڵدا جیاوازی هەیە، خۆ دەبینین کە گێڕانەوەی قسەیەك لەلایەن یەك ئافرەتەوە پێی وەرگیراوە لە هەموو شتێکدا، هەتاوەکو لە فەرموودەکانی پێغەمبەریشدا (صلى الله عليه وسلم). ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر کە تەنها ئافرەتێك بۆی گێڕاوینەتەوە، هەمان هێزی بەبەڵگەبوونی ئەو فەرموودەیەی هەیە کە تەنها پیاوێك بۆی گێڕاوینەتەوە، هیچ کەسێکیش ڕەد وبەرپەرچی وتە وقسەی ئافرەتێکی نەداوەتەوە تەنها لەبەر ئەوەی کە ئافرەتە، مەعلوومیشە کە گواستنەوەی دەقێکی ئاینی کە بڕیارێکی شەرعی وفیقهی لێ وەردەگیرێت، زۆر ترسناك ترە لەوەی کە بڕیارێکی دادگایی لەسەر دەربچێت. (شەوکانی) فەرموویەتی: ((لە هیچکام لە زانایانەوە نەگێڕاوەتەوە کە بەرپەرچی هەواڵێکیان دابێتەوە، کە ئافرەتێك گێڕاوبێتیەوە، تەنها لەبەر ئەوەی کە

---

(١) بڕوانە: المغني لابن قدامة/ كتاب النكاح/ مسألة حكم ما لو عقد المحرم نكاحا/ ٧/ ٥٧٩. (وەرگێڕ)

ئافرەتە، زۆرێك لە سونەت وفەرمودەكانی پێغەمبەریش هەن كە گەیشتوە بەم ئومەتە لە یەكێك لەو ئافرەتانەی كە هاوەڵی پێغەمبەر بوون، ئەمەش هیچ كەسێك ئینكاری ناكات كە كەمترین شارەزایی وزانیاری لە بارەی فەرموودەكانی پێغەمبەرەوە هەبێت)).(1) (ابن القیم) دەفەرموێت: پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) هەرگیز هەواڵی تەنها كەسێكی دادپەروەری رەد نەكردۆتەوە، نە لە گێڕانەوەدا ونە لە شایەتی داندا، بەڵكو هەواڵی كەسێكی دادپەروەری قبووڵ كردووە لە هەر جێگەیەكدا كە هەواڵی پێ درابێت.. شایەتیدانی كەنیزەكێكی ڕەشی بە تەنها لە بابەتی شیرپێداندا قبووڵ كردووە.

ئەوجا لەپاش ئەم ڕاستیانە، دەبینین كە سەرچاوەی ئەو گومانەی كە ئەو كەسانەی دەیوروژێنن، ووەهای دادەنێن كە ئیسلام لە كەسایەتی ئافرەتی كەم كردووەتەوە وهێناویەتە خوارەوە، بەوەی كە شایەتی دانی ئەوی بە نیوەی شایەتی دانی پیاوێك داناوە، بریتیە لە (ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز كە دەفەرموێت): ﴿وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ﴾ البقرة/ ٢٨٢. ((واتە: جگە لە نووسینەكە، دوو پیاویش لە خۆتان ـ لەو كەسانەی كە موسوڵمانن ولە شایەتیداندا ڕاستگۆن ولە حەق لانادەن ـ بكەنە شایەت، ئەگەر دوو پیاو دەست نەكەوت، با پیاوێك ودوو ئافرەت بێت لەو كەسانەی كە خۆتان بە شایەتیدانیان ڕازین، تا ئەگەر شتێكیان سەبارەت بە چەند وچۆنی قەرزەكە لەبیر چوویەوە، بە بیری یەكتری بهێننەوە، وچۆنێتی قەرزەكە وەك خۆی بخەنە ڕوو)).

---

(١) بڕوانە: نیل الأوطار/ كتاب العدد/ باب ما جاء في نفقة المبتوتة وسكناها/ ٧/ ٦٣. (وەرگێڕ)

ئەمەش تێکەڵ کردنە لە نێوان شایەتی دان (الشهادة)، شایەتی گرتن (الإشهاد) کە ئەم ئایەتە پیرۆزە باسی لێوە دەکات، چونکە شایەتی دان کە دادگا پشتی پێ دەبەستێت لە دەرخستنی ڕاستییەکان ودادپەروەریدا، کە لەسەر بەڵگە ڕاوەستاوە، ولە ناوجەرگەی داوای لایەنە ناکۆکەکانەوە بە پوختی وەردەگیرێت، ئەو شایەتی دانە نێرینەیی ومێیینەیی ناکرێت بە پێوەر بۆ ڕاستی ودرۆیی، تاوەکو دواتر قەبووڵ بکرێت یان ڕەفز بکرێتەوە، بەڵکو پێوەری وەرگرتنی ئەو شایەتیە بریتییە لە: دڵ ئارامی ودڵنیابوونی دادوەر بۆ ڕاستێتی شایەتیەکە، ئیتر بێ گوێدانە ئەوەی کە کەسی شایەت چی ڕەگەزێکە، نێرینەیە یان مێیینە، بێ گوێدانە ژمارەی شایەتەکان.

کەواتە دادوەر ئەگەر دڵنیابوو و ویژدانی ئاسوودە بوو بەوەی کە بەڵگە وشایەتیەکە درووستە ولە جێی خۆیدایە، ئەو کاتە بۆی هەیە کە پشت بە شایەتی دانی دوو پیاو، یان دوو ژن، یان پیاوێك وژنێك، یان پیاوێك ودوو ژن، یان ژنێك ودوو پیاو، یان تەنها یەك پیاو، یان تەنها یەك ژن ببەستێت.. ئیتر نێرینەیی ومێیینەیی کەسی شایەتی دەر هیچ کاریگەری لەسەر شایەتیدانەکە نابێت، کە دادگا بڕیاری پێدەدات بەپێی ئەو زانیاری وڕوونکردنەوانەی کە دەیخاتە ڕوو.

سەبارەت بە ئایەتەکەش، - وەك ئاماژەمان پێدا - باس لە شتێکی تر دەکات لە بەردەم دادوەردا، نەوەك شایەتی دان، چونکە باس لە شایەتی گرتن (یان شایەت لەسەر هێنان) دەکات، کە کەسێکی خاوەن قەرز دەیهێنێت بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی قەرزەکەی، نەوەك باس لە شایەتی دان، کە دادوەر پشتی پێ دەبەسێت لە بڕیاردانەکەیدا لە نێوان دوو لایەنە ناکۆکەکەدا.. کەواتە ئەو ئایەتە ڕوو لە کەسی خاوەن قەرز دەکات، نەوەك دادوەر کە بڕیار لە ناکۆکیەکە دەدات.. بەڵکو ئەم ئایەتە ڕوو لە هەموو خاوەن قەرز ومافێك ناکات، ئەو مەرجانەشی تێدا نییە کە لە تەواوی حاڵەتەکانی قەرزاری بەمەرج

گیراون سەبارەت بە پلەکانی شایەتی گرتن وژمارەی شایەتەکان. بەڵکو تەنها ئامۆژگاری وڕێنموویی خاوەن قەرزێکی تایبەتی دەکات، لە هەندێك حاڵەتی تایبەتی قەرزاری، کە (مُلابَسات)ی تایبەتی هەیە، وەك لە ئایەتەکەدا هاتووە.. کە قەرزێکە بۆ کاتێکی دیاری کراو.. پێویستە بنووسرێتەوە.. دەبێت شایەتەکانیش دادپەروەر بن.

هەندێك لە زانایان بە ڕاستی لەم ئایەتە تێگەیشتوون کە باس لە شایەت گرتن دەکات لە قەرزێکی تایبەتدا، نەوەك باس لە شایەتی دان.. هەروەها ئەم ئایەتە ئامۆژگاری وڕێنموویی بۆ خاوەن قەرز ومافەکە تێدایە، کە لە حاڵەتێکی تایبەتیدایە، نەوەك یاسایەك بێت وڕووی پێ کرابێتە دادوەر بۆ بڕیاردان ویەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکان.

جا هەندێك لەو زانا شەرع زانانەی کە گەیشتوونەتە ئەم ڕاستیە، وبەم شێوەیە لە ئایەتەکە تێگەیشتوون، وبە درێژی باسیان لێوە کردووە، بریتین لە: (ابن تيمية وتلميذه ابن القيم) لە زانایانی سەدەکانی پێشوو، (محمد عبده و محمود شلتوت) لە زانا نوێیە هاوچەرخەکان.

ئەوجا سەبارەت بە بەڵگە هێنانەوە (البينة) کە دادوەر بڕیاری پێ دەردەکات، وفەرموودەیەکی پێغەمبەر بناغەی شەرعی وفیقهی بۆ داناوە، وەك دەفەرموێت: ((البينة على المدعي واليمين على المدعى عليه))[1] (واتە: بەڵگە هێنانەوە لەسەر کەسی داواکارە، سوێندیش لەسەر کەسی داوا لەسەر کراو.)، (ابن القيم) فەرموویەتی: ((بەڵگە (البينة) لە شەرعدا بە شتێك دەوترێت کە ڕاستی ڕوون بکاتەوە وئاشکرای بکات، کە ئەویش جاری وا هەیە کە چوار شایەتە، جاری واش هەیە کە سیانە، وەك لە شایەتیداندا لەسەر کەسی

---

(١) الترمذي/ الأحكام/ أن البينة على المدعي واليمين على المدعى عليه/ ١٣٤١، والدار قطني/ كتاب الوصايا/ باب خبر الواحد يوجب العمل، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب الدعوى والبينات/ باب البينة على المدعى واليمين على المدعى عليه/ ٢٠٩٩٣.

(مُفلس)دا هاتووە، جاری واش هەیە کە دوو شایەتە، یان یەك شایەت، یان یەك ئافرەت، دەشکرێت ئەو بەڵگەیە (البینة) سوێند نەخواردن بێت، دەشکرێت کە سوێند خواردن بێت، دەشکرێت کە پەنجا سوێند بێت، یان چوار سوێند، دەشکرێت کە کەسێکی شایەتی ئامادە وشارەزا بێت کە خۆی ڕووداوەکەی بە چاوی خۆی بینی بێت. کەواتە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە فەرمووی: (البینة علی المدعي) ئەوە دەگەیەنێت کە شتێك بهێنێت کە ئەوە دەربخات کە ئەم کەسی داوا بەرزکەرەوە لە داواکەیدا ڕاست دەکات، جا ئەگەر بە هەر ڕێگەیەك دەرکەوت کە ڕاست دەکات، ئەو کاتە بڕیار دەدرێت لە بەرژەوەندی ئەو)).[1]

ئەوجا وەك چۆن بەڵگە دەکرێت بە شایەتی دانی یەك پیاو یان زیاتر بێت، هەروا دەشکرێت کە بە شایەتی دانی یەك ئافرەت بێت یان زیاتر، ئەویش بەپێی ئەو پێوەرەی کە دڵنیایی وئارامی دەدات بە ویژدان ودڵی دادوەر.

ئەوجا (ابن القیم) خۆی کەمێك[2] لەپاش ئەو وتەیەی (ابن تیمیة) دەفەرموێت: ((منیش دەڵێم: لە قورئاندا نەهاتووە کە وا بخوازێت کە بڕیار نادرێت مەگەر بە دوو شایەتی پیاو، یان بە پیاوێك ودوو ئافرەت نەبێت، بەڵکو خوای گەورە فەرمانی کردووە بە خاوەن مافەکان کە مافەکانی خۆیان بەم ژمارە (دوو پیاو، یان پیاوێك ودوو ئافرەت) بپارێزن، فەرمانی نەکردووە بە دادوەرەکان کە بەو ژمارەیە بڕیار دەربکەن، چ جای ئەوەی کە ئەمری پێ کردبن کە نابێت بەو ژمارەیە نەبێت بڕیار دەربکەن. هەر بۆیە دادوەر دەتوانێت بڕیار دەربکات بەهۆی سوێند نەخواردنەوە، یان سوێندی بەرامبەر

---

(١) الطرق الحكمية في السياسة الشرعية/ ص٣٤/ ابن القيم/ مطبعة المدني – القاهرة/ تحقيق: د. محمد جميل غازي/ عدد الأجزاء: ١.

(٢) وشەی کەمێك لێرەدا لە جێگەی خۆیدا نییە، چونکە ئەم وتەیەی (ابن القیم) لە لاپەڕە/ ١٩٨ دایە. بۆیە ئەگەر ئەو وشەیەی هەر نەهێنایە، یان بیوتایە هەر لە هەمان سەرچاوە وباسدا وتوویەتی... ئەوا باشتر بوو. (وەرگێڕ)

بدات لە برێتیدا، یان بڕیار بدات بە شایەتی دانی یەك ئافرەت، یان تەنها بە شایەتی دانی ئافرەت، کە پیاویان لەگەڵ نەبێت)).[1]

(ابن تيمية) هۆکار وحیکمەتی ئەوەی کە (شایەتی دانی دوو ئافرەت لە بەرامبەر شایەتی دانی یەك پیاودایە) گەڕاندوویەتیەوە بۆ ئەوەی کە ئافرەت بە پێی عادەت پشوو درێژ نییە وبەرگەی ئەم دانیشتنانە وئەم جۆرە مامەڵانە ناگرێت، بەلاّم ئەگەر شارەزایی ولێهاتوویی وعادات وتواناکانی خۆی پەرەپێ بدات ئەو کاتە شایەتی دانی ئەمیش هاوتا ویەکسان دەبێت لەگەڵ شایەتی دانی پیاوان، باوەکو لە مەسەلەی پاراستنی ماف وقەرزەکانیشدا بێت.. دەفەرموێت: ((گومانی تێدا نییە کە حیکمەتی ئەم دوو شایەتیە لە ئافرەتدا دەگەڕێتەوە بۆ توانا وبەرگە گرتن وپشوو درێژی ئافرەت خۆی، بەلاّم ئەگەر ئافرەتەکە خۆی ڕابگرێت وبتوانێت زانیاریەکان بە باشی لای خۆی بپارێزێت و بهێڵێتەوە، لەو ئافرەتانەش بێت کە متمانە بە دینداریان دەکرێت، ئەوا ئەوەی کە مەبەستە بە شایەتی دان وقسەی ئەو دێتەجێ، هەر بۆیە لە چەند جێگەیەکدا شایەتی دانی تەنها ئافرەتێك قەبووڵ دەکرێت، بەلای ڕاست ترینی دوو بۆچوونەکەشەوە دەکرێت کە بڕیار دەر بکرێت بە شایەتی دانی دوو ئافرەت لەگەڵ سوێند خواردنی کەسی داواکار، کە ئەمە فەرموودەی ئیمامی مالیکە ویەکێکیشە لە دوو بۆچوونەکە لە مەزهەبی ئیمامی ئەحمەددا.))[2]

هەروەها (محمد عبده)ش هەمان ئەم واتایەی باس کردووە، کاتێك کە ئەم فەزڵ دانەی شایەتی دانی پیاوی بەسەر شایەتی دانی ئافرەت _ کە لە ئایەتەکەدا هاتبوو _ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئافرەتان لەو مێژوەدا دوور بوون لە ئامادە بوون لەو جێگانەی کە مامەڵەی بازرگانیان تێدا دەکرا، هەر

---

(١) الطرق الحكمية في السياسة الشرعية/ ص١٩٨.

(٢) إعلام الموقعين عن رب العالمين، ابن القيم/ ١/ ٩٥/ تحقيق: طه عبد الرءوف سعد/ دار الجيل - بيروت - ١٩٧٣.

بۆیــە دووریــش بــوون لــە تەحــەمول کــردن وپشــوو گــرتن لــەو بوارانــەدا، کــە ئەمەش واقیعێکی مێژووییە، ومل کەچ دەبێت بۆ بەرەو پێش چوون وگۆڕان، وبەشێك نییە لە سروشت وتەبیعەتی ڕەگەزی ئافرەتان، وبە درێژایی مێژووش هەر لەگەڵیاندا بمێنێتەوە[1]، وتوویەتی: ((زانایانی تەفسیری قورئان باسیان لەم مەسەلەیە کردووە، وهۆکارەکەشیان گەڕاندوەتەوە بۆ مەزاج وتوانای کەسەکە، وفەرموویانــە: مــەزاجی ئــافرەت ســاردی ڕووی تــێ دەکــات، ئــەویش لــە بــیر چوونەوە دێت بە شوێنیدا، کە ئەمــەش هــەموو کــات نایەتــە دی ووەهــا نابێــت. بۆیــە (دەبێــت بوترێــت کــە) هــۆی درووســت وڕاســتەقینە ئەوەیــە کــە: ئیشــی ئافرەت نییە کە خۆی بە مامەڵەی مــاڵی وهاووێنــەکانی وەك شــت بــە شــت دان خــەریك بکــات، هــەر بۆیــە بــیری لاوازە وشــتی کــەم لــە بــیردا دەمێنێــت (لــەم مەسئەلانەدا)، بەڵام لە کاروباری ناو ماڵدا کە ئیشی خۆیەتی، وەها نییە، بەڵکو بیری لە بیری پیاو بەهێز ترە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە: سرووشتی هەموو مرۆڤێك، نێرینە بێت یان مێیینە، ئەوەیە کە زیاتر بیری بە هێزە بۆ ئــەو کــار

---

(١) ئەم بۆچوونەی (محمد عبده) وا دەگەیەنێت کە ئەگەر داب ونــەریتی خــەڵك گۆڕا، بــە جۆرێك کە ئافرەتان زیاتر خەریك دەبوون بە کاروباری بازرگا نییەوە، ئەمە وا دەکات کــە شایەتی دانی ئافرەت لەم مەسئەلانەدا هاوتا ویەکسان بێــت بــە شــایەتی دانــی پیــاو!! بــەڵام دکتۆر (محمد سعید رمضان البوطي) لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (المرأة بــين طغيــان النظــام الغربي ولطائف التشريع الرباني/ ل١٥٢) لە تــەحقیقێکی ورد ودرووستدا دەفەرموێت: گۆڕان وبــەرەوپێش چــوونی داب ونــەریتی کۆمەڵایــەتی کاتێــك دەبێــت بــە هــۆی گــۆڕانی بڕیــاری شــەرعی، کــە لەســەر بنەمایــەکی درووســت وگونجــاو بێــت لەگــەڵ ڕێســاکانی شــەریعەتی ئیسلامیدا، ئەگینا درووست نییە ونابێت، وە لەم مەسەلەشدا کە ئێمە باسی لێوە دەکەین، دەبێت ڕەوا بێت کە ئافرەتان بە گشتی خەریك بن بە کاروبــاری بازرگــانی ومامەڵــەی مــاڵی ودارایــیەوە، بــەڵام ئــەم کــارە خراپــەی زۆری لێ پەیــدا دەبێــت، یــەکێك لەوانــە ئەوەیــە کــە مەترسی زۆری لێ دەکەوێتــەوە بــۆ ســەر ئافرەتــان بــە گشــتی، وە هــەم بــۆ پیــاوانیش زیــانی هەیە، چونکە مەحرووم دەبن لەو ویست وئارەزوانــەی کــە چاوەڕوانی دەکــەن لــە هاوســەر وخێزانەکانیان. بۆیە پێی وایە کە لەم مەسەلەیەدا گۆڕینی داب ونەریت کاریگەری لەسەر گۆڕینی حوکمە شەرعیەکە نابێت. (وەرگێڕ)

وبارانەی کە مەبەستێتی وگرنگە بە لایەوە، وئەو کارانەی کە زیاتر خۆی پێیانەوە خەریك دەبێت.))[1]

هەروەها شێخ (محمود شلتوت)یش پاش ئەوەی کە بە باشی لە فەتوا وتێگەیشتنەکانی (ابن تيمية وابن القيم ومحمد عبده) حاڵی بووە، ئەویش هەر لەگەڵ ئەم ڕێگە وڕێچکەیەدا ڕۆیشتوە، وزانیاریەکی تریشی بۆ ئەم ڕێگەیە زیاد کردووە، لە کاتێکدا کە سەرنجی ڕاکێشاوین بۆ ئەوەی کە شایەتی دانی پیاو وئافرەت لە مەسەلەی (لعان)دا یەکسانن، سەبارەت بە یەکسانبوونی شایەتی دانی ئافرەت (لەگەڵ شایەتی دانی پیاو)، وچۆنێتی بوونەبەڵگەی ئەم شایەتی دانە لەسەر ئەوەی کە ئافرەت کەسایەتی وئەهلیەتێکی تەواوی هەیە، دەڵێت: ((ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو بیرە هەڵە وچەوتەوە کە وەهای داناوە کە هەڵوێستی ئیسلام لەم مەسەلەدا لە مرۆڤایەتی وکەسایەتی ئافرەتی هێناوەتە خوارەوە. پاشان دەڵێت: ئەوەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَٱمْرَأَتَانِ﴾ بۆ ئەو جێگەیە نەهاتووە کە باس لە شایەتی دانی بەردەم دادوەر دەکات، کە دادوەر لەسەر ئەو شایەتی دانە بڕیاری خۆی دەدات، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە کە ڕێنموویی کەس ولایەنەکان بکات بۆ یەکێك لەو ڕێگەیانەی کە بۆ دڵنیابوون ودڵئارامی خۆیان پێویستە سەبارەت بەو مافانەی کە لە کاتی هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ یەکتریدا پەیدا دەبێت. کەواتە لە ئایەتەکەدا جێگەکە جێگەی دڵنیابوونە لەسەر مافەکان، نەوەك بڕیاردان بە مافەکان. ئایەتەکەش ڕێنموویی دەکات بۆ باشترین جۆر وڕێگاکانی دڵنیایی کە ئارامی وئاسوودەیی دەداتە دڵ وڕۆحی کەسە پەیوەندی دارەکان لەسەر مافەکانیان، ئەمەش مانای وا نییە کە شایەتی دانی یەك ئافرەت، یان شایەتی دانی ئافرەتان بە تەنها هیچ مافێکی پێ ناچەسپێت، ودادوەریش بڕیاری پێ

---

(١) الأعمال الكاملة للإمام محمد عبده/ ٤/ ٧٣٢. دراسة وتحقيق: د. محمد عمارة. طبعة القاهرة.

نادات، چونکە ئەوپەڕی ئەوەی کە دادگا داوای دەکات بریتیە لە هێنانی بەڵگە (البینة).

زانای شارەزا (ابن القیم) تەحقیقی ئەوەی کردووە کە وشەی بەڵگە (البینة) لە شەرعدا ماناکەی گشتی ترە لە مانای شایەتی دان، هەموو ئەو شتانەی کە ڕاستیەکانیان پێ ڕوون ببێتەوە وئاشکرا ببن، ئەوە بە بەڵگە دادەنرێن ودادوەریش بە هۆیانەوە بڕیاری خۆی دەردەکات. جا یەکێك لەو بەڵگانە ئەوەیە کە: دادوەر بڕیار دەدات بە ئەو قەرینانەی کە ڕاستن وبی گومانن (القرائن القطعیة)، هەروەها بڕیار دەدات بە شایەتی دانی کەسی ناموسوڵمانیش، هەرکاتێك کە متمانەی پێی هەبوو، دڵی لەسەری ڕازی وئارام بوو. هەروەها دانانی شایەتی دانی دوو ئافرەت بە شایەتی دانی یەك پیاو بۆ دڵنیا بوون، لەبەر ئەوە نییە کە بیر وهۆشی لاوازە، کە ئەگەر وەها بێت، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کەسایەتیشدا هەر نوقسان بێت، کە ئەمیش یەکێکە لە شوێنەوارەکانی لاوازی هزر وبیری کەسەکان، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئافرەت، وەك (محمد عبده) دەڵێت: ((خەریك بوون بە مامەڵە کردن وکاروباری بازرگانی ئیشی ئافرەت نییە، بۆیە دەکرێت کە بیر وهۆشی لەبارەیانەوە لاواز وبێ هێز بێت، بەلاّم لە کاروباری ماڵەوەدا کە ئیشی خۆیەتی، وەها نییە، بەڵکو لەو کارانەدا بیر وهەستی زۆر لە پیاوان بەهێز ترە، بەشێوەیەکی گشتی سرووشتی مرۆڤەکان وەهایە کە بیر وهۆشیان بەهێزترە لەو کاروبارانەی کە پێیانەوە خەریکن وەمەبەستیانە، وزیاتر سەرقاڵی کردوون)).

بۆیە ئایەتەکەش هەر بەو شێوەیە هاتووە کە لە ئیش وکاری ئافرەتاندا باوە، کە تاوەکو ئێستاش زۆرینەی ئافرەتان هەر بەو شێوەیەن، ناچنە ئەو جێگەیانەی کە مامەڵەی قەرزیان تێدا ئەنجام دەدرێت، خۆشیان بە بازاڕەکانی کڕین وفرۆشتنەوە خەریك ناکەن، بەڵکو خەریك بوونی هەندێك ئافرەتیش

بەو جۆرە کارانەوە پێچەوانەی ئەم ڕێسا گشتیە نییە کە سرووشتی ژیانی ئافرەت خۆی وا دەخوازێت.))[1]

ئەوجا تا ئەم سنوورە لە هێنانی وتە وبۆچوونی زانایان ولێکۆڵینەوەی خۆمان دەگرێت توانیبێتمان کە بەرپەرچ ورەدی ئەو کەسانەمان دابێتەوە کە ویستوویانە تۆمەت بلکێنن بەم شەریعەتە حەکیمەوە، ئێمە وەها دەبینین کە لەم تۆمەتبارکردنانەی مەسەلە وباسەکانی ئەم شەریعەتە ڕاستەی ئێمە، کەسانی بەرامبەر لێیان تێك چووە وشتەکان تێکەڵ دەکەن ودەسیان لێ وەشێنراوە، بە جۆرێکی وەها کە دەبێتە بەڵگە بۆ دووپات کردنەوەی ئەوەی کە ئەم شەریعەتە زۆر بەهێز وبتەوە، لە لایەن خوایەکی شارەزا وکاربەجێوە هاتووە. وسووپاس بۆ پەروەردگاری بوونەوەران.

---

(١) الإسلام عقيدة وشريعة/ ٢٣٩ — ٢٤١. طبعة القاهرة، سنة (١٤٠٠) هجرية، سنة (١٩٨٠) ميلادية. وە زانای پایە بەرز دکتۆر (محمد سعيد رمضان البوطي) لە پەراوێزی باسی شایەتی داندا دەفەرموێت: یەکێك لە گەورە ترین بەڵگەکانی ئەم قسەیە ئەوەیە کە: من خۆم نزیکەی سێ ساڵێك لەمەوبەر سەردانی بۆرصەی شاری نیوۆرکم کرد.. وە لە کاتی تێفکرینم لەو ژاوەژاو وقەرەباڵغی ودەمار گرژیە زۆرەی کە هەبوو، هەر وەك نارەزوویەك گەڕام بە شوێن تەنها ئافرەتێکی هیلاك لەو کاروبارەی کە ئەو پیاوانەی ماندوو وشەکەت کردووە، بەڵام چاوم یەك ئافرەتیشی نەبینی.. بۆیە ئەمە بەڵگەی ئەو قسانەیە کە کردمان. بڕوانە: المرأة بين طغيان النظام الغربي ولطائف التشريع الرباني/ ١٤٩. (وەرگێڕ)

بەشی سێیەم

چەند ژنی وحەقیقەتەکەی

وەك ڕاست کردنەوەی مانا وچەمکەکان، ودەرخستن وڕاوەستاندنی ڕاستیەکان، پێویستە لەسەرمان کە بزانین: ئیسلام هاتووە سنووری بۆ فرە ژنی داناوە، نەوەك فرە ژنی هێنا بێت، وەك کەسانی تر وا گومان دەبەن. ئەوەتا لە سالیمەوە ئەویش لە باوکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە غەیەلانی کوڕی سەلەمەی هۆزی ئەقیف موسوڵمان بوو، ولەو کاتەدا دە ژنی هەبوو، و پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرموو: ((اختر منهن اربعا))[1] واتە: چوار لەو ژنانەت هەڵبژێرە.

لەم فەرموودەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیسلام سنووری بۆ فرەژنی داناوە، لە بەرامبەریشدا هیچ فەرمانێك نەهاتووە بۆ کەسێك کە یەك ژنی هەیە باوەکو ژنێکی تر بهێنێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فرەژنی خۆی لە خۆیدا مەبەست نییە، بەڵکو هێنانی ژنێکی تر لە لایەن پیاوەوە لەبەر چەندین هۆکار وبەرژەوەندی گشتییە.

لە قورئانی پیرۆزدا باسی فرەژنی نەکراوە بە جۆرێك کە باسی هۆکارەکانی نەکرێت، ئەوەتە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ النساء/ ٣. ((واتە: ـ ئەگەر مافی سەرپەرشتیاری کچێکتان هەبوو -

---

(١) أحمد في مسنده/ مسند المكثرين من الصحابة/ مسند عبد الله بن عمر بن الخطاب/ ٤٦٠٩، وابن حبان/ كتاب النكاح/ باب نكاح الكفار/ ٤١٥٦، والطبراني في المعجم الكبير/ باب العين/ عبد الله بن عمر بن الخطاب/ ١٣٢٢١.

ترسی ئەوەتان هەبوو کە مارەیی تەواوی بۆ بڕیار نەدەن، ئەوە نابێت مارەی بکەن لە خۆتان و، واز لەو کچە بێنن وبچن ئافرەتێکی تر پەیدا بکەن، وەدەتوانن ژنێك تا چوار ژن مارە بکەن، بەو مەرجەی بە عەدالەتەوە لەگەڵیاندا بجوڵێنەوە ووەك یەك تەماشایان بکەن. بەڵام ئەگەر ترسی ئەوەتان هەبوو کە نەتوانن بە عەدالەتەوە لەگەڵیاندا بجوڵێنەوە، لەلایەنی ڕابواردن و گوزەرانیانەوە، لەو کاتەدا نابێت لە ژنێك زیاتر بهێنن، بەڵام دەتوانن لەو کەنیزەکانەی بە کۆیلایەتی دەکەونە بەردەستتان، پەیوەندیتان هەبێت، جا یەکێك بێت یان زیاتر، ئەمە نزیکترین وباشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی کە خۆتان لە ستەم دوور بخەنەوە، ودووچاری خراپە وناخۆشی نەبن)).

جا ئەوانەی کە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەیان کردووە یان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە وەکو نیزامێکی مرۆیی کۆمەڵایەتی، تەفسیریان کردووە دوور لەو هۆکارە سەرەکیەی کە ئایەتەکەی بۆ دابەزیوە، کە ئەویش بوونی هەتییو وبێوەژنانە، چونکە لە ئایەتەکەدا باسی فرە ژنی لەگەڵ هەتیواندا هاتووە، ئەوانە هەستاون بە تەنها ئەو بەشەی ئایەتەکەیان هێناوە کە دەفەرموێت: ﴿فَٱنكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ﴾، ئیتر بەبێ بەشی پێشووی، کە بە شێوەی مەرج داڕێژراوە وهاتووە، وەك دەفەرموێت: ﴿وَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تُقۡسِطُواْ فِي ٱلۡيَتَٰمَىٰ﴾، هەروەها بەبێ بەشی دواتریش، کە کۆتێکی داناوە بۆ ڕەوایی و درووستی فرەژنی، کە دەبێت پیاوەکە دادپەروەر بێت لە نێوانیاندا، وەك دەفەرموێت: ﴿فَإِنۡ خِفۡتُمۡ أَلَّا تَعۡدِلُواْ فَوَٰحِدَةً﴾.

ئەوجا هەر کەسێك کە ڕوو لە قورئانی پیرۆز بکات، نابینێت کە بانگەشەیەکی کراوەی ڕاشکاوی تێدا بێت بۆ فرەژنی، بەبێ ئەو کۆتانەی کە ئاماژەمان پێدان. هەر کەسێکیش کە ڕوو لە فەرموودەکانی پێغەمبەریش بکات، ئەبینێت کە ئاینی ئیسلام فرە ژنی لە چوار ژن زیاتری یاساغ وحەرام

کردووە، جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەوەی کە ئیسلام فەرمانی دابێت بە فرەژنی تاوەکو دەگاتە چوار، لە نێوان ئەوەی کە فرەژنی لە سەرووی چوارەوە یاساغ وقەدەغە کردووە.

ئەم نیزامی فرەژنییە بەر لە هاتنی ئیسلامیش هەر باو بووە لە کۆمەڵگای عەرەبیدا، هەروەها لە نێوان جوولەکە وفارسەکانیشدا، مێژوویش کە باسی پاشا ودەسەڵاتدارەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە خانوو ومالی وەها فراوانیان درووست کردووە کە هەندێك جار جێگەی زیاد لە هەزار کەسی تێدا بووەتەوە، بۆ ئەوەی کە ژن وکەنیزەکەکانیانی تێدا بێت، هەندێك جاریش ئەم ژن وکەنیزەکانەیان وەك بەخشش ودیاریەك دەنارد بۆ پاشاکانی تر، وژنی تازەیان دەهێنا، وەك چۆن لە شەریعەتی جوولەکەکان وپاسکانیان _ تاوەکو ئێستاش _ فرەژنیان هەر پێ ڕەوایە، و کەچی هیچ کەسێکیش ناوێرێت بە بێ ترس باس لە بیروباوەڕ وئاین وشەریعەتەکەیان بکات.

ئەوەی کە نامۆیە ئەوەیە کە: ئەوانەی کە شەڕ دەگێڕن بە ئاینی ئیسلام لەوەدا کە ڕێگەی داوە بە پیاوێك کە لە بارودۆخێکی دیاری کراودا دەتوانێت زیاتر لە ژنێك بهێنێت، ئەوانە خۆیان دەناڵێنن بە دەست گرفتی لێك هەڵوەشانی خێزانی وبڵاو بوونەوەی خراپەکاری وداوێن پیسی، و درووستی و ڕەوایی فرە هاوەڵی وفرە دۆستی (العشيقات او الخليلات) بە بێ ژمارە وبە بێ سنوور. جا ئەو دۆست وهاوڕێیانە ئەو مافانەی کە ژن وهاوسەر هەیەتی، ئەوان نیانە، سەرەڕای ئەوەی کە ناپاکیە بەرامبەر بە هاوسەر وخێزان، وپێشێل کردنی مافەکانی، وپشت گوێ خستن وحیساب نەکردنە بۆ خۆی ومنداڵەکانی. جا ئەو هاوڕێ ودۆستانە خۆیان دەبێت شان بدەنە ژێر پارە وکرێی لەبار بردنی سکە ناشەرعیەکانیان، یان هەر دەبێت بە بێ مێرد (وەك دایکێکی شوو نەکردوو) بمێننەوە وخزمەت وچاودێری مناڵە ناشەرعیەکەیان بکەن. جا ئەگەر بزانن: کام لەو دوو کۆمەڵە زیاتر هەست بە ئاسایش

وئاسـووودەیی دەکـەن؟! ﴿فَأَيُّ ٱلْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِٱلْأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ الأنعام/٨١.
(ژنێك کە مێردەکەی چەند ژنێکی تری هەبێت، یان ئافرەتێك کە تەنها دۆست و هاوڕێی هەبێت).

ئەو فرەژنییەی کە لە ڕۆژئاوادا هەیە، هیچ چوار چێوەیەکی نییـە، چونکە فرە ژنییەکە کە ئافرەت هیچ مافێکی بۆ دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو پیاوان وەکو کـەنیزەك مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکـەن، وپەیوەندیـەکی نافـەرمیان لەگەڵـدا درووست دەکـەن، وگوڵی تەمـەن وگـەنجێتیان دادەڕنـن، پاشـان لـە دڵ وژیانیـان دەیانکەنە دەرەوە، کە زۆر جار ئەم پەیوەندیـە ناشـەرعیە دەبێتـە هۆی پەیـدا بوونی چـەندەها نەخۆشـی ترسـناك، سـەرەڕای لێکەوتنـەوەی چـەندین منـداڵی ناشەرعی کە زۆر جار هیچ کەسێك هـەر دانیشیان پێـدا نانێت، ئـەوجا لەبـەر زۆری ژمارە وزۆری سەرژمێرییەکان، ئێمـە تـەنها یـەك وڵات وەکو نموونـەیـەك لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەهێنین وبەس، کە ئەویش با ئەمەریکا بێت، ئەوجا باوەکو ژمارەکان خۆیان بدوێن وقسە بکەن:

- لە ساڵی (١٩٨٠)ی زاینی (١,٥٥٣,٠٠٠) حاڵەتی سك لـەبار بـردن هـەبووە، کـە (٣٠٪) لـەو حاڵەتانـە لـە لایـەن ئـەو ئافرەتانـەوە بـوون کـە تەمـەنیان لـە بیسـت سـاڵی تێنەپـەڕیبوو، پۆلیسـیش وتبوویـان: ژمـارە ڕاسـتیەکە سـێ بەرامبەری ئەوەیە کە باس کراوە.
- لە ساڵی (١٩٨٢)ی زاینی (٨٠٪) ئەو ئافرەتانەی کـە مـاوەی پـانزە سـاڵ بـوو مێردیان هەبوو، تەڵاق دران.
- لـە سـاڵی (١٩٨٤)ی زاینـی (٨,٠٠٠,٠٠٠) هەشـت مليـۆن ئـافرەت لەگـەڵ منداڵەکانیان دەژین، بەبێ هیچ یارمەتیەکی دەرەکی.
- لـە سـاڵی (١٩٨٦)ی زاینـی (٢٧٪)ی دانیشـتوان لەسـەر حیسـابی ئافرەتـان دەژیان.

- لە ساڵی (١٩٨٦)ی زاینی (٦٥) حاڵەتی دەست درێژی کردنە سەر ئافرەتان هەبووە، لە هەموو (١٠,٠٠٠) هەزار ئافرەتێك.
- لە ساڵی (١٩٩٥)ی زاینی (٨٢,٠٠٠) هەزار تاوانی دەست درێژی کردنە سەر ئافرەتان هەبووە، کە (٨٠٪)ی ئەو ژمارەیە لە دەوروبەری خێزان وهاوەڵ وهاورێکاندا بووە، لە کاتێکدا کە پۆلیس دەڵێن: ژمارە ڕاستیەکە (٣٥) ئەوەندەی ئەوەیە کە باس کراوە.
- لە ساڵی (١٩٩٧)ی زاینی بە پێی وتەی ئەو کۆمەڵانەی کە پارێزگاری وداکۆکی لە مافی ئافرەت دەکەن: هەموو (٣) چرکەیەك دەست درێژی دەکرێتە سەر ئافرەتێك، لە کاتێکدا کە لایەنە فەرمیەکان بەرپەرچی ئەم وتەیان دایەوە بەوەی کە: ئەو ژمارەیە زیادەڕەوی تێدا کراوە، چونکە ژمارە ڕاستیەکە ئەوەیە کە لە هەموو (٦) چرکەیەکدا حاڵەتێکی دەست درێژی کردنە سەر ئافرەتێك هەبووە.
- (٧٤٪)ی بەساڵاچوە هەژارەکان ئافرەتن، و(٨٥٪)ی ئەو ئافرەتانەش بە تەنها ژیان بەسەر دەبەن، وهیچ کەسێکیش کۆمەکی وهاوکارییان ناکات.
- لە ساڵی (١٩٧٩ ـ ١٩٨٥): نەشتەرگەری نەزۆك کردنی ئافرەتان کراوە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە ئەمەریکای لاتی نییەوە هاتوون بۆ ولایەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە ڕەگەز وئەصڵدا لە هیندیە سوورەکانن، ئەویش بەبێ زانیاری وئاگادار بوونی خۆیان.
- لە ساڵی (١٩٨٠ _ ١٩٩٠)ی زاینی: لە ئەمەریکادا نزیکەی (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن ئافرەت کاری لەش فرۆشیان دەکرد.
- لە ساڵی (١٩٩٥): دەسهاتی دامەزراوەکانی بەدڕەوشتی ولەش فرۆشی، ودەزگاکانی ڕاگەیاندنیان گەیشتە (٢٥٠٠) ملیۆن دۆلار.[1]

---

(١) ڕاپۆرتی ساڵانە بە ناوی (قاموس المرأة) کە لە پەیمانگای توێژینەوەی نێودەوڵەتی لەبارەی ئافرەتەوە دەردەچێت، کە بارەگاکەی لە شاری مەدریدە.

تەواوی ئەم ژمارانە دەرئەنجامێکی سرووشتین بۆ ئەوەی کە ئێمە یاسا ونیزامی هاوسەرگیری ورێزی ئافرەت لە شەریعەتی ئیسلامدا بگۆڕینەوە بە نیزامی لەبەریەك ترازان وفرە هاوەڵی وفرە دۆستی ئەو کەسانەی کە هێرش دەکەنە سەر شەریعەتی ئیسلام.

با تەماشایەکی بۆچوونی کەسە بە ویژدانەکانی ڕۆژئاوا بکەین لەم بابەتەدا

یەکێك لە ئافرەتەکانیان دەڵێت: ((بەڕاستی ژمارەی کچە سەرگەردان ودەربەدەرەکانمان زۆر بووە، وەمەینەتیەکەش بە گشت لایەکدا بڵاو بووەتەوە، توێژەرەوەکانیش دەزانن کە هۆکارەکانی چییە، جا ئەگەر من ئافرەتێکم کە دەمبینیت دەڕوانمە ئەو کچانە، دڵم لەت لەت دەبێت بە هۆی بەزەیی وخۆشەویستیم بۆیان، بەڵام ئەم دڵتەنگی وئازار وواوەیلای منە چی سوودێکیان پێ دەگەیەنێت؟! باوەکو تەواوی خەڵکیش هاوخەم وهاو ئازارم بن، چونکە هیچ سوودێکی نییە، مەگەر کار بکرێت بۆ ڕێگە گرتن لەم حاڵەتە پیسە. زانایەکیان بە ناوی (تۆس) وای دەبینێت کە دەرمان وچارەسەری ئەم پەتا ونەخۆشیە ئەوەیە کە ڕەوا بکرێت بۆ پیاو کە زیاد لە ژنێك بهێنێت، کە گومانی تێدا نییە بەم هۆکارە ئەم نەخۆشیە نامێنێت، ئەوجا کچەکانمان دەبنە خاوەن ماڵ، بەڵا وەمەینەتیەکی زۆر گەورەیە کە پیاوی ئەورووپی ئیجبار بکرێت لەسەر ئەوەی کە تەنها یەك ژنی هەبێت، چونکە ئەم سنوور دانانە وای لە کچەکانمان کردووە کە سەرگەردان بن، وفرەی داونەتە ناو کاروباری پیاوانەوە، کە گومانی تێدا نییە کێشە وگرفتەکە هەر ڕوو لە زیاد بوون ولەدەست دەرچوون دەکات ئەگەر ڕێگە نەدرێت بە پیاو کە زیاد لە ژنێك بهێنێت، ئەبێت چی گومانێك وچی کردەوەیەکی باش لەو پیاوانە چاوەڕێ بکرێت کە ژنیان هێناوە وچەندین منداڵی ناشەرعیان هەیە، کە بوون بە بارگرانی وەشەخۆر وشوورەیی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بۆیە ئەگەر فرەژنی

ڕەوا بوایە، ئەوا ئەو هەموو ئازار وسزا وسەرکزیە ڕووی لەو منداڵانە ودایکەکانیان نەدەکرد، وئابڕووی هەردوولایشیان سەلامەت دەبوو. ئەوەتا بەربەرەکانی ئافرەتان لەسەر پیاو وێرانی وکاولکاریمان بۆ دەهێنێت، باشە نابینن کە سرووشتی ئافرەتان وامان پێ دەڵێت کە ئەوەی لەسەر ئەمە لەسەر پیاو نییە، ئەوەش کە لەسەر پیاوە لەسەر ئەم نییە. بە ڕێگەدان بە فرەژنی، هەموو ئافرەتێك دەبێت بە خاوەن ماڵ ومنداڵی شەرعی خۆی)).[1]

دانەرێکی تری ئافرەت دەڵێت: ((ئەگەر کچەکانمان لە ماڵدا کارەکەری بکەن، یان وەك کارەکەر وەهابن، باشتر وئاسان ترە لەوەی کە لە کارگەکاندا کار بکەن، کە ئەو کچە چەپەڵ دەبێت بە چڵکی کەسانێك کە بۆ هەتا هەتایە ڕەونەق وشەوقی ژیانی ناهێڵێت، ئای خۆزگە ولاتەکانی ئێمەش وەکو ولاتە ئیسلامیەکان دەبوو، کە شەرم وڕەوشت بەرزی وداوێن پاکی وخاوێنی تێدایە، کە کارەکەر وخزمەتکارەکانیش لەوپەڕی خۆش گوزەرانیدا دەژین، وهەمان مامەڵەی منداڵەکانیان لەگەڵدا دەکرێت، وهەرگیز ناموس وحورمەتیشیان بێ ڕێزی پێ ناکرێت. بەڵێ ئەوە ئەنگیەکی زۆر گەورەیە بۆ ولاتی ئینگلیز کە کچەکانی بکاتە نموونەی ڕسوایی وسەرشۆڕی، بەهۆی زۆر تێکەڵ کردنیان لەگەڵ پیاوان، ئەی ئێمە بۆچی بۆ ئەوە هەوڵ نەدەین کە کچ بەو شێوە کار بکات کە لەگەڵ سرووشتی خۆیدا گونجاو بێت، ولە ماڵەوە بێت، وکاری پیاوانیش واز لێ بهێنرێت بۆ پیاوان، تاوەکو ڕێز وشەرەفی ئافرەتان بە سەلامەتی بمێنێتەوە)).[2]

---

(١) تەفسیری مەنار/ ٤/ ٤٨٥، کە ئەویش لە ڕۆژنامەی (لندن ترو)ی وەرگرتووە، لە پێنووسی یەکێك لە دانەرەکانەوە، کە ئەوەی سەرەوە دەقەکەیەتی بە کورتی وبە وەرگێڕاوی.

(٢) تەفسیری مەنار/ ٤/ ٣٦٢، کە ئەویش لە ڕۆژنامەی (لندن ترو)ی وەرگرتووە، لە پێنووسی یەکێك لە دانەرەکانەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی بە کورتی وبە وەرگێڕاوی.

ئـەوەتا فەیلەسـووفی بـەناوبانگی ئـەڵمانی (شـوبنهور) دەڵێـت: ((بەڕاسـتی یاساکانی ژن هێنان وشوو کردن لـە ئـەورووپا بـە پووچـەڵی داڕێـژراون، بـەوەی کە ئافرەتیان لەگەڵ پیاودا یەکسان کـردووە، کـە ئەمـە وەهـای لێ کـردووین کـە تەنها یەك ژن بهێنین، کە ئەمـەش نیـوەی مافـەکانمانی لەدەسـت دەرکـردووین، وئەرکەکانیشی دووقات کردۆتەوە.. هـەتا دەگاتـە ئـەوەی کـە دەڵێـت: لـەو گـەل ونەتەوانـەی کـە ڕێگـە بـە فرەژنـی دەدەن، ئافرەتێك نییـە کـە مێـردی نـەبێت وپێویستی وکاروبارەکانی بۆ ڕاپەڕێنێت، بـەڵام لای ئێمـە ئـافرەتی شوو کـردوو کەمن، کەچی ئەوانی تر هـەر لـە ژمـارە نایـەن، کـە دەیانبینیـت کەسێك نییـە داژیاریان بێت (دوو کۆمەڵن): کچێکی شوو نەکردووی بەسـاڵا چـوو لـە خێزانـە پایەبــەرز ودەســـەڵاتدارەکان، کـــە ســـەرگەردانە وئـــاهو واوەیلایـــەتی، یـــان ئافرەتانێکی بێ هێز لە پلە نزمەکاندا، کە ئازارە سەختەکان دەچێژن وخۆیـان داوەتە بەر نارەحەتیەکانی کـارە گـران وقورسـەکان، لەوانەشـە زۆر بـە ڕسوایی وسەرکزی وبەد بەختی بژین کە هـەموو بـێ ڕێـزی وسەرشۆڕیەکی تێـدا بێـت، ئـەوەتا تـەنها لـە شـاری لەنـدەن (٨٠,٠٠٠) هەشـتا هـەزار کـچ هەیـە کـە خـوێنی شەرەفیان ڕژێنراوە، وبوونەتە قوربانی کـورت هـەڵهێنان لەسـەر یـەك ژن، وەك دەرئـەنجامێك بـۆ پێـداگری وملنـەدانی ئـافرەتی ئـەورووپی، وئـەو درۆ وقسـە پڕوپووچانەی کە بۆ خۆی باسیان لێوە دەکات. باشـە کـاتی ئـەوە نـەهاتووە کـە ئێمەش فرەژنی وەك ڕاستیەك ببینین بۆ تەواوی ئافرەتان بە تێکڕا؟))[1]

(آني بيزانت) سەرکردەی (ثیصوفیة)ی[2] جیهـانی لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی (الأديـان المنتشـرة في الهنـد)دا دەڵێـت: ((هـەر کاتێـك ئێمـە بـە تەرازوویـەکی

---

(١) الإسلام روح المدنيَة/ مصطفى الغلاييني/ ٢٢٤، وە ئـەو ژمارەیـەش کـە (شوبنهور) باسـی کردووە لەو کاتەی ژیانی ئەودا بووە، کە ئەو لە ساڵی (١٨٦٠) کۆچی دوایی کردووە.

(٢) وشەیەکی لێکدراوی یۆنا نییە، پێك هاتووە لە هەردوو وشەی: (theos) کە بە مانای خودا دێت، وە (Sophia) کە بە مانای حیکمەت دێت. ئێستا وەکو ڕێکخراو هەن، کە بـە زۆری لە ئەمەریکا وبەریتانیا دامەزراون، وزۆرینەی ئەندامەکانیشیان ئافرەتن. بۆ زانیـاری

دادوەری وڕاست کارەکان کێشانە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێگەدان بە فرەژنی لە ئیسلامدا _ کە هەم پارێزگاری وهەم خۆراك وهەم پۆشاکی ئافرەتانی تێدایە _ دەکەوێتە تا ڤورسەکەی، وکێشی زۆر زیاترە لەو داوێن پیسی وخراپە کاریەی ڕۆژئاوا، کە ڕێگە دەدات بە پیاوان کە ئافرەتانیان لابێت، تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان، پاشان ئەگەر ئارەزوویان تێر بوو، ئیتر فڕێیان بدەنە سەر شەقام وڕێگەکان)).

(غوستاف لوبون) دەڵێت: ((نیزامی فرەژنی نیزامێکی چاکە، وئاستی ڕەوشتی ئەو نەتەوانە بەرز دەکاتەوە کە لە ناویاندا پەیڕەو دەکرێت، وخێزانەکانیشیان زیاتر بەیەکەوە پەیوەست دەکات، ڕێز وبەختەوەریەکی وەها دەبەخشێت بە ئافرەتان کە لە ئەوروپادا دەست ناکەوێت)).

ئەوجا ئەوەی کە ڕابوورد، ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە نیزامی فرەژنی، یان ڕێگەدان بە هێنانی زیاد لە یەك ژن، لەبەر ئەو بارودۆخ وحاڵەتانەی کە شەریعەتی ئیسلامی باسی لێوە کردوون، لە لایەن هەموو بیرمەندە ڕۆژئاواییەکانەوە هەڵنەوەشێنراوەتەوە وبەرپەرچ نەدراوەتەوە، وەك بینیمان کە بیرمەندە بە ویژدانەکانیان شایەتیان لەسەر دابوو.

لە کۆتاییدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە: ئاینی ئیسلام بە ڕەوای داناوە کە پیاوێك زیاد لە ژنێك بهێنێت، لەبەر ئەو سوودانەی کە باسمان کردن، بەڵام ئەم ڕێگەپێدانەش کۆتی بۆ دانراوە لە قورئاندا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ النساء/٣. لە جێگەیەکی تردا خوای گەورە ئاماژەی داوە بەوەی کە دادپەروەری لە نێوان ژنەکاندا زۆر

زیاتر بڕوانە: (المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة/ دکتور عبد المنعم الحفنی/ الطبعة الثالثة/ ٢٠٠٠م/ الناشر: مکتبة مدبولی _ القاهرة). (وەرگێڕ)

گرانـه، وەك دەفـەرموێت: ﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓاْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ﴾ النساء/ ١٢٩. ((واتە: ئێوە هەرچەندە هەوڵ بدەن وبتانەوێت، هەرگیز نـاتوانن بـه یەك چاو تەماشای خێزانـەکانتان بکـەن، وبـە دادپەروەریـەکی تـواو لەگەڵیانـدا بجوڵێنەوە)).

هـەروەها بینیمـان کـە لـە فـەرمووده درەوشـاوەکانی پێغەمبەریشـدا کـە پێغەمبەر لە هیچ فەرموودەیەکدا فەرمانی نـەکردووە بـە پیـاوێکی خـاوەن ژن کە ژنێکی تر بهێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، فەرمانی کردووە بەو کەسـەی کە ژنێکـی زۆری هـەبووە، کـە دەبێـت ئەوەنـدەیان تـەڵاق بـدات تـاوەکو دەگەنـە ژمارەیـەکی دیـاری کـراو، وەك باسمـان کـرد لـە فەرموودەکـەی سـالیم کـە لـە باوکیەوە گێڕاویەتیـەوە لـە غەیـەلانی کوڕی سـەلەمەی (ثقفي)ەوە کـە کاتێـك موسـوڵمان بـوو، دە ژنــی هـەبوو، پێغەمبـەریش پێـی فـەرموو: چـوار لەوانـە هەڵبژێرە.

من وەها دەبینم کە مەسەلەکە ڕوون بوویەوە، وگومانەکەش لاچوو، دەریش کەوت کە ڕێگەدان بە هێنانی ژنێك زیاتر، کە لە شەریعەتی ئیسلامیدا هاتووە، لە ڕاستیدا ڕێزێکە بۆ ئافرەتان، چونکە مرۆڤ دەبێت بە تەواوەتی تێ بفکرێت ولێکی بداتەوە، لەبەر ئەوە کە هیچ ویژدانێکی تێدا نییە کە تـەنها بڕوانرێتـە ئەو ژنەی کە مێردەکەی ژنێکی تری هێناوە بەسـەریدا، چونکە ئـەوەی تـریش کە مێردەکە مارەی دەکات ودەیهێنێت، ئەویش هەر ئافرەتە، وشـەرعیش ڕێـزی لێ نـاوە بـەوەی کـە ڕێگـەی داوە بـە پیـاو کـە مـارەی بکـات وبیهێنێـت، وەك چارەسـەرێك بـۆ ئـەو کێشـە کۆمەڵایـەتی وئابووریانـەی کـە بـە دەسـتیانەوە دەناڵێنێت وپێیانەوە گیرۆدەیە.

داواکــارین لــە خــوای گــەورەش کــە لــە کاروبــاری دونیــا ودینمانــدا بەرچاوڕۆشنمان بکات، خۆشی ئەزانێت کە مەبەستمان چییە.

بەشی چوارەم

مافی ئافرەت لە هەڵبژاردنی مێردەکەیدا

ئاینی ئیسلام پیاو وژنی یەکسان کردووە لە مافی هەڵبـژاردنی هەریەکـەیان بۆ ئەوی تریان، ودەسەڵاتی نەداوە بە باوك ودایك کە ئیجباریان بکەن، چونکە ڕۆڵـی بـاوك ودایـك لـە زن بـۆ هێنـان وبەشـوودانی منداڵـەکانیان خـۆی لـە ئامۆژگاری ورێنموویدا دەبینێتەوە، بۆیە بۆیان نییە کە منداڵەکانیان _ چی نێر بن یاخود مێ _ ئیجبار بکەن لەسەر هاوسەرگیریەك کە پێی ڕازی نین، بەڵکو ویست وئارەزوو وهەڵبژاردن لە کۆتاییدا هەر بە دەستی منداڵەکانە.

هاوسـەرگیری یـەکێك لـە تایبەتمەندیـەکانی مرۆڤـە، بۆیـە ئیجبـار کردنـی کچێك لەلایـەن یـەکێك لـە بـاوك ودایکیـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە شـوو بکـات بـە کەسێك کـە نایـەوێت، لـە شـەرعدا حەرامـە، چونکە سـتەمە وبـە دەسـتدرێژی دادەنرێـت لەسـەر مـافی کەسـانی تـر، ئـافرەتیش لـە ئـاینی ئیسـلامدا ئـازادی وسەربەستیەکی تـەواوی هەیـە لـە ڕازی بـوون وڕازی نـەبوون بـەو کەسـەی کـە دێتە خوازبێنی کردنی، باوکی ئەو کچە یان سەرپەرشـتیارەکەی مـافی ئـەومیان نییە کە بە زۆر بیدەن بەو کەسـەی کـە نایـەوێت، چونکە ژیـانی هاوسـەرگیری ناگونجێـت کـە لەسـەر بنـاغـەی زۆرلێکـردن وناچـار کـردن دابمـەزرێت، لەبـەر ئەوەی کە زۆرلێکردن وناچار کردن دژی ئەو خۆشەویستی وسـۆزەیە کـە خـوای گەورە خستوویەتیە نێوان ژن ومێردەوە.

ئـەم بڕیـارەش کـە باسمـان کـرد دەقێکـی زۆری شـەریعەتە خاوێنەکـەمانی لەسەر هاتووە، هەروەها چەندین ڕاستی وڕووداوی واقیعی عەمەلیش هەن کە بۆ تەواوی جیهانی ڕوون کردوومەتەوە کە ئەم پێغەمبـەرەی (صلی الله علیه وسلم)

کە پێشەوای هەموو مرۆڤایەتیە، خەڵات وسۆزی خوایی بووە لەگەڵ ئافرەتان وسەرپەرشتیارانیشیان، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرای هەموو ئەو نیزامانەی کە لە سەردەمی نەفامیدا ستەمیان لە ئافرەت دەکرد، ومافی ئەوەی دا بە ئافرەت کە خۆی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێت، ئەو جۆرە بەشوودانەی هەڵوەشاندەوە کە بە هەوڵ دراوە بە ناچارکردن ئەنجام بدرێت، ئەگەرچی لەلایەن باوکیشەوە بێت، ئاشکراشە کە ئەمە پێچەوانەی داب ونەریتی عەرەبەکان بووە لەو کاتەدا، وەك تاقی کردنەوەیەك وەها بووە بۆ دڵی ئیماندارەکان، کە دەبێت ڕازی بن بەو شەریعەتەی کە بەم شێوەیە ڕێزی لە ئافرەت گرتوە، وحیسابی بۆ ویست وئارەزوو وهەڵبژاردنی کردووە، دەبێت خۆیان دوور بخەنەوە وخاوێن بکەنەوە لە هەموو ئەو نیزامانەی کە بێ ڕێزی وستەمیان لە ئافرەتان کردووە، وبە چاوی سووك تەماشایان کردووە.

تەواوی فەرموودەکانی پێغەمبەریش (صلی الله علیە وسلم) لەم باسەدا جەخت لەسەر بوونی ئەم مافە دەکەنەوە:

- یەکێك لەوانە، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە کە دەفەرموێت: ((**لا تنكح الأيم حتى تستأمر، ولا تنكح البكر حتى تستأذن. قالوا يا رسول الله، وكيف إذنها؟ قال: أن تسكت**))[1] واتە: ئافرەتی بێوەژن بەشوو نادرێت، تاوەکو پرسی پێ نەکرێت وخۆی بڕیار نەدات، کچیش بە شوو نادرێت، تاوەکو داوای ڕێگەپێدانی لێ نەکرێت. ئەوجا پرسیان لە پێغەمبەر: ئەی

---

(١) البخاري/ كتاب النكاح/ باب لا ينكح الأب وغيره البكر والثيب إلا برضاها/ ٤٨٤٣، ومسلم/ كتاب النكاح/ باب استئذان الثيب في النكاح بالنطق والبكر بالسكوت/ ١٤١٩، والنسائي/ كتاب النكاح/ إذن البكر/ ٣٢٦٧، وأحمد في مسنده/ مسند المكثرين من الصحابة/ مسند أبي هريرة/ ٩٦٠٣، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب النكاح/ باب إذن البكر الصمت، وإذن الثيب الكلام/ ١٣٤٧٨.

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، ڕێگە پێدانی کچ چۆن دەبێت؟ ئەویش فەرمووی: بەوە دەبێت کە بێ دەنگ بێت وقسە نەکات.

- هەروەها جارێك کچێك هاتە خزمەتی وگلەیی لەوە دەکرد کە باوکی بە ناچار کردن داویەتی بە شوو، ئەویش پێی ناخۆش بووە، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) سەرپشکی کرد.(١)
- دەگێڕنەوە کە پیاوێك کچێکی خۆی بە زۆر بەشوو دابوو، کچەکەش هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ووتی: باوکم بە زۆر بە شووی داوم، وپێشتریش کوڕە مامێکم خوازبێنی کردبووم. پێغەمبەریش فەرمووی: ((لا نكاح له، انكحي من شئت))(٢) واتە: بۆ ئەو نیکاحەکەت پێویست نابێت، بەڵکو بۆت هەیە کە پاش هەڵوەشاندنەوە شوو بکەیت بەو کەسەی کە خۆت دەتەوێت.
- دەگێڕنەوە لە خەنسائی کچی خوددامەوە کە وتوویەتی: کچ بووم وباوکم بەشووی دام ومنیش پێم ناخۆش بوو، بۆیە گلەییم بردەخزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ئەویش فەرمووی: ((لاتنكحها وهي كارهة))(٣) واتە: نابێت بەشووی بدەیت، لەکاتێکدا پێی ناخۆش بێت.
- دەگێڕنەوە کە ئافرەتێکی ئەنصاری ژنی پیاوێکی ئەنصاری بوو، جا پیاوەکە لە ڕۆژی ئوحوددا شەهید کرا، وکوڕێکیشی لەو پیاوە هەبوو، پاشان (دوو پیاو)مامی کوڕەکەی لەگەڵ پیاوێکی تری خزمی باوکی ژنەکە

---

(١) أبو داود في السنن/ كتاب النكاح/ باب في البكر يزوجها أبوها ولا يستأمرها/ ٢٠٩٦، وابن ماجه/ باب من زوج ابنته وهي كارهة/ ١٨٧٥، وأحمد في مسنده/ مسند بني هاشم/ مسند عبد الله بن العباس/ ٢٤٦٩.

(٢) النسائي في السنن الكبرى/ كتاب النكاح/ النهي عن أن تنكح البكر حتى تستأذن والثيب حتى تستأمر/ ٥٣٧٩.

(٣) الطبراني في المعجم الكبير/ مسند النساء باب الخاء/ خنساء بنت خدام بن خالد الأنصارية/ ٦٤١، والنسائي في السنن الكبرى/ كتاب النكاح/ باب البكر يزوجها أبوها وهي كارهة/ ٥٣٨٢.

خوازبێنیان کرد، ئەویش درا بە پیاوەکەی خزمی باوکی، ونەدرا بە مامی منداڵەکەی، بۆیە هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ووتی: باوکم داومی بە پیاوێك کە خۆم نامەوێت، ونەیداوم بە مامی منداڵەکەم، منیش دەزانم کە منداڵەکەم لێ دەسەنرێتەوە. ئەوجا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بانگی باوکی ژنەکەی کرد، و(بە شێوەی پرسیار) فەرمووی: کچەکەت داوە بە فلانە پیاو؟ ئەویش وتی: بەڵێ. پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: مارە کردنەکەت بۆ ئەو پیاوە چەسپاو نابێت، بەڵکو دەکرێت هەڵی بووەشێنیتەوە، وبڕۆ شوو بکەرەوە بە مامی منداڵەکەت.[1]

- فەرموودەیەکی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەیە: کە دایکە عائشە (خوای لێ ڕازی بێت) پرسیاری لێ کرد لەبارەی ئەو کچەی کە کەسوکاری دەیدەن بە شوو، ئایا پرسی پێ دەکرێت، یان نا؟ پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: بەڵێ پرسی پێ دەکرێت. جا دایکە عائیشە فەرمووی: ئەی ئەو شەرم دەکات، پێغەمبەریش فەرمووی: ئەگەر بێ دەنگ بوو، وهیچی نەوت، ئەوە ڕازی بووە. والبكر تستأذن في نفسها وإذنها صماتها)). لە جێگەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: ((والبكر يستأذنها ابوها في نفسها وإذنها صماتها)). لە هەردوو صەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر فەرموویەتی: ((ولا تنكح البكر حتى تستأذن قالوا يا رسول الله وكيف إذنها؟ قال ان تسكت)). کچێکیش پرسیاری کرد لە پێغەمبەر کە باوکی بەشووی داوە ونەمیش پێی ناخۆشە، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) سەرپشکی کرد. فەرمانی داوە بەوەی کە پرس ورەزامەندی کچ وەر بگیرێت، ونەهی کردووە لەوەی کە بە بێ ڕێگەپێدان ورەزامەندی خۆی

---

(١) عبد الرزاق في مصنفه/ كتاب النكاح/ باب ما يكره عليه من النكاح فلا يجوز/ ١٠٣٠٤، وكذا بتعبير آخر ذكره: سعيد بن منصور في سننه/ باب ما جاء في استئمار البكر والثيب/ ٥٦٨، وابن أبي شيبة في مصنفه/ كتاب النكاح/ من أجازه بغير ولي ولم يفرق/ ١٥٩٥٣.

بدرێت بە شوو، ئەو ئافرەتەی سەرپشك كردووە كە بەبێ پرس پێ كردن بە شوو دراوە، بۆیە چۆن دەبێت كە لەم هەموو فەرموودەیە لابدرێت وبە پێچەوانەوە ڕەفتار بكرێت!!))[1]

ئەوجا گرنگی دانی ئیسلام بە مەسەلەی هەڵبژاردن لە نێوان ژن ومێرددا ڕاستیەكەی ئەوەیە كە ئەم ئاینە گرنگی دەدات بە ناوكی سەرەكی درووست بوونی خێزان، چونكە سەرەتای خێزان بە پیاو وژن دەست پێ دەكات كە بە پێی قەناعەت وتێگەیشتنی هەردووكیان گەیشتوون بەیەك، كە ئەمەش كاریگەری دەبێت لەسەر خێزان، كاتێك كە گەورە دەبێت ولق ولایەنەكانی زیاد دەكات، خێزانیش خشتی سەرەكی وبناغەی پێكهێنانی كۆمەڵگایە، هەر لەسەر ئەو بناغەیە ساغەش شارستانی درووست دەبێت وبەهەا بەرزەكانیش گەشە دەكەن.

بەڵگەی گرنگی بوونی ئافرەت بۆ پێكهێنانی كۆمەڵگایەكی موسوڵمان، وتەیەكی (امیر الشعراء احمد شوقي)یە كە دەڵێت:

الأم مدرسة إذا اعددتها • اعددت شعبا طيّب الأعراق

واتە:

دایك قوتابخانەیە، گەر باش ئامادەی بكەی
گەلێكی ڕیشە خاوێن بۆ خۆت دەستەبەر ئەكەی

هەروەها وەك چۆن ئیسلام مافی هەڵبژاردنی مێردی داوە بە ئافرەت، بە هەمان شێوە مافی ئەوەشی پێداوە كە سەرپشك بێت لە مانەوە وپێكەوە ژیان یان جیابوونەوە، لەكاتێكدا كە ژیان وپێكەوە بوونیان خراپ دەبێت، ونەشدەگونجا كە ڕێك بكەون وپێك بهێنرێنەوە، هەر بۆیە مەسەلەی تەلاقی داناوە، ئەویش لە پێناو بەرژەوەندی ژن ومێردەكە بە یەكسانی.

---

(١) اعلام الموقعين/ ابن القيم/ ٤/ ٢٦٠ – ٢٦١/ دار الكتب العلمية.

یەکێك لەو چەمکە باوانەی کە لەبارەی ئیسلام ونیزامی خێزا نییەوە هەیە، ئەومیە کە: تەنها پیاو مافی ئەوەی هەیە کە پەیوەندی هاوسەرێتی کۆتایی پێ بهێنێت، تەنها ئەویش خاوەن بڕیارە لە تەلاقدا، وئافرەت ئەم مافەی نییە، بەلاّم ڕاستیەکەی وەها نییە.

چونکە شەریعەتی ئیسلامی بەو نیزامە بێ وێنەیەوە وەك چۆن مافی کۆتایی هێنانی پەیوەندی هاوسەرێتی داوە بە پیاو، هەروا ئەو مافەشی داوە بە ئافرەت، کە ئەم کۆتایی پێ هێنانە لەلایەن ئافرەتەوە خۆی لە چەند شێوەیەکدا دەبینێتەوە:

- ئەوەتا ئافرەت بۆی هەیە بەمەرجی بگرێت لەسەر مێردەکەی، کە مەسەلەی تەلاق بەدەستی خۆی بێت، بەو مانایەی کە هەر کاتێك بیەوێت، خۆی تەلاق بدات، کە لەم حاڵەتەدا ئافرەتەکە خۆی تەلاقی خۆی دەدات، وهەموو مافەکانیشی دەکەوێت، وهەروەکو ئەوە وەهایە کە مێردەکەی تەلاقی دابێت، بۆیە هیچ لە مافەکانی کەم نابێتەوە.
- هەروەها بۆی هەیە کە داوای جیابوونەوە بکات لە مێردەکەی، بە هۆی زیان لێکەوتنەوە، ئەگەر زیانێکی کاریگەری لە مێردەکەیەوە پێ گەیشت، ئەوکاتە دادوەر لەیەکیان جیا دەکاتەوە، ولەم کاتەشدا هەموو مافەکانی دەکەوێت بە بێ کەمو کورتی.
- هەروەها بۆشی هەیە کە (خلع) بکات، کە لەم حاڵەتەیاندا دەتوانێت لە مێردەکەی جیا ببێتەوە، بەلاّم دەبێت دەسبەرداری هەندێك لە مافەکانی ببێت، چونکە هۆیەکی وەها نییە بۆ کۆتایی پێ هێنانی پەیوەندی هاوسەرگیریەکە، بۆیە هیچ دادپەروەری تێدا نییە کە مافەکانی ئەم ژنە بە مێردەکەی ببژێرێت، کە ئەو هەر مەبەستێتی وداوای ئەوەش دەکات کە پێکەوە ژیانەکەیان هەر بەردەوام بێت.

بەلگــەش زۆرن بــۆ ئــەوەی کــە ئــافرەت سەرپشــکە لــە بڕیاری جیابوونەوەدا، لەوانە:

- ئیبنـو عـەبباس (خودا لـە خۆی وباوکیشی ڕازی بێـت) بۆمـان دەگێڕێتـەوە: کـە مێردەکەی (بریرة) کۆیلەیەك بـوو، پێیـان دەوت: (مغیـث): ئێسـتاش وەك بلێیت هەر لەبەر چاومە کە بەشوێنیدا دەڕۆیشـت ودەگریـا وفرمێسـك بـە ڕیشیدا دەهاتە خـوارەوە، جا پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم) فـەرمووی بـە عەبباسـی مـامی: ئـەی عـەباس، سـەرت سـووڕ نامێنێـت لـە خۆشەویستی (مغیـث) بـۆ (بریـرة)، ولـە ڕق لێبـوونی (بریـرة) بـۆ (مغیـث)؟ ئـەوجا پێغەمبــەر فــەرمووی: ئەگــەر بکرێــت بگەڕێیتــەوە بــۆ لای؟ (لــە گێڕانەوەیەکدا دەفەرموێت: چونکە باوکی منداڵەکەتـە) (بریـرة)ش وتـی: ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمانم پێ دەکەیت؟ ئەویش فەرمووی: تـەنها تکا دەکەم. ئەویش وتی: دەی من هیچ پێویستیم بەئـەو نییـە.[1] ئەمـەش لـە کاتێکدا کـە زانـی فەرموودەکـەی پێغەمبـەر فـەرمان نییـە، بـەڵکو تـەنها ڕاوێژێکە و ئەم سەرپشکە لەوەدا کە نەیکات، چونکە ئەو ژنە مـافی خـۆی بـوو کـە نەچـێتەوە لای مێردەکـەی، لەبـەر ئـەوە کـە خـۆی ئـازاد بـووە (مەعلووم پێشتر ژنەکە خۆشی کەنیزەك بووە).
- ژنەکـەی (ثابت)ی کـوڕی قـەیس هاتـە خزمـەتی پێغەمبـەر (صلى الله عليه وسلم)، ووتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا، مـن ڕقـم لـە دیـن وڕەوشـتی (ثابت)

---

(١) البخاري/ كتاب الطلاق/ باب شفاعة النبي صلى الله عليـه وسـلم على زوج بريـرة/ ٤٩٧٩، والنسائي/ كتاب آداب القضاة/ شفاعة الحاكم للخصوم قبل فصل الحكم/ ٥٤١٧، وابـن ماجـه/ كتاب الطلاق/ بـاب خيـار الأمـة إذا أعتقـت/ ٢٠٧٥، والـدارمي/ كتـاب الطـلاق/ بـاب في تخـيير الأمة تكون تحت العبد فتعتق/ ٢٣٩٢، وابن حبان/ كتاب الطلاق/ ٤٢٧٣، والـدار قطـني/ كتـاب زكاة الفطر/ باب في أوامر النبي/ ١، والطبراني في المعجم الكبير/ باب العين/ أحاديـث عبـد الله بن العباس/ ١١٩٦٢، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب النكاح/ بـاب الأمـة تعتـق وزوجهـا عبـد/ ١٤٠٤٥.

نییە، بەلاّم ئەوەندە هەیە کە خۆشم ناوێت (لە گێڕانەوەیەکی تردا وتوویەتی: پێم ناخۆشە کە موسوڵمانم کارێك بکەم کە خراپ بێت لەگەڵ مێردەکەم، و لە کافر بوون نزیکم بکاتەوە)، پێغەمبەریش فەرمووی: باخچەکەی بۆ دەگەڕێنیتەوە؟ ئەویش وتی: بەڵێ. ئیتر باخچەکەی بۆ گەڕاندەوە، و پێغەمبەریش فەرمانی پێ کرد (کە باخچەکە وەربگرێتەوەو تەلاّقێکی بدات)، وپاشان لە یەکتر جیابوونەوە.[1]

ئەمە وەکو ڕوونکردنەوەیەکی کورت بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنی ژن بۆ مێردی خۆی، وڕێز گرتن لە ویست وئارەزووی ئەو ژنە، ئەگەر ویستی لە مێردەکەی جیا ببێتەوە. هەر بۆیە نە باوك ونە هیچ کەسێکی تریش بۆیان نییە کە کوڕ یان کچ ناچار بکەن بە هاوسەر بوونیان لەگەڵ کەسێك کە پێیان ناخۆشە وحەزیان لێی نییە، هەروەها ئافرەت بۆی هەیە کە کۆتایی بە پەیوەندی هاوسەرێتی بهێنێت بەو شێوانەی کە باس کران، وخوای گەورەش لە هەموان بالاّدەست تر وزانا ترە.

---

(١) البخاري/ كتاب الطلاق/ باب الخلع وكيفية الطلاق فيه/ ٤٩٧١، والنسائي/ باب ما جاء في الخلع/ ٣٤٦٣، وابن ماجه/ باب المختلفة تأخذ ما أعطاها/ ٢٠٥٦، والدار قطني/ باب المهر/ ٣٨، والطبراني في المعجم الكبير/ باب السين/ سهل بن الحنظلية الأنصاري/ ١١٩٦٩، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب الخلع والطلاق/ باب الوجه الذي تحل به الفدية/١٤٦١٥.

بەشی پێنجەم

پێش نوێژی کردنی ئافرەت

نوێژ عیبادەتێکە کە خوای گەورە چۆنێتی وشێوازی بۆ داناوە، وهەوڵی هیچ کەسێکی تێدا نییە. هەر خۆشی چەند مەرجێکی بۆ داناوە، تاوەکو درووست بێت. نێرینەیی کەسی پێشنوێژی کردووە بە یەکێك لە مەرجەکانی کردنی نوێژ بە کۆمەڵ، کە ئەمەش نە مافە بۆ پیاو، ونە کەمکردنەوەی پلە و پایەی ئافرەتیشە، بەڵکو بەر لە هەموو شتێك ئەمە مەسەلەیەکی (تعبّدي)یە.[1]

موسوڵمانانیش لە رێز گرتنی ئافرەتدا یەکدەنگن، پێشیان وایە کە رێگە نەدان بە پێش نوێژی ئافرەت رێزی تێدایە بۆی، نەوەك بێ رێزی وسووك سەیر کردن.

یەکێکیش لە فەرمانە ئیسلامیەکان بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیە کە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە ئافرەتان کە لە پشتەوەی ریزی پیاوانەوە بووەستن، چونکە نوێژ کردنی موسوڵمانان سوجدە وکڕنووش بردن لەخۆ دەگرێت، کە ئەمە وەك ئەو وتە عەرەبیە وەهایە کە دەڵێت: (إنما أخّرك ليقدّمك). واتە: بۆیە دوای خستی، تاوەکو پێشت بخات. بەواتایەکی تر: ئەو دواخستنە خۆی بۆخۆی پێشخستنە. بۆیە خستنە دواوەی ئافرەتان لە ریزەکانی نوێژدا جۆرێك نییە لە جۆرەکانی دابەزاندنی رێز وپلەی ئافرەتان، بەڵکو لەبەر بەرز کردنەوە

---

(١) مەسەلەی (تعبدی) بەو مەسەلەیە دەوترێت کە ئێمە وەکو موسوڵمان دەبێت پێیەوە پابەند بین، ئەگەرچی نەشزانین چی حیکمەتێکی تێدایە. (وەرگێڕ)

ورێزگرتن ورەچاو کردنی پەروەردە وشەرم وئەدەبە بەرزەکانە، هەروەها هاوکاریەکیشە لە نێوان پیاوان وئافرەتاندا لە گوێڕایەڵی کردن وجێبەجێ کردنی فەرمانی شەرع سەبارەت بە گرتنی چاوەکان ونەزەر نەکردن.

لە ڕاستیدا مەسەلەی پێشنوێژی ئافرەت بۆ پیاو لە دوو گۆشەوە تەماشا دەکرێت:

گۆشەی یەکەم: بریتیە لە واقیعی کار وهەڵسووکەوتی موسوڵمانان بە درێژایی مێژوو.

گۆشەی دووەم: سامان وبەرهەمە فیقهیەکان، وکتێب ونووسراوە متمانەدارەکان، بەلای موسوڵمانانەوە.

سەبارەت بە واقیعی کاری موسوڵمانان: ئەبینین کە موسوڵمانان لە ڕۆژ هەڵات ورۆژ ئاوا، وئەوانەی پێشینە وپاشینەش هەموو بە کردار کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئافرەت نابێت بانگ بدات، ونابێت پێش نوێژی بۆ پیاوان بکات و، نابێت پێش نوێژی نوێژی هەینی بکات. چونکە مێژووی ئیسلامی بە درێژایی چواردە سەدە بەخۆیەوە نەبینیوە کە: ئافرەتێك وتاری هەینی خوێندبێت، وپێشنوێژی بۆ پیاوان کردبێت، هەتاوەکو لەو سەردەمانەشدا کە ئافرەت فەرمان ڕەوا بووە، وەکو (شجرة الدر)[1] لە میصر لە کاتی پاشایەتیدا، لەو سەردەمەشدا ئافرەت وتاری هەینی نەخوێندۆتەوە، وپێشنوێژیشی بۆ پیاوان نەکردووە.

---

(١) ژنی یەکێك لە پاشا ئەیوبیەکان بووە لە میصر وپاشان خۆشی بووە بە دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە، ولە ساڵی (١٢٥٧) ی زاینی کۆچی دوایی کردووە (کوژراوە) وهەر لەوێش بە خاك سپێرراوە، دواتریش لە باسی ئەو ئافرەتانەی کە فەرمانڕواییان کردووە، بە درێژی باس دکرێت. (وەرگێڕ)

سەبارەت بە سامان وبەرهەمە شەرعیەکانیش: کاتێك کە تەماشای دەقی نوسراو وکتێبە فیقهیەکان دەکەین، دەبینین کە: زانایانی فیقهی ئیسلامی پێناسەی پێشنوێژیان بەوە کردووە کە: بریتیە لە بەستنەوەی نوێژی کەسێك بە نوێژی کەسێکی ترەوە بەو مەرجانەی کە شەرع بە ڕوونی دایناون. کەوابوو پێشنوێژ نابێت بە پێشنوێژ مەگەر کەسێك بێت ونوێژەکەی خۆی بە نوێژی ئەوەوە ببەستێتەوە، کە ئەم پێکەوە بەستنەش خۆی لە خۆیدا پێشنوێژیەکەیە وهەر ئەویش مەبەست وئامانجی ئیقتیدا وشوێن کەوتنەکەیە.

سەبارەت بەو دەقە شەرعییە پیرۆزانەش کە لەم مەسەلەیەدا هاتوون، دوو فەرموودەی پێغەمبەرن:

یەکەم: فەرموودەیەکە کە وەرەقەی کچی عەبدولای کوڕی (حارث) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بانگبێژێکی بۆ دانا کە بانگی بۆ بدات، وفەرمانیشی پێ دا کە خۆی پێشنوێژی بۆ کەسەکانی ناو خێزانەکەی بکات.[1]

دووەم: فەرموودەیەکە کە جابیری کوڕی عەبدولا، لە گێڕانەوەیەکیدا بۆ یەکێك لە وتارەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، بۆمان دەگێڕێتەوە،

---

(١) أبو داود في السنن/ كتاب الصلاة/ باب إمامة النساء/ ٥٩٢، وأحمد في مسنده/ مسند القبائل/ حديث ورقة بنت عبد الله بن الحارث الأنصاري/ ٢٧٣٢٤، والدار قطني/ كتاب الصلاة/ باب صلاة النساء جماعة وموقف إمامهن/ ١، والطبراني في المعجم الكبير/باب من يعرف من النساء بالكنى لمن لم ينته إلينا أسماؤهن ممن لهن صحبة/ أم ورقة بنت عبد الله بن الحارث الأنصارية، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب الحيض/ باب إثبات إمامة المرأة/ ٥١٣٦. وە لە ڕیوایەتێکی تردا بەم شێوە هاتووە کە حەزرەت فەرموویەتی: ((انطلقوا بنا نزور الشهيدة وأذن لها أن تؤذن لها وأن تؤم أهل دارها في الفريضة (الفرائض)))./ ابن خزيمة/ كتاب الصلاة/ باب إمامة المرأة النساء في الفريضة/ ١٦٧٦، والحاكم في المستدرك/ كتاب الصلاة/ باب فضل الصلوات الخمسة/ ٧٣٠، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب الحيض/ باب إثبات إمامة المرأة/ ٥١٣٧.

وەفەرموێت: پێغەمبەری خوا وتاری بۆ داین... تاوەکو گەیشتە ئەوەی کە فەرمووی: ئاگادار بن کە نابێت هیچ ئافرەتێك پێشنوێژی بۆ هیچ پیاوێك بکات، یا عەرەبی دەشتەکیش پێشنوێژی بۆ کۆچبەر (**مهاجر**) نەکات، یا کەسی خراپەکاریش پێشنوێژی بۆ کەسی ئیماندار نەکات، مەگەر بە زۆری شمشێر وقامچی خۆی سەپاندبێت، ولێی بترسن.[(١)]

هەندێك لە فەرمووەناسان ئەو فەرموودەی یەکەمیان بە فەرموودەیەکی لاواز داناوە، وەك شێخی ئیبنو حەجەری عەسقەلانی، کە فەرموویەتی: لە زنجیرەی گێڕانەوەکەیدا عەبدولرەحمانی کوڕی خەلاد هەیە کە ئەو کەسایەتیەش (**فیه جهالة**). واتە: یان کەسێکی نەناسراوە، یان کەسێکە تەواوی سیفەتەکانی زانراو نییە.[(٢)]

فەرموودەی دووەمیش زۆرێك لە فەرمووەناسان بە لاوازیان داناوە، کەوابوو لە فەرموودەی یەکەم زۆر لاواز ترە، چونکە شێخی عەسقەلانی فەرموویەتی: لە زنجیرەی گێڕانەوەکەیدا عەبدوڵای کوڕی موحەمەدی عەدەوی هەیە، کە وەکیعی بەصری تاوانباری کردووە بەوەی کە فەرموودە دادەنێت، مامۆستاکەشی کە عەلی کوڕی جەدعانە ئەویش کەسێکی لاواز وبێ هێزە.[(٣)]

سەبارەت بە سامان وبەرهەم وکتێبە فیقهیەکانی موسوڵمانان

لەم مەسەلەیەدا: _ کە ئەویش تێگەیشتنێکی درووستی ڕێسا گشتیەکانی شەریعەتە، بە تایبەتی کاتێك کە کۆدەنگی لەسەر هاتبێت _ ئەوەتا تەواوی

---

(١) ابن ماجه/ كتاب إقامة الصلاة والسنة فيها/ باب في فرض الجمعة/ ١٠٨١، والطبراني في الأوسط/ ٢/ ٦٤/ ١٢٦١، وأبو يعلى في مسنده/ مسند جابر/ ١٨٥٦، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب الجمعة/ ٥٣٥٩، والأصبهاني في حلية الأولياء/ سباع الموصلي/ ٨/ ٢٩٦.

(٢) تلخيص الحبير/ ٢/ ٣٦ — ٢٧/ أحمد في مسنده بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني/ المدينة المنورة، ١٣٨٤ — ١٩٦٤/ تحقيق: السيد عبدالله هاشم اليماني المدني.

(٣) تلخيص الحبير/ ٢/ ٣٢.

زانایانی هەر چوار مەزهەبەکە، بەڵکو هەر هەشت مەزهەبەکە[1]، وحەوت زانا وشارەزاکانی شاری مەدینەی پیرۆزیش[2] کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە نابێت ئافرەت پێشنوێژی -بۆ پیاو- بکات لە نوێژە فەرزەکاندا، هەر پیاوێکیش نوێژ لە دوایەوە بکات نوێژەکەی درووست نییە. بەڵام هەندێك لە زانایانی وەك: (ابو ثور ومزني وابن جرير) بە شێوەیەکی تاك ڕەوی وبەدەر لەو کۆدەنگیە پێیان وایە کە نوێژی پیاوان لە پشت ئافرەتەوە لە نوێژە فەرزەکانیشدا درووستە[3]، هەروەها موحیّدینی ئیبنو عەرەبیش، کە زاهیری مەزهەبە، هەمان بۆچوونی هەیە.

سەبارەت بە نوێژە سونەتەکان ونوێژی تەراویحیش، ئەوە زۆرینەی زانایان هەر پێیان وایە کە نابێت، بەڵام هەندێك لە پەیڕەوانی ئیمامی ئەحمەد بە پێچەوانەی ئەوانەوە، وتوویانە: درووستە ئافرەت پێشنوێژی بکات بۆ پیاوان لە نوێژی سونەت وتەراویحدا، یەکێك لەوانە (ابن مفلح)ە کە لەسەر پێشنوێژی ئافرەت باسی کردووە، ووتوویەتی: ((لە نوێژی سونەتدا درووستە، لە تەراویحیشدا درووستە، وتراوە: درووستە ئەگەر لە خوێندنی قورئاندا باشتر بێت، وتراوە: ئەگەر ژنەکە قورئان خوێن بێت، بەڵام نوێژکەرە شوێن کەوتوەکان قورئان خوێن نەبن، وتراوە: درووستە ئەگەر خزم بن، وتراوە: درووستە ئەگەر ئافرەتەکە پیر وبەساڵاچوو بێت، بەڵام لە دوای پیاوەکانەوە

---

(١) واتە: (مالكي وحنفي وشافعي وحنبلي وجعفري وزيدي وظاهري واباضي).

(٢) واتە: (سعيد بن المسيب والقاسم بن محمد وعروة بن الزبير وخارجة بن زيد وأبو سلمة بن عبد الرحمن وعبد الله بن عتبة بن مسعود وسليمان بن يسار).
بڕوانە: الجامع لأحكام القرآن للقرطبي/ ٨/ ٢١٥، وحلية الأولياء لأبي نعيم الأصفهاني/٢/١٦١، نصب الراية للزيلعي/ ٢/ ٧٢، وعمدة القاري للبدر العيني/ ١/ ٢٨، والمهذب لأبي إسحاق الشيرازي/ ٢/ ٤٤٩، والسيل الجرار للشوكاني/ ١/ ١٠٢، والاحتجاج بالشافعي للخطيب البغدادي/ ١/ ٧٠ – ٧١، وتدريب الراوي للسيوطي شرح تقريب النووي/ ٢/ ٢٤٠، ومقدمة ابن الصلاح/ ١/ ١٧٩. (وەرگێڕ)

(٣) الموسوعة الفقهية: حرف الذال: ذكورة/ ٢١/ ٢٢٦.

ڕابووەستێت، چونکە وا باشترە کە نەیبینن، وتراوە: ئافرەتەکە شوێنی ئەوان دەکەوێت وئیقتیدا بەوانەوە دەکات لە تەواوی نوێژەکەدا، بێجگە لە خوێندنی قورئانەکە، جا یەکێك لە پیاوەکان نییەتی پێشنوێژی دەهێنێت، زۆرێکیش لە زانایان ئەوەیان هەڵبژاردوە کە پێشنوێژی ئافرەت لە هەندێك کاتدا دروستە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە وەرەقە خۆی گێڕاویەتیەوە، یان ئەوەی کە هاوەڵان لەسەر ئوم وەرەقە گێڕاویانەتەوە)).[1]

هەر بۆیە ئێمەش ئەو یەکدەنگیەی زانایانی پێشینە وپاشینەمان لە وتە وکردارییاندا پێ درووست وپەسەند ترە، وفەتواش هەر بە ئەمە دەدەین، چونکە بەڵگەکانیان بەهێز ترە، وبیر وڕوانینەکەشیان قووڵ ترە. وتەی ئەم زانایانەشمان (کە شاز بوو) بۆیە هێنا تەنها لەبەر ئەمانەتی زانستی، نەك لەبەر ئەوەی کە کاری پێ بکرێت. هەر بانگەشە کردنێکیش بۆ ئەوەی کە کار بەم وتە شازە بکرێت ئەوە تۆمەتبارکردنی زانایانی پێشینە وپاشینەی تێدایە، هەرگیز نەتەوەی ئیسلامیش لەسەر گومڕایی کۆنابنەوە، کەواتە کۆدەنگی بەڵگە وحوججەتە، وهەر بەو کۆدەنگیەش زۆرێك لە مەسەلە فیقهیەکانی ئەم شەریعەتەپیرۆزە (ضبط) کراون.

ئەوجا حیکمەتیش لە دوور خستنەوەی ئافرەت لە مەسەلەی پێشنوێژی کردن، ئەوەیە کە: زیاتر گونجاو بێت لەگەڵ ئەو فەرمانەی کە ئەم ئاینە پیرۆزە کردوویەتی بۆ داوێن پاکی وخۆپارێزی، گونجاو تر بێت لەگەڵ ئەو فەرمانەی کە کراوە بۆ ئیماندران بە پیاو وژنەوە بە یەکسانی کە چاوی

---

(١) الفروع لابن مفلح المقدسي/ كتاب الصلاة/ باب الإمامة/ فصل: من لا تصح إمامته/ إمامة امرأة بغير نساء/ ج٢/ ص١٦. جا بۆ زیاتر تێگەیشتن پێم باشە کە دەقی وتەکەی (ابن مفلح) وەك خۆی بهێنین، کە بەم شێوەیە: ((وعنه تصح في النفل، وعنه في التراويح، وقيل: إن كانت أقرأ، وقيل: قارئة دونهم، وقيل: ذا رحم، وقيل: أو عجوزاً، وتقف خلفهم لأنه أستر، وعنه: تقتدي بهم في غير القراءة، فينوي الإمامة أحدهم، واختار الأكثر الصحة في الجملة لخبر أم ورقة العام والخاص)). (وەرگێڕ)

خۆیان بگرن وبپارێزن، ئەمریان پێ کراوە بەوەی کە عەورەتی خۆیان داپۆشن، ئاشکرایشە کە عەورەتی ئافرەت تەواوی گیان ولاشەیەتی بێجگە لە دەم وچاو ودەستەکانی، هەر بۆیە خوای گەورەش فەرمانی بە ئافرەتان کردووە کە لە پشتی ڕیزی پیاوەکانەوە ڕاوەستن، چونکە لە نوێژی موسوڵماناندا کڕنووش بردنی تێدایە، کە دەکرێت لاشەی ئافرەتی تێیدا دەربکەوێت وئاشکرا ببێت.

سەبارەت بەوەی کە ئێستا لە جیهاندا دەیبینین وهەموو کەسێکیش دەیبینێت، لەوەی کە تێکەڵ کردنێك هەیە لە نێوان هەردوو مەسەلەی: پێشنوێژی، ووتارخوێندنی ڕۆژی جومعە، ئەمەی دووەمیان هیچ کەسێك بە درووستی نازانێت وڕێگەی پێ نادات، ئەو تێکەڵ کەرانەش لەوانەن کە سەر بە قوتابخانەی جیابووەوەکانن، کە چەند تەوژمێك لەخۆ دەگرێت: هەندێکیان ئینکاری فەرموودەی پێغەمبەر وکۆدەنگی زانایان دەکەن. هەندێکیشیان یاری وگاڵتە بە مانا وچەمکەکانی وشە ورستەکانی زمانی عەرەبی دەکەن، هەندێکیشیان بانگەشە بۆ ڕێگەپێدانی مارەکردنی ڕەگەزی هاووێنە لەیەکتر (**الشذوذ الجنسي**) وزینا وعارەق ولەبار بردنی کۆرپە وگۆڕینی بەشە میراتەکان وهاووێنەی ئەمانە دەکەن، کە لە هەموو سەردەمانێکدا ئەم جۆرە بانگەشانە هەر هەن ودەردەکەون، بەلام دواتر کپ دەبنەوە ودیار نامێنن، وموسوڵمانانیش هەر لەسەر ئەو ڕێگە وبەرنامە دەڕۆن وبەردەوامن کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردوون، وبە کوڵی خۆشیان نامەی کامەرانی وبەختەوەریان بۆ هەردوو دونیای خەڵکی هێناوە. چونکە ئەوەی کە چڵك وکەفی سەر ئاو ودەریاکانە هەروا بە بێ سوود دەڕوات، بەلام ئەوەی کە جێگەی سوودمەندی خەڵکە هەر دەمێنێتەوە، (وەك خوای گەورە دەفەرموێت): ﴿فَأَمَّا ٱلزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَآءً ۖ وَأَمَّا مَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ فَيَمْكُثُ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ﴾ الرعد/١٧. ((واتە: هەرچی کەفوکوڵە جیادەبێتەوە ودەڕوات وفڕێ دەدرێت، بەلام ئەوەی کە مایەی سوودە بۆ ئادەمیزاد لە زەویدا

دەمێنێتــەوە، خــودا بــۆ جیاکردنــەوەی حــەق وناحــەق نموونــەی ئــاوا دەهێنێتەوە)).

بــەڵکو ئــەم کورتــە باســەش لــەم مەســەلەیەدا بڕیــاری شــەرعی ڕوون کردبێتەوە، وخوای گەورەش لە هەموان بالآدەست وزاناترە.

بەشی شەشەم

خەتەنە کردنی مێیینەکان

بەر لە هەموو شتێك دەبێت ئەوە بزانین کە، مەسەلەی خەتەنە کردنی مێیینە، لە ئەصڵدا مەسەلەیەکی (تعبّدي) نییە، (کە پێویست بێت بکرێت، وئێمەش بۆمان نەبێت کە بپرسین: بۆچی وەهایە؟) بەڵکو مەسەلەیەکی پزیشکی ئاساییە _ واتە: لەو داب ونەریتانەیە کە لە پێشینانەوە ماونەتەوە، وزیاتریش بە پشت بەستن بووە بە وتە وئامۆژگاری پزیشکەکان _، ئەم عادەتەش هەروا لە کۆنەوە لە وڵاتانی حەوزی نیلدا بڵاو بووەتەوە. ئەوتا میصریە کۆنەکان وگەلانی تر کە لەسەر ڕووباری نیل بوون، هەم مێیینە وهەم نێرینەشیان خەتەنە دەکرد، وپاشان ئەم عادەتە گوازرایەوە بۆلای هەندێك لە عەرەبەکان، وەکو ئەوانەی شاری مەدینەی پیرۆز، بەڵام لە شاری مەکەی پیرۆز ئەم عادەتە بڵاو نەبوو، هەر بۆیە کاتێك کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕۆیشت بۆ مەدینە، وبینی کە ئەو عادەتە لەوێ هەیە وباویشە، یەکسەر هەستا بە ئامۆژگاری کردنی ئەو کەسانەی کە کاری خەتەنە کردنی مێیینەیان ئەنجام دەدا، بەوەی کە زیادەڕەوی نەکەن لە کارەکەیاندا، وەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە ئومو عەتیە بۆمان دەگێڕێتەوە کە: ئافرەتێك لە شاری مەدینە کاری خەتەنە کردنی دەکرد، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: زیادەڕەوی تێدا مەکە وزۆری لێ مەبڕە، چونکە بۆ چێژی ئافرەتەکە وەها باشترە، ومێردەکەشی وای پێ خۆش ترە.[١]

---

(١) أبو داود في السنن/ كتاب الأدب/ باب ما جاء في الختان/ ٥٢٧١، والحاكم في المستدرك/ كتاب معرفة الصحابة/ ذكر الضحاك بن قيس الأكبر/ ٦٢٣٦، والطبراني في المعجم الكبير/ باب الضاد/ ما أسند الضحاك بن قيس/ ٨١٣٧، والبيهقي في شعب الإيمان/ الستون من

خەتەنە کردنیش وەکو پزیشکەکانی ئەم سەردەمە تازەی خۆمان وەسفی دەکەن لە چوار قۆناغی هەیە:

یەکەمیان: جۆرێکە لە جۆرەکانی نەشتەرگەری جوانکردن (عمليات التجميل)، کە زۆرێك لە پزیشکەکان ئامۆژگاری پێ دەکەن لە کاتی پێویستیدا. کە خەتەنە کردن بە مانا ئیسلامیەکەی ئەم جۆرمیانە وبەم شێوەیە.

بەلام قۆناغەکانی تر: ئەگەر چی لای پزیشکەکان وا باوە کە هەر بە خەتەنە کردن ناو دەبرێن، بەلام لە ڕاستیدا هەموویان بە گوێرەی ئەم شەریعەتە بەڕێز وگەورەیە بە دەست درێژکاری دادەنرێن، چونکە تاوانی بۆ سەر ئەندامێکی لاشە تێدایە کە لە هەموو ئەندامەکانی تر هەستیار ترە، هەتا ڕادەیەك کە ئەم دەست درێژیە پێویست دەکات سزای لەسەر بێت وخوێنی لە تۆڵەدا وەربگیرێت (وەك خوێنی کوشتنی کەسێك) ئەگەر بوو بە هۆی خراپ کردنی ئەو ئەندامە، وەکو لە بڕیارەکانی ئەم شەرعیەتە دەروشاوەدا هاتووە.

لەگەڵ ئەوەی کە باسمان کرد، نەهاتووە لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) کە کچەکانی خۆی خەتەنە کردبێت، وخەتەنەشی نەکردوون، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم عادەتە تەواو بڵاو بووبوویەوە لە مەدینەدا، کە ئەویش پێشەنگی ئێمەیە لەو ڕێگە ڕاستەدا. هەروەها هیچ دەقێکی شەرعی درووست وڕاشکاویش نەهاتووە، کە فەرمان بکات بە موسوڵمانان کە کچەکانیان خەتەنە بکەن، هەتاوەکو بەو مانایەی قۆناغی یەکەمیش کە پزیشکەکان لە هەندێك حاڵەتدا ئامۆژگاری پێ دەکەن، هەر بۆیە بەردەوامی ئەو عادەت وداب ونەریتە دەخرێتە ئەو بابەوە کە ڕەوایە وحەلاڵە ئەگەر زیانی لێ نەکەوێتەوە. بەلام لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو زیان وزەرەرە زۆرانەی کە هەندێك جار سەردەکێشن بۆ

= شعب الإيمان وهو باب في حقوق الأولاد والأهلين/ ٨٦٤٥، وفي السنن الكبرى/ كتاب الأشربة والحد فيها/ باب السلطان يكره على الاختتان أو الصبي وسيد المملوك يأمران به/ ١٧٢٣٧.

مـردن، بـەو شـێوەیەی کـە پزیشـکەکان لـە سـێ قۆناغەکـەی تـردا باسـیان لێـوە کردووە، ئەوە پێویسـتە وواجیبـە کـە ڕێگـەی لێ بگیرێـت ونەهێڵدرێت بکرێـت، دەرکەوتن وڕوودان وتووش بوون بەو زیانانەش دەکرێك کە بە هەر هۆیەکـەوە بێـت، وەك: گـۆڕانی چـەرخ وزەمـەن، یـان خـۆراك وبـژێوی کەسـەکان، یـان ئـاو وهەوای ئەو ناوچەیە، یان هەر هۆکارێکی تر. موسوڵمانانیش بەوپەڕی وریـایی وتێگەیشتنەوە لە نیزامی یاسایی وئەخلاقی خۆیان، مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعـە تازەیەدا دەکەن.

بە تەماشا کردنی ئەو بەرەوپێش چوونە یاساییانەی کە لـە میصـردا هەیـە، لەم مەسەلەیەدا بۆ نموونە، دەبینین کە یەکەمین دەقێك کە لە میصر دەرچوو بێت سەبارەت بـە خەتەنـە کردنـی مێیینـەکان، بریتیـە لـەو بڕیـارە وەزاریـەی ژمارە (٧٤)ی ساڵی (١٩٥٩)ز.

کە ئەم بڕیارەش لـە مـادەی یەکەمیـدا ئـەوەی لـەخۆ گرتـوە کـە بـە ئاشـکرا نـاوی لیژنەیـەکی پـانزە کەسـی لـە زانایـانی ئـاینی وپزیشـکەکان هێنـابوو، کـە یەکێکیان بریکاری وەزارەتی تەندرووستی (ئەو کاتە بووە) کە ناوی: (**مصطفى عبد الخالق**) بووە، یەکێکیشیان موفتی ولاتی میصر، کە نـاوی (**حسـن مـأمون**) بـووە، ویـەکێکی تریشـیان مـوفتی پێشـووی میصـر بـە نـاوی (**حسـنين محمـد مخلوف**).

جا لە مادەی دووەمی ئـەو بڕیـارەدا هـاتبوو کـە لیژنـەکـە ئەم بڕیارانەی دەرکردووە:

- حەرام بکرێت بـە هـەموو شـێوەیەك بـۆ کەسـێك کـە پزیشـك نـەبێت بـەو کـارە هەسـتێت، دەبێـت خەتەنـە کردنەکـەش بـۆ هەنـدێك گۆشـت بێـت، نەوەکو تەواوەکەی، ئەویش بۆ کەسێك کە خۆی داوای بکات وبیەوێت.
- لە یەکەکانی وەزارەتی تەندرووستیدا نابێت خەتەنەکردن ئەنجام بـدرێت،

ئەویش لەبەر چەند هۆکارێکی تەندرووستی وکۆمەڵایەتی ودەروونی.

- ڕێگە نادرێت بە ئەو مامانانەی کە ئیجازەی یاساییان هەیە کە هەستن بە هیچ کارێکی نەشتەرگەریانە، کە یەکێك لەو کارانە بریتیە لە خەتەنە کردنی مێیینەکان.
- خەتەنەکردن بەورێگەیەی کە ئێستا پەیرەو دەکرێت زیانی تەندروستی و نەفسی بۆ مێیینەکان هەیە، بەر لە شوو کردن یان پاش شوو کردن.

ئەوجا کاتێك کە حاڵەتەکانی خەتەنە کردن زۆر بوو، وئەو زیانە زۆرانەشی بە تەندرووستی مێیینەکان گەیاند، ئیتر وەزیری تەندرووستی میصر بڕیارێکی وەزاری دەر کرد، لە بەرواری: ٨/ ٧/ ١٩٩٦، بە ژمارەی (٢٦١)ی ساڵی (١٩٩٦)ز کە دەڵێت: نەشتەرگەری خەتەنە کردن بۆ مێیینەکان قەدەغەیە، ئیتر ئایا لە خەستەخانەکاندا بێت یان لە بنکە ویەکە تەندرووستیە گشتیەکان، یان تایبەتیەکان. ڕێگەش بە ئەنجام دانی ئەو نەشتەرگەریە نادرێت مەگەر تەنها لە حاڵەتەکانی نەخۆشیدا، کە ئەو حاڵەتانەش دەبێت لەلایەن سەرۆکی بەشی نەخۆشیەکانی ئافرەتان ومنداڵ بوون دیاری بکرێن، کە ئەویش بەپێی پێشنیار وڕاسپاردەی پزیشکی چارەسەرکەر دەبێت.

جا هەندێك موسوڵمان کە ئاسۆی بڕیاردانیان فراوان نەبوو، توانای زانستیان بەو ڕادەیە نەبوو، وایان گوومان دەبرد کە ئەو بڕیارە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامیە، کەوابوو پێچەوانەی دەستووری میصریشە، هەر بۆیە هەستان بە بەرز کردنەوەی داوایەکی دادگایی لەلای دادگای کارگێری (القضاء الإداري)، ئەو دادگایەش لەو بڕیارەی کە دەری کرد باسی لە چەند حەیسیاتێك کردووە بۆ دەرکردنی بڕیارەکە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

((دادگای کارگێری گەیشتە ئەو ڕاستیەی کە بەپێی ڕێز کردن وهێنانی ئەو بۆچوونە فیقهانەی پێشتر کە هەبوون: شەریعەتی ئیسلامی بڕیارێکی یەکلایی کەرەوە ودەقێکی قەتعی تێدا نییە کە بڵێت: ئافرەت دەبێت خەتەنە بکرێن،

یان نابێت خەتەنە بکرێت، هەر بۆیە تەواوی ئەو بڕیارانەش کە لەم مەسەلەیەدا هاتوون، هەموویان (ظني الدلالة)ن، واتە: چەند مانایەك هەڵدەگرن، بەو پێیەی کە زانستی پزیشکیش یەك دەنگ نییە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بەڵکو هەندێك وای بۆ چوون کە خەتەنە کردنی مێیینەکان لە رووی پزیشکیەوە بەرژەوەندی تێدایە، وهەندێکی تریش پێیان وایە کە خراپ ترین زیانی دەروونی وتەندرووستیان پێ دەگەیەنێت، بەو پێیەی کە کاربەدەستی وڵات بۆی هەیە ئەو کاروبارانە ڕێك بخات، کە دەقێکی شەرعی قەتعیان لەسەر نەهاتووە نە لە قورئان ونە لە سونەتی پێغەمبەریشدا، زانایانیش یەك دەنگ نین، هەروەها بەو پێیەی کە کاربەدەستی وڵات بۆی هەیە ئەو مەسئەلانەش ڕێك بخات کە زانایان تێیاندا ناکۆکن، ویەك بۆچوونیان نییە. بە شێوەیەکی گشتی (دەتوانێت) هەموو ئەو مەسئەلانەش ڕێك بخات کە درووستە ئیجتیهادیان تێدا بکرێت، ئەم ڕێکەیەش کە کاربەدەستی وڵات دەیگرێتە بەر هەروا ڕەها نییە، بەڵکو پێویستە بەو کارەی کە دەیکات مەبەستی هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی خەڵك بێت، یان مەبەستی لادانی زیانێك بێت لێیان، بەڵام بەمەرجێك کە ئەو کارەی کە دەیکات (و ئەو بڕیارەی کە دەیدات) دژی دەقێکی شەرعی یان بڕیارێکی قەتعی نەوەستێتەوە)).

هەروەها لە بڕیاری دادگای کارگێڕیش لە ساڵی (١٩٩٧ز)دا هاتبوو کە:

((ناکرێت ئەو بڕیارەی کە وەزیر دەری کردووە بە پێچەوانەی دەستوور دابنرێت. بەوپێیەی کە خەتەنە کردن کارێکی نەشتەرگەریە، وشەریعەتیش هیچ بڕیارێکی وەهای تێدا نییە کە بە واجیبی دابنێت، بۆیە ئەصڵ وەهایە کە ئەنجام نەدرێت، مەگەر بە مەبەستی چارەسەرکردن)).

((نەشتەرگەریش _ هەرچۆنێك بێت وچەندە گەورە بێت _ ئەگەر هۆیەکی وەها نەبوو بۆ ئەنجام دانی بە تەواوی مەرجەکا نییەوە، ئەوا بە کارێکی قەدەغە وحەرام دادەنرێت لە شەرع ولە یاساشدا، ئەمەش وەك پابەند بوونێك بەو بنەما گشتیەی کە باس لە مافی مرۆڤ دەکات لەرووی سەلامەتی لاشەیەوە، دەبێت هەموو کردەوەیەکیش کە شەرع بە ڕەوای دانەنابێت، ئەگەر مەترسی هەبوو لەسەر سەلامەتی لاشە، ئەوە دەبێت ئەو کردەوەیەش بە تاوان دابنرێت)).

ئەمەی کە باسمان کرد سەبارەت بە وڵاتی میصر بوو، سەبارەت بە وڵاتە ئیسلامیەکانی تریش، ئەوەیە کە ئەوانیش مێیینە خەتەنە ناکەن، وەك شانشینی سعودییە بۆ نموونە.

بەڵکو ئەم پەرچدانەوە کورتە لەسەر ئەم گومانەش وا بکات کە چی تر لەمەولا کەس لێی تێك نەچێت، وئەو تێگەیشتنانەیش ڕاست بکاتەوە کە زیاتر بۆ پروپاگەندە بەکار دەهێنرێت، وهیچ ویژدانێکیشی تێدا نییە.

جا هەرچۆنێك بێت، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کچە بەڕێزەکانی خۆی خەتەنە نەکردووە.[1]

---

(١) ئەوەی کە لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە مامۆستای دانەر باسی بۆچوونی هیچکام لە زانایانی نەکردووە، بەڵکو مەسەلەکەشی بەو جۆرە باس کردووە کە تەنها عادەتێك بووە وهیچی ترا، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر کتێب وسەرچاوە برواپێکراو ومتمانەدارەکانی فیقهی ئیسلامی لە هەر چوار مەزهەبەکە، ئەوا دەبینین کە زانایان لەم مەسەلەیەدا ڕاو بۆچوونی خۆیان هەیە، کە سەرچاوەی لە قورئان وفەرموودەکانی حەزرەتەوە (صلى الله عليه وسلم) وەرگرتوە، بۆیە بە پێویستی ئەزانم کە بۆچوونی هەندێکیان لێرەدا باس بکەم، بۆ ئەوەی کە مەسەلەکە زیاتر ڕوون بێت، وبواری پرسیاری تریش نەمێنێت:

* زۆرینەی زانایانی مەزهەبی شافیعی وهەندێك لە حەنبەلیەکان دەفەرموون: خەتەنە کردن واجیبە بۆ نێرینە ومێیینەش.
* زۆرینەی زانایانی مەزهەبی حەنبەلی وهەندێك لە شافیعیەکان دەفەرموون: خەتەنە کردن بۆ نێرینە واجیبە، وبۆ مێیینەش ڕێز لێگرتن وچاکە لەگەڵ کردنە. =

- ★ زانایانی هەردوو مەزهەبی مالیکی وحەنەفی دەفەرموون: خەتەنە کردن سونەتە بۆ نێرینە ومێیینەش.
★ هەندێکیش لە زانایان فەرموویانە: بۆ نێرینە سونەتە، وبۆ مێیینەش ڕێز گرتن وخزمەت کردنە، چونکە حەزرەت (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (الختان سنة للرجال مكرمة للنساء) بەلأم زانایان فەرموویانە: ئەم فەرموودەیە بێ هێزە. (بڕوانە: تلخيص الحبير/ ٤/ ٨٢)
زانایانی کۆمەڵەی یەکەم بەلگەیان بۆ بۆچوونەکەی خۆیان هێناوەتەوە بە پشت بەستن بە فەرموودەیەکی صەحیحی حەزرەت (دروودی خوای لەسەر بێت) کە ئیمامی بوخاری وموسلیم گێڕاویانەتەوە، کە دەفەرموێت: ((حەزرەتی ئیبراهیم (پێغەمبەر) لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا خەتەنەی کردووە)).. وە خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانمان پێ دەکات کە بکەوینە شوێن ئاینەکەی حەزرەتی ئیبراهیم ﴿ فاتبعوا ملة ابراهيم حنيفا ﴾، کە ئەم ئایەتە دەبێت بە بەلگە لەسەر ئەوەی کە هەر شتێك کە لەسەر ئەو واجیب بووبێت ئەوە لەسەر ئێمەش هەر واجیبە، مەگەر بەڵگەیەکی وەها هاتبێت کە کردبێتی بە سونەت، وەکو سیواك، وە ئیمامی خەطابی دەفەرموێت ئەو سیفەتانەی کە لە فیترەتی مرۆڤەکانن (وەکو: کورت کردنەوەی سمێڵ، وتاشینی مووی بەر، ونینۆك کردن، ومووی بن هەنگڵ دەرکێشان، وخەتەنە کردن)، هەموویان واجیب بوون لەسەر حەزرەتی ئیبراهیم. (بڕوانە: کتێبی: (المجموع شرح المهذب)ی ئیمامی نەوەوی/ ١/ ٢٤٨)
هەروەها فەرموودەیەکی تری حەزرەتیان هێناوە کە باسی خۆ شۆردن دەکات لە کاتی بەیەك گەیشتنی دوو ئەندامە خەتەنە کراوەکە (إذا التقى الختانان وجب الغسل)، کە ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە هەردوو ڕەگەز هەر خەتەنە کراون.
ئەوجا لە باسکردن وتاوتوێ کردنی بەڵگەی تەواوی زانایاندا قسەوباس زۆرە. بۆیە لێرەدا هەر ئەمەندە بەسە، وهەر کەسێکیش زیاتری بوێت دەتوانێت بگەڕێیتەوە لای سەرچاوە فیقهییەکان.
بەلأم بڕیاری شەرع لەم بارەیەوە هەرچۆنێك بێت (واجب، یان سنة، یان مكرمة)، گومانی تێدا نییە وبەپێی بۆچوونی زۆرێك لە زانایان: کردنی خەتەنە بۆ ئافرەت بەو شێوەیەی کە شەرع دەفەرموێت، وبەپێی ڕێنموویيە پزیشکیەکان، سوود وقازانجی هەم بۆ ئافرەتەکە خۆی وهەم بۆ کۆمەڵگەش تێدایە. (بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە: الإعجاز الطبي في القرآن/ د. السيد الجميلي/ ٢٥٤ – ٢٥٥، وبناء الأسرة المسلمة/ خالد عبد الرحمن العك/ ٤٥٩، وحقوق الإنسان في القرآن والسنة/ د. محمد الصالح/ ٢١٣ – ٢١٤) (وەرگێڕ)

بەشی حەوتەم

مافە سیاسیەکانی ئافرەت

موسوڵمانان لە مێژووی خۆیاندا، نە لەکاتی ئەوپەڕی شکۆیاندا ونە لە کاتی ئەوپەڕی لاوازی وبێهێزیشیاندا، مەسەلە وبابەتێکیان نەناسیوە بە ناوی: (باس وکێشەی ئافرەت)، نە لە ڕووی کارکردنەوە، ونە لە ڕووی بەشداری سیاسیانە ونە لە هیچ لایەنێکی تریشەوە، بەلام لە کاتێکدا کە ڕۆژئاوا نەخۆشی وکێشەکانی خۆیان گواستەوە بۆ هەموو دونیا _ بە موسوڵمانانیشەوە _ ئەو کاتە شتێك دەرکەوت بە ناوی (کێشە وبابەت ودۆسیەی ئافرەت)، چونکە تاوەکو ئەو کاتەش بابەتێکی لەو جۆرە بوونی نەبوو. ئەوجا دەست کرا بە بانگەواز وداوای ئازاد کردنی ئافرەت _ کە خۆی بۆ خۆی هەر ئازاد بووە _ کرا لە زۆرێك لە کۆمەڵگای موسوڵمانەکاندا، ویستیان ئەو چەمکە تازە ڕۆژئاواییانە بۆ ئێمەش بگوازنەوە _ کە ئەو چەمکانە بەرپەرچە کردارێك بوون بۆ سەردەمانێکی تاریك کە ئەورووپای تێدا دەژیا _ دەیانەوێت ئێمەی لەسەر دادگایی بکەن، وچەمکی ئازاد کردن بەلای عەلا نییەتی ڕۆژئاواوە بسەپێنن بەسەرماندا.

جا کۆدەنگیەك هەیە لە نێوان زانایانی ئوصول وتەفسیر وفیقە وحەدیس لەسەر ئەوەی کە نێرینە ومێیینە هەردووکیان وەکو یەك موکەلەفن وبەرپرسیارێتی ڕوویان تێدەکات، بەڵکو فەرمووشیانە: هەموو ئەو دەقە شەرعیانەی کە ڕوو لە پیاوان دەکەن، لە هەمان کاتیشدا ڕوو لە ئافرەتانیش دەکەن، لە تەواوی بڕیار وئەرك وپەند (و ئامۆژگاریەکاندا)، بەلام بە مەرجێك کە ئەو خیتابە کۆت (تقیید) نەکرابێت بەو تایبەتمەندیانەی کە پەیوەندیان بە پێکهاتەی پیاو یان ئافرەتەوە هەیە، بە مەرجێکیش کە لە خیتابەکە خۆیدا

بە ڕاشکاوی نەهاتبێت کە ئەو خیتابە تایبەتە بە پیاوان نەوەك ئافرەتان، یان بە پێچەوانەوە.

پێ دەچێت (أم سلمة) ڕوون ترین نموونە بێت بۆ ئەم جۆرە تێگەیشتنە. ئەوەتا عەبدولای کوڕی رافیع دەفەرموێت: (أم سلمة) گێڕایەوە کە (کەنیزەکێك) قژی (بۆ) شانە دەکرد، لەو کاتەدا گوێی لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو کە لەسەر مینبەرەکە دەیفەرموو: ئەی خەڵکینە. ئەمیش فەرمووی بە کەنیزەکەکەی: جارێ لێم گەڕێ، ئەویش پێی وت: خۆ بانگی پیاوانی کرد، نەك ئافرەتان. (أم سلمة)یش فەرمووی: منیش هەر خەڵکم (واتە هۆ خەڵکینە منیش دەگرێتەوە)

جا سەبارەت بە یاسای وڵاتی (مصر) _ وەکو نموونەیەك بۆ یاسای وڵاتە ئیسلامیەکان _ مافە سیاسیەکان بەو مافانە دادەنێت کە لە یاسادا هاتوون، ودانیان پێدا نراوە بۆ ئەو کەسەی کە سەر بەو وڵات ونیشتمانەیە، زۆر جار یاسادانەر هەبوون وخاوەنداریێتی ئەم مافانە دەبەستێتەوە بە مەرجی (بوونی) ڕەگەزنامەوە. بەو واتایەی کە ئەم مافانە نادرێت بە کەسێك، مەگەر خەڵکی ئەو وڵاتە بێت، بۆیە بێگانە ئەم مافانەی نییە.

نموونەی ئەو یاسایانەی کە باسی ئەم مافانەیان کردووە، وەکو دەقی مادەی یەکەمی یاسای (مباشرة الحقوق السياسية في مصر)ی ژمارە (٧٣)ی ساڵی (١٩٥٧)ز کە ئەمە دەقەکەیەتی: ((هەموو هاووڵاتییەکی میصری، نێرینە بێت یان مێیینە، تەمەنی گەیشتبێتە هەژدە ساڵی زاینی، دەتوانێت مافە سیاسیەکانی خۆی بەکار بهێنێت)).

هەروەها لە مادەی پێنجەمی یاسای ئەنجوومەنی گەلی ژمارە (٣٨)ی ساڵی (١٩٧٢)ی هەموار کراو بە یاسای ژمارە (١٠٩)ی ساڵی (١٩٧٦)، مادەی شەشەمی یاسای ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری ژمارە (١٢٠)ی ساڵی (١٩٨٠)، مادەی (٧٥)ی یاسای فەرمان ڕەوایی خۆجێیی (الحكم المحلي) ژمارە (٤٣)ی ساڵی (١٩٧٩) دا هاتووە

کە: ((بەمەرج گیراوە بۆ خۆپاڵاوتن، یان دامەزراندن لەو ئەنجوومەنانە، کە کەسەکە ڕەگەزنامەی میصری هەبێت)). هەروەك لە دەستووری ئێستاشدا لە مادەی حەفتا وپێنج (٧٥)دا هاتووە کە: ((بەمەرج گیراوە بۆ ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێررێت بۆ سەرۆکی کۆمار، کە دەبێت دایك وباوکی ڕەگەز نامەی میصریان هەبێت)).[1]

جا ئێمە دەکرێت کە نیشانەکان ولایەنە دیارەکانی مافە سیاسیەکان لە کۆمەڵگای موسوڵمانانندا بە شێوەیەکی گشتی لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

---

(١) هەروەها لە ولاتی عێراقیشدا: لە دەستووری ساڵی (٢٠٠٥ز)دا لە چەند مادە وبڕگەیەکدا باسی ئەم مافانەیان کردووە بۆ ئافرەت، وەکو:

- لە مادەی (٢٠)دا هاتووە کە: هاولاتیان پیاوان وژنان مافی بەشداری بوونیان هەیە لە کاروباری گشتیدا، هەروەها سوود مەند بوون لە مافە ڕامیاریەکان، بە مافی دەنگدان وهەڵبژاردن وخۆپاڵاوتنیشەوە.
- لە مادەی (٤٧)دا لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێت: ئەنجوومەنی نوێنەران لە ژمارەیەك ئەندام.... پێکدێت. وئیتر بە ڕەهایی وبە بێ باس کردنی ڕەگەز. وە لە بڕگەی چوارەمیشدا دەڵێت: یاسای هەڵبژاردنەکان هەوڵی دابین کردنی ڕێژەیەکی نوێنەرایەتی بۆ ئافرەتان دەدات کە لە چواریەکی ئەندامانی نوێنەران کەمتر نەبێت. جا ئەم ڕێژەیە هیچ یەکسا نییەکی تێدا نییە بۆ ئافرەتان، بەلام بۆ واقیعی ئێستای عێراق گونجاوە.
- لە مادەی (٦٥)دا باس لە مەرجەکانی پالێوراو دەکات بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، کە لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێت: لە عێراق لە دایك بوو بێت ودایك وباوکی عێراقی بن
- لە مادەی (٧٤) لە بڕگەی یەکەمدا باس لەوە دەکات کە مەرجەکانی پالێوراو بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەر هەمان مەرجەکانی پالێوراون بۆ سەرۆك کۆمار، وچەند مەرجێکی تریش، کە مەسەلەی ڕەگەزیان تێدا نییە. وە لە بڕگەی دووەمیشدا باس لە مەرجەکانی وەزیر دەکات کە هەمان مەرجەکانی پالێوراوانی ئەنجوومەنی نوێنەرانە.

وە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا کە پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری/ ٢٤/ ٦/ ٢٠٠٩ز پەسەندی کردووە، لە مادە (٢٠)دا کە باس لە یەکسانی دەکات لە سێ بڕگەدا ئەو مافانەی تێدا باس کراوە.

١. هەڵبـژاردن وڕازی بـوون بـە فـەرمانڕەوا. کـە ئەمـە لـە بەرهـەم وکتێبـە فیقهیەکاندا پێی دەوترێت: بەیعەت کردن (**البیعة**).
٢. بەشـداری کردنـی گشـتی لـەو مەسـەلە وبابەتانـەی کـە تایبەتمەنـدن بـە تەواوی گەل ومیللەتەوە. کە ئەمەش ئەو بنەمای ڕاوێژکاریەیە کە ئیسلام زۆر (سوورە لەسەری و) هانمان دەدات لە سەری.
٣. گرتنە دەستی پلە وپۆستە سیاسیەکانی حکوومەت ودەزگا ودامەزراوەکانی دەوڵەت.
٤. ئامۆژگاری کردنی فەرمان ڕەوا، وفەرمان پـێ کردنـی بـە چاکە، وئاگـادار کردنەوە ونەهی لێ کردنی لە خراپە.

وە ئاینی ئیسلام جیاوازی نەکردووە لە نێوان پیاو وئافرەتدا لە تەواوی ئەم مافانەدا کە باسمان کردن، وەکو لەم باسانەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە:

یەکـەم: هەڵبـژاردن وڕازی بـوون بـە فـەرمانڕەوا. کـە لـە بەرهەم وکتێبە فیقهیەکاندا پێی دەوترێت (البیعة).

خوای گەورە لە زیاد لە شوێنێکدا بە شێوەیەکی گشتی وبـێ تایبـەت کـردن بە پیاوان یان ژنان، باسی لـە بەیعـەت کـردووە. وەك دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ﴾ الفـتح/ ١٠. ((واتــە: بەڕاسـتی ئـەو کەسـانەی کـە پـەیمانی مردنیـان پێـدایت - کـە ئەگـەر بـێ بـاوەڕانی مەککـە عوسمانیان شەهید کردبێت، ئەوە بۆ تۆڵە وەرگرتنەوە هێرش بکەنـە سـەریان - ئەوانە بەو پەیمان بەستنەیان لەگـەڵ تـۆدا، پـەیمانیان لەگـەڵ خـودا بەسـتووە، دەستی خودا لە سەرووی دەستی ئەوانەوەیە))

هـەروەها باسـی بەیعـەت کردنـی ئافرەتانیشـی کـردووە، وەك دەفـەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِى

مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ الممتحنة/ ١٢. ((واتە: ئەی پێغەمبەر، ئەگەر ئەو ئافرەتانەی کە ئیمانیان هێناوە هاتن بەیعەتت بدەنێ، لەسەر ئەوەی کە تەنها خودا بپەرستن ووێنە وهاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن، دەست پاك بن ودزی نەکەن وخۆیان لە داوێن پیسی وبەدڕەوشتی بپارێزن، ومنداڵەکانیان نەکوژن ـ وەك پێش هاتنی ئاینی ئیسلام هەندێك کەس کچی خۆیان زیندەبەچاڵ دەکرد، یان هەر وەکو ئەوەی هەندێك ئافرەت کە سکیان پڕ دەبوو سکەکەیان لەبار دەبرد ـ هەروەها پەیمانت بدەنێ لەسەر ئەوەی کە منداڵی کەسێکی تر بە درۆ بە منداڵی خۆیان دانەنێن وبڵێن: ئەم منداڵە لە من بووە، هەروەها بەڵێنت بدەنێ کە لە جێبەجێ کردنی هەموو فەرمانێکی خێرت دوانەکەون وبە جوانی ئەنجامی بدەن، ئەوە ـ ئەی پێغەمبەر ـ تۆیش لەسەر ئەو شتانە بەیعەتیان لێ وەربگرە وداوای لێخۆشبوونیان لە خودا بۆ بکە، بێ گومان خودا زۆر لێخۆشبوو خاوەن بەزەییە)).

کەواتە قورئانی پیرۆز ئەوەی سەلماندوە کە ئافرەتیش وەکو پیاو بە تەواوەتی مافی ئەوەی هەیە کە بەیعەت بکات بە فەرمان ڕەوا، دەنگیشی هەر هەمان دەنگی پیاوانە، بە بێ جیاوازی.

دووەم: بەشداری کردنی گشتی لەو مەسەلە وبابەتانەی کە تایبەتن بە تەواوی گەل ومیللەتەوە. کە ئەمەش پێی دەوترێت: بنەمای ڕاوێژکاری (مبدأ الشوری).

ئاینی ئیسلام زۆر هانی ئەوەی داوە کە ئەم بنەمایە لە نێوان کاربەدەست وژێردەستەکاندا پەیڕەو بکرێت، وهیچ جیاوازیشی نەکردووە لە نێوان پیاو وئافرەتدا لەم مەسەلەیە، لە زیاد لە جێگەیەکی قورئانی پیرۆزدا پەروەردگارمان ئێمەی ڕێنموویی کردووە بۆ ئەم کارە، وەکو لە باسی سیفەتە باشەکانی موسوڵمانانەدا دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُواْ لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمْرُهُمْ

شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ ﴾ الشورى/ ٣٨. ((واتە: هەروەها ئەوانە ئەو کەسانەن کە لە ئاستی فەرمان وبڕیارەکانی خودای پەروەردگاریاندا ملکەچن، وبە دڵێکی بێدارەوە وبە ڕێکوپێکی نوێژەکانیان بە ئەنجام دەگەیەنن، تەنها بەپێی ئارەزووی خۆیان کاروباری وڵات ومیللەت بەڕێوە نابەن، ولە خۆیانەوە بڕیاری لەسەر نادەن، بەڵکو پرس وڕاوێژ دەکەن، وڕاو تەدبیری خاوەن ڕایان وەردەگرن، لەو ماڵ وسامانەی کە بەشمان داون، بەشی هەژار ودەستکورتانی لێ دەدەن، ولە کۆمەڵگادا کەسانی چاکەکار وبە کەڵکن)).

خوای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی، کە لەو سەردەمەدا کاربەدەست وفەرمان ڕەوای موسوڵمانان بووە، وەك دەفەرموێت: ﴿فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ ﴾ آل عمران/١٥٩. ((واتە: تۆ لە هەڵەکانیان ببوورە، وچاوپۆشی بکە، ولە خودا داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکە، بۆ هەر کاروبارێك پرس وڕاوێژ بە هاوەڵەکانت بکە)).

پێغەمبەریش ڕاوێژی کرد بە (أم سلمة)ی خێزانی، لە مەوقیف وبارودۆخێکی زۆر دژواردا، لە ڕێکەوتن نامەی حودەیبیەدا، پاش ئەوەی کە پەیمان نامەی ڕێکەوتنەکە لەگەڵ موشریکەکاندا نوسرایەوە، پێغەمبەر فەرمانی دا بە موسوڵمانان کە هەستن بە سەربڕینی حەیوان وقژی خۆشیان کورت بکەنەوە، چونکە ئەم ساڵ ناچن بۆ شاری (مكة). کەچی یەك کەسیان هەڵنەسان.

جا ئیمامی عومەر ئەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە، ودەفەرموێت: ((کاتێك کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە نووسینەوەی نوسراوەکە بوویەوە، فەرمووی بە هاوەڵەکانی: (هەستن حەیوان سەر ببڕن، وپاشان قژیشتان بتاشن). جا دەفەرموێت: سوێند بە خوا یەك پیاو هەڵنەسا. هەتا پێغەمبەر سێ بارەی کردەوە. ئەوجا کە کەس هەڵنەسا، پێغەمبەریش چوە ژوورەوە بۆ لای (أم سلمة) وباسی ئەوەی بۆ کرد کە لەو خەڵکە بینی. (أم سلمة)ش پێی فەرموو:

ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوەت پێ خۆشە؟ بچۆرە دەرەوە ویەك وشە قسە لەگەڵ کەسدا مەکە، تاوەکو حوشترەکەی خۆت سەردەبڕیت، ونەوجار بانگ بکە باسەرتاشەکەت سەرت چاك بکات. ئیتر پێغەمبەریش چوە دەرەوە، وقسەشی لەگەڵ کەسدا نەکرد، هەتا کارەکەی ئەنجامدا: حوشترەکەی سەربڕی وبانگی سەرتاشەکەشی کرد، ونەویش سەری بۆ چاك کرد. جا کاتێك کە هاوەڵان ئەمەیان بینی، هەستانەوە ئەوانیش حەیوانی خۆیان سەربڕی ودەستیان کرد بە سەرچاك کردنی یەکتری (لە هەندێك لە ڕیوایەتەکاندا دەفەرموێت: لە غەمباری وبێ تاقەتیدا خەریك بوو یەکتری سەر ببڕن))[1].

لەم سەردەمە تازەی ئێمەشدا زانایانی ئیسلام ڕێگریان نەکردووە لە هەڵبژاردنی ئافرەت بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی، ونوێنەرایەتی کردنی چین وتوێژێکی فراوانی گەل، وبەشداری کردن لە دانان وداڕشتنی ئەو یاسایانەی کە بۆ ڕێکخستنی کاروباری خەڵك دادەنرێن. ئەوەتا خانەی فەتوادانی وڵاتی (مصر) فەتوای ژمارە (٨٥٢)ی ساڵی (١٩٩٧ز) دەر کرد سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر درووستی بە ئەندام بوونی ئافرەت لە ئەنجوومەنی نوێنەران، یان گەل، کە پووختەی فەتواکە ئەمەیە: هیچ ڕێگرێکی شەرعی نییە بۆ بە ئەندام بوونی ئافرەت لە ئەنجوومەنەکانی نوێنەران وگەڵدا، ئەگەر خەڵك ڕازی بن بەوەی کە ئافرەت نوێنەرایەتیان بکات لەو ئەنجوومەنانەدا، بەمەرجێکیش کە مواسەفاتی ئەو ئەنجوومەنانە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو سرووشتە تایبەتەی ئافرەت کە خوا پێی داوە، دەبێت ئەو ئافرەتە لەو جێگایانەدا پابەند بێت بە سنوورەکانی شەرعی خواوە، بەو جۆرەی کە خوای گەورە لە شەریعەتی ئیسلامدا دیاری کردووە وفەرمانی پێ داوە.

---

(١) البخاري/ كتاب الشروط/ باب الشروط في الجهاد والمصالحة مع أهل الحرب وكتابة الشروط/ ٢٥٨١، والطبراني في المعجم الكبير/ باب الميم/ من اسمه مسور/ ١٣، وعبد الرزاق في مصنفه/ كتاب المغازي/ غزوة الحديبية/ ٩٧٢٠، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب الجزية/ باب المهادنة على النظر للمسلمين/ ١٨٥٨٧.

سێیەم: گرتنە دەستی پلە وپۆستە گرنگەکانی حکوومەت ودەزگا ودامەزراوەکانی دەوڵەت.

گێڕانەوەیەکی زۆر هاتووە لەبارەی گرتنە دەستی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن یان پۆلیسی یان ئەوەی کە لە کتێبە فیقهیەکاندا پێی دەوترێت: (**الحسبة**)، لە لایەن ئافرەتەوە، ئەویش لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا.

جا هەر لەسەر ئەو گێڕانەوانەش هەندێك لە زانایانی ئیسلام بە درووستیان داناوە کە ئافرەت ئەم پۆست وپایە هەستیارەی دەسەڵات وپێشەنگی لە وڵاتی ئیسلامیدا بگرێتە دەست. ئەوەتا لە کتێبی (**الموسوعة الفقهية**)دا هاتووە: ((کەسانێکی تر ڕێگەیان بەم کارە داوە، چونکە نەگێڕنەوە کە سەمرائی کچی شوهەیکی ئەسەدی[1] کاتی خۆی بە بازاڕدا تێدەپەڕی، وفەرمانی دەکرد بە چاکە ونەهی دەکرد لە خراپە، بەو قامچییەی کە بە دەستیەوە بوو.))[2]

ئەم هەواڵەی سەمرائیش یەحیای کوڕی ئەبو سولەیم گێڕاویەتیەوە، کە دەفەرموێت: ((سەمرائی کچی نوهەیکم بینی، کە بە خزمەتی پێغەمبەر گەیشتبوو (واتە: لە ڕیزی هاوەڵان دەژمێررا)، جل وبەرگێکی ئەستووری پۆشی بوو، پەچەیەکی ئەستووریشی کردبوو، قامچییەکیشی پێ بوو کە خەڵکانی پێ تەربێت ئەدا، وفەرمانی دەکرد بە چاکە ونەهی دەکرد لە خراپە.))[3]

هەروەها لەسەر وتەی هەندێك لە زانایانی متمانەداریش، درووستە کە ئافرەت کاری دادوەری بگرێتە دەست، ئەوەتا ئیمامی ئەبو حەنیفە و

---

(١) ڕاستیەکەی ئەوەیە کە (سەمرائی کچی نوهەیکە).

(٢) الموسوعة الفقهية الكويتية/ ١٧/ ٢٤١/ حرف الحاء/ حسبة.

(٣) الطبراني في المعجم الكبير/ مسند النساء/ باب السين/ سمراء بنت نهيك/ ٧٨٥، وذكره ابن عبد البر في الاستيعاب/ ٤/ ١٨٦٣، والهيثمي/ في مجمع الزوائد/ ٩/ ٢٦٤، وعزاه إلى الطبراني، ثم قال: رجاله ثقات.

هاوەڵەکانیشی پێیان وایە: ئافرەت درووستە کاری دادوەری بگرێتە دەست لە هەموو ئەو کارانەی کە دەکرێت تیایاندا ببێت بە شایەت، ئیتر بە تەنها، یان لەگەڵ پیاواندا. چونکە شایەتی دانیش هەر مانای ویلایەت وسەرپەرشتیاری تێدایە. شێخی ئیبنو حەجەر ئەمەی باس کردووە، وەك دەفەرموێت: ((ڕێگە نەدان بەوەی کە ئافرەت کاربەدەستی ودادوەری بگرێتە دەست، ئەوە وتەی زۆرینەی زانایانە، بەڵام (طبري) ڕێگەی پێداوە، کە ئەمەش یەکێکە لەو ڕیوایەتانەی کە لە ئیمامی مالیکەوە گێڕاویانەتەوە، بەلای ئیمامی ئەبو حەنیفەشەوە: ئافرەت فەرمان ڕەوایی (و دادوەری) دەگرێتە دەست لەو کارانەی کە درووستە ببێت بە شایەت تێیاندا))[1]

ئەوجا ئەوەی کە باسمان کرد ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ئافرەت هەم لە واقیعی عەمەلی موسوڵماناندا وهەم لە کتێب وبەرهەمە فیقهیەکانیشدا هاتووە کە پۆست ودەسەڵاتە گرنگە حکوومیەکانی[2] گرتۆتە دەست، لەم

---

(١) فتح الباري لابن حجر العسقلاني/ ٨/ ١٢٨، قوله باب كتاب النبي صلى الله عليه وسلم إلى كسرى وقيصر.

(٢) لەبەر ئەوەی کە لەم نوسراوەی مامۆستای دانەردا گومانێك درووست دەبێت لەسەر ئەوەی کە گوایە ئافرەت بۆی هەیە هەموو کارێکی حکومی ودەسەڵات بگرێتە دەست، لە ناویاندا: سەرۆکی کۆماری یان پاشایەتی، کە ئەم کارەیان زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە درووست نییە. چونکە وەکو ئیمامی بوخاری وزۆرێکی تریش لە زانایان بۆمان دەگێڕنەوە: کاتێك کە هەواڵیاندا بە حەزرەتی پێغەمبەر کە فارسەکان لە پاش کیسری کچەکەیان کردووە بە پاشای خۆیان، ئەویش فەرمووی: (لن يفلح قوم ولوا أمرهم امرأة) واتە: ئەو گەل وهۆزە بەختەوەر وسەرکەوتوو نابن کە کاروباریان بدەنە دەست ئافرەت.، بەڵام کارەکانی تری هەر لە وەزارەتەکانەوە تاوەکو پارێزگاری وقائیمقانی وبەڕێوەبەری ناحیە ودادوەری وبەرپرسیارێتی هەر جۆرە بەڕێوەبەرایەتیەك، هەموو ئەمانە دەرفەتێکیان تێدایە لە شەرعدا بۆ ئەوەی کە ئافرەت ڕۆڵیان تێدا ببینێت، بەڵام سەرکردایەتی وڵات جیاوازی هەیە، هەم لە ڕووی سیاسیەوە وهەم لە ڕووی دینیشەوە. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانرێت تەماشای ئەم سەرچاوانە بکرێت: (المرأة بين طغيان النظام الغربي ولطائف التشريع الرباني/ د. محمد سعيد رمضان البوطي/ ٦٩ – ٨١، والمرأة بين الفقه والقانون/ الدكتور مصطفى السباعي/ ٣٩ – ٤١، وشخصية المرأة المسلمة في ضوء =

سەردەمەی ئێمەشدا دەبینین کە ئافرەت بەشداری پیاو دەکات _ لە زۆرینەی ولاتە ئیسلامی وعەرەبیەکاندا _ لە هەموو کارە دەوڵەتیەکان، ولە ژیانی سیاسی وزانستیشدا، ئەوتا چەندەها ساڵە دەبینین کە ئافرەت: سەفیرە ووەزیرە ومامۆستای زانکۆیە ودادوەرە. لەگەڵ پیاوانیشدا یەکسانن لەڕووی پاداشت و مووچەی پیشەکەیان، لە هەموو ئەو کارانەدا.

چوارەم: ئامۆژگاری کردنی فەرمان ڕەوا، وفەرمان پێ کردنی بە چاکە، ونەهی لێ کردنی لە خراپە.

ئامۆژگاری کردنی ئافرەتان بۆ کاربەدەستانی ولات، وقسەی ڕاست کردن لە بەرامبەریان، هەر زوو لە سەدەی یەکەمی کۆچییەوە، لەو سەردەمە پڕخێرەدا دەستی پێ کرد.

ئەوەتا لە سەردەمی خەلیفایەتی عومەردا، وەکو قەتادە بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: ((ئیمامی (عمر) لە مزگەوت دەرچوو، کەسێکی لەگەڵدا بوو بە ناوی (الجارود العبدي)، ئەوجا گەیشتن بە ئافرەتێك لەسەر ڕێگەکەیان، و ئیمامی عومەر سەلامی لێ کرد، وئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، و(بە سەرسووڕمانەوە) وتی: هێی عومەر کاتێ من تۆم بینی پێیان دەوتی (عمیر) (واتە: عومەرە بچکووکەکە، چونکە منداڵ بووە)، لە بازاڕی (عکاظ) گاڵۆکێکت پێ بوو، (شوانی مەڕ بوویت) مەڕت ئەلەوەڕاند (لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە: گاڵۆکێکت پێ بوو، منداڵت پێ ئەترساند)، ئەوجا پاش ماوەیەك پێیان دەوتیت: (عمر)، پاش ماوەیەکی تر ناوت لێ نرا: پێشەوای ئیمانداران. جا لە خوا بترسە سەبارەت بەو خەڵکەی کە لە ژێر دەستت دان، ئەوەش بزانە کە

- الكتاب والسنة/ خالد عبد الرحمن العك/ ٢٦٦ — ٢٧١، وشبهات وإجابات حول مكانة المرأة في الإسلام/ الدكتور محمد عمارة/ ٢/ ٨٠ — ٨٦، والمرأة بين الشريعة وقاسم أمين/ زكي علي السيد أبو غضة/ ٢٤٦ — ٢٥٥، والمرأة بين الإسلام والقوانين العالمية/ المستشار سالم البهنساوي/ ١١٢ — ١٢٦) (وەرگێڕ)

هەر کەسێك لە هەڕەشەی خوا بترسێت، شتە دوورەکانی بۆ نزیك دەبێتەوە، هەر کەسێکیش لە مردن بترسێت، ئەوە ترسی لەناوچوون وفەوتانی لێ دەکرێت))[١].

لە ئەبو نەوفەلەوە هاتووە کە وتوویەتی: ((... پاش کوژرانی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر، حەجاجی کوڕی یوسوفی (ثقفي) چوو بۆ لای ئەسمائی کچی ئیمامی ئەبو بەکر، وپێی وت: بینیت چیم کرد بەو دوژمنی خوا؟! ئەویش فەرمووی: وا دەبینم کە تۆ دنیات لەو شێواند، بەڵام ئەویش دوارۆژی لە تۆ شێواند، ئاگاداریشبە کە پێغەمبەری خوا پێی فەرمووین: **(ان في ثقيف كذابا ومبيرا فأما الكذاب فرايناه وأما المبير فلا إخالك إلا إياه)** واتە: هۆزی (ثقيف) درۆزنێك وویرانکەر (فڕکەر)ێکیان تێدایە، ئێمە درۆزنەکەمان بینی وناسیمان، بەڵام کەسە فڕکەر وفەوتێنەرەکەش، گومانم وایە کە لە تۆ بەولاوە کەسی تر نییە. جا ئەبو نەوفەل دەڵێت: ئیتر حەجاج هەستا وبەجێی هێشت وئیتر جارێکی تر سەردانی نەکردەوە))[٢].

---

(١) الاستيعاب لابن عبد البر/ ٤/ ١٨٣١، والإصابة في تمييز الصحابة لابن حجر العسقلاني/ ٧/ ٦٢٠. لە هەندێك لە سەرچاوەکاندا دەگێڕنەوە کە: جارود وتی بە ژنەکە: بەسە لەسەری مەڕۆ، پێشەوای موسوڵمانانت کردە گریان. ئیمامی عومەریش(خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ئەو ئافرەتە ناناسیت؟ ئەمە خەولەی کچی (ثعلبة)یە، براژنەکەی عوبادەی کوڕی صامت (خوای لێ ڕازی بێت)، کە خوای گەورە لە ئاسمانەوە گوێی لە قسەکانی گرتوە، کەوابوو عومەریش باشتر دەبێت گوێی لێ بگرێت. بەخوا قسەم ئەگەر لە بەیانی تاوەکو ئێوارە ڕام بگرێت، ڕادەوەستم، مەگەر بۆ نوێژە فەرزەکان نەبێت. بڕوانە: (تفسير القرطبي/ تفسير سورة المجادلة) (وەرگێڕ)

(٢) مسلم/ كتاب فضائل الصحابة/ باب ذكر كذاب ثقيف ومبيرها/ ٢٥٤٥. ئیمامی نەوەوی لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرموێت: زانایان یەکدەنگن لەوەدا کە درۆزنەکە کەسێك بووە بە ناوی (المختار بن أبي عبيد)، وە کەسە فڕکەرەکەیش بریتی بووە لە: حەجاجی کوڕی یوسف. (وەرگێڕ)

جا ئەمانە چەند نموونەیەکی کەم بوون، مێژووی ئیسلامیش پڕە لە زۆرێك لە وێنەی وەکو ئەمانە [1]، ئێستاش دەبینین کە ئافرەتیش وەکو پیاو ئەم مافەی بۆ دەستەبەر کراوە لە چەندین کەناڵی ڕێگەپێدراوەوە (کاری خۆیان دەکەن)، وەکو: ڕۆژنامەوانی، یان ئەندامێتی ئەنجوومەنی گەل، یان چەندین کەناڵی تریش ئامۆژگاری حکوومەت دەکەن، وەهەر هەڵەیەکی کردبێت ئاگاداری دەکەنەوە، هەر کارێکی درووستیشی کردبێت، ئیقراری دەکەن (و دەستخۆشی لێ دەکەن).

ئێمەش بە پشتیوانی خوا بەڵکو توانیبێتمان لەو چوار تەوەرە وباسەدا توانیبێتمان بە شێوەیەکی کورت وبەسوود مافە سیاسیەکانی ئافرەت ویەکسانیمان لەگەڵ پیاودا بەچاکی ڕوون کردبێتەوە.

---

(١) پێم وایە کە مامۆستای دانەر لە هێنانەوەی نموونەی دووەمدا موەفەق نەبووە، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك:

- لەلایەك عەبدوڵای کوڕی زوبەیر کوڕی ئەسمائی کچی ئیمامی ئەبوبەکر بووە (خوا لە هەموویان ڕازی بێت).
- لەلایەکی تریشەوە لەو کاتەدا کە شەهید کرا گەورەی موسوڵمانان بوو، کە خەڵکی عێراق وحیجاز ویەمەن وخۆراسان گوێڕایەڵیان دەکرد، وە پاش شەهید کردنیشی هەڵیان واسیبوو بە دارێکدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، ئەوجا لە پاش سێ ڕۆژەکە ئەم گفتوگۆیە لە نێوان دایکی وحەجاجدا ڕووی داوە.
- دایکیشی لەو کاتەدا چاوەکانی لەدەست دابوو، وە پیر بووبوو، تەمەنی گەیشتبووە هەشتا ساڵ، وە داواشی کرد لە حەجاج کە ئایا کاتی داگرتنی لاشەی کوڕە کوژراوەکەی نەهاتووە؟! وە حەجاجیش بە ناشیرینی وەڵامی دایەوە، وتی: ئەوە مونافیقە. ئەویش فەرمووی: سوێند بە خوا موناافق نییە، بەڵکو کەسێکی ڕۆژووگری شەونوێژکەر بووە. ئەویش پێی وت: بڕۆ هەی پیری خەڵەفاو. ئەوجا ئەسما فەرمووی: سوێند بە خوا خەڵەفاو نیم، بەڵکو گوێم لە حەزرەت بوو کە فەرمووی: إن في الثقيف...هتد.

بۆیە زۆر شتێکی سرووشتیە کە دایك لەو جۆرە بارو دۆخەدا هەڵچوون ڕووی تێ بکات، وهەڵوێستی ئاوەها بنوێنێت بەرامبەر بەو کەسەی کە بەرپرسیارە لە کوشتن وسووکایەتی کردن بە کوڕەکەی. بۆیە ئەگەر نموونەیەکی تری بهێنایەتەوە باشتر بوو. (وەرگێڕ)

بەشی هەشتەم

لێدانی ئافرەت لە ئیسلامدا

باسی لێدانی ئافرەت لە قورئاندا لە یەك جێگەدا هاتووە، کە دەفەرموێت:
﴿وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِي ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّ﴾
النساء/ ٣٤. ((واتە: ئەو ژنانەی کە دەبینن لە ڕێگە لادەدەن وسەرپێچی دەکەن ویاخی دەبن، ئەوە ئامۆژگاریان بکەن، ئەگەر سوودی نەبوو ئەوا لە جێگەی نووستندا لەگەڵیان مەبن - واتە لەگەڵیان مەخەون ومەهاندوێنن ونارەزووەکانیان بۆ جێبەجێ مەکەن -، ئەگەر ئەوەیش سوودی نەبوو ئەوا لێیان بدەن - بەلاَم لێدانێکی بێ زیان -)).

وشەی (نشوز) بریتیە لە سەرپێچی کردنی کۆمەلاَیەتی وڕەوشتی، بەوەی کە ئافرەت ئەرکەکانی جێبەجێ ناکات، کە ئەو ئەرکانە دەبن بە ماف بۆ مێردەکەی، هەروەکو چۆن ئەرکەکانی مێردیش دەبن بە ماف بۆ ژنەکەی.

جا لەو سەرپێچی کردنە کۆمەلاَیەتی وڕەوشتیەدا خوای گەورە ڕێنموویی پیاوان دەکات کە بە ئامۆژگاری هەوڵ بدەن ژنەکانیان بهێننەوە سەر ڕێگە وڕاستیان بکەنەوە، بەوەی کە قسەی خۆش ونەرمیان لەگەڵدا بکەن، وخوایان بهێننەوە یاد وبە بیریان بخەنەوە، وباسی ئەو مافانەیان بۆ بکەن کە خوا داوای لێ کردوون.

پاشان خوای گەورە ڕێگەی بە پیاو داوە کە بۆ ماوەیەك لە جێگەی خەوتندا لێی جیابێتەوە، وەك فشار خستنەسەرێك بۆ ئەوەی کە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

هەروەها خوای گەورە ڕێگەی داوە بە پیاو کە لێدانی ژنەکەی بکات، وەك بەدەرخستنی تووڕەیی ونارازی بوون، بەلاَم لێدانێکی وەها کە شوێنەواری

لەسەر لاشەی ژنەکە بەجێ نەمێنێت، ئەمەش تەنها وەکو ئەوەی کە پێی بڵێت: من تورەم لێت.

ئەم لێدانەش شتێك نییە کە پێویست بێت لەسەر پیاو کە بیکات، بەڵکو تەنها لێدانێکی سووکە، وئەویش لەو حاڵەتەدا. هەر بۆیە تەواوی زانایان فەرمانیان داوە کە دەبێت ئەو پیاوە تاوەکو لە توانایدا هەیە خۆی لە بەکار هێنانی لێدان بەدوور بگرێت، وبە هەر جۆرێکی تر کە بۆی دەکرێت تووڕەیی خۆی بەسەردا دەربڕێت.

هەروەك چۆن پیاویش ئەگەر هەڵەی کرد لە جێبەجێ کردنی مافەکانی ژنەکەیدا، ئەوا لێدان دەکرێت وتەمێ دەکرێت. بۆ نموونە: ئەگەر پیاوێك بە پەنجە هەستێت بە لابردنی پەردەی کچێنی ژنەکەی، ئەوا زانایان (ی مەزهەبی مالیکی) فەرموویانە: ((لابردنی پەردەی کچێنی بە پەنجە تاوانە، ومێردەکەشی لەسەر تەمێ دەکرێت)) [1]

هەروەها کاتێك کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (صلی الله علیە وسلم) زۆرێك لە پیاوان دابوویان لە ژنەکانیان، وئەوانیش هانایان بردە لای پێغەمبەر، ئەویش زۆر تووڕە بوو لە هاوەڵەکانی وپێی فەرموون: ئافرەتانێکی زۆر هاتوون، سەردانی خێزانەکانمیان کردووە، وهانایان هێناوە لە دەستی لێدانی مێردەکانیان، ئەو پیاوانە لە باشەکانی نێوە نین.[2] واتە: لێدانی ژن کاری پیاوی باش نییە!

---

(١) الفقه على المذاهب الأربعة/ عبد الرحمن الجزيرى، مبحث الجناية على الأطراف/ ٥/ ٣٤٢.

(٢) أبو داود في السنن/ كتاب النكاح/ باب في ضرب النساء/ ٢١٤٦، والدارمي/ كتاب النكاح/ باب في النهي عن ضرب النساء/ ابن حبان/ كتاب النكاح/ باب معاشر الزوجين/ ٤١٨٩، والحاكم في المستدرك/ كتاب النكاح/ ٢٧٦٥، والشافعي في مسنده/ ومن كتاب الخلع والنشوز/ ١٢٦٣، والطبراني في المعجم الكبير/ باب الألف/ إياس بن عبد الله بن أبي ذباب/ ٧٨٤، وعبد الرزاق في مصنفه/ كتاب العقول/ باب ضرب النساء والخدم/ ١٧٩٤٥، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب القسم والنشوز/ باب ما جاء في ضربها/ ١٤٥٥٢، والنسائي في السنن الكبرى/ كتاب عشرة النساء/ ضرب الرجل زوجته/ ٩١٦٧. ئەم فەرموودەیە خۆی بەشێکە لە =

کەواتە ئەو سونەتەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کە ئێمە هانی موسوڵمانانی بۆ دەدەین، ئەوەیە کە لە ژنەکانیان نەدەن، چونکە هەرگیز پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە ژنەکانی خۆی نەداوە، بەڵکو کە ڕێگەش دراوە بە لێدان، وەها ڕێگە دراوە کە بە سیواك لێیان بدرێت (واتە بە هێواشی بێت، ولەجێگەی هەستیاریش نەدرێت)، ئەویش تەنها بۆ ئەوەی کە تووڕەیی خۆی بۆ دەربخات، وتێشی بگەیەنێت کە ئەم ڕازی نابێت بەوەی کە ئەو هەر سووربێت لەسەر بێ گوێیی کردن.

هەندێك ژینگە وکۆمەڵگاش هەیە کە ژنان پێویستیان بە لێدان هەیە، خۆشیان بە نیشانەی پیاواتی مێردەکانیانی دەزانن، کە ئەم ژینگە وکۆمەڵگانەش ڕۆژئاوا شارەزایان نییە وهەر ئاگاشی لێیان نییە، بەڵام قورئانی پیرۆز بۆ هەموو مرۆڤەکان هاتووە، وبۆ هەموو کات وشوێنێکیش، وبۆ هەموو کەسێکیش هەتاوەکو دونیا دوایی دێت، هەر بۆیە بڕیار وتایبەتمەندیەکانی قورئان هەموو ژینگە وکۆمەڵگە جیاوازەکان دەگرێتەوە، کە ئەگەر ڕەچاوی بارودۆخ وتایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگایانە نەکات، ئەوا دەبێت بە هۆی تێکچوونی ئارامی ناو خێزان، وڕووبەڕووی مەترسی هەڵوەشانەوە وداڕمانی هەیە. کەواتە ئەو ڕێگەدان بە لێدانە ڕێگەیەکە بۆ ڕاست کردنەوە وچاك کردن.

وە ئێمەش ئێستا لەسەر ئەوە نین کە مەسەلەیەکی ئەزەری باس بکەین، ئەوەندەی کە لە بەردەم کێشەو مەسەلەیەکی واقیعی و بەرجەستەداین. جا ئەگەر سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامی موسوڵمانانی هەڵبنایە لەسەر

- فەرموودەیەکی درێژتر کە دەگێڕنەوە پێغەمبەر فەرموویەتی: لە ژنەکانتان (کەنیزەکەکانی خوا) مەدەن. ئەوجا ئیمامی عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) هاتەلای پێغەمبەر و فەرمووی: ژنەکان تەواو بێ ترس بوون لە مێردەکانیان وبە گوێیان ناکەن. ئیتر پێغەمبەریش ڕێگەی پێدان کە لێیان بدەن. پاشان ئەوانیش دەستیان کرد بە لێدانیان، ئەوجا پێغەمبەر فەرمووی (لە هەندێك لە ڕیوایەتەکاندا): ئەم شەو حەفتا ژن هاتوون بۆ لای خێزانەکانم و شکاتی مێردەکانیان کردووە، کە لێیان دەدەن. (وەرگێڕ)

لێدان و ستەم کردن لە ئافرەتان، ئەوا دەبوو ئەو دیاریدەیە لە واقیع وژیانی ڕۆژانەیاندا دەربکەوتایە. ئەگەر هانیشی بدانایە لەسەر بەزەیی وخۆشەویستی، ئەوا ئەویشیان هەر پێوە دەردەکەوت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلْبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخْرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذْنِ رَبِّهِۦ ۖ وَٱلَّذِى خَبُثَ لَا يَخْرُجُ إِلَّا نَكِدًا﴾ الأعراف/٥٨. ((واتە: بە فەرمانی خودا ولاتی بە پیت وسەرزەمینی چاك ڕوەك وشینایی ومیوەهاتی لێ دەڕوێت، بەلام سەرزەوی خراپ وخوێدار هیچی تێدا شین نابێت، مەگەر شتێکی کەم وبێ کەلك)).

ئەوجا وەرن باوەکو فەرموودەیەکی عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) بێنینەوە یاد، کاتێك کە فەرمووی: ((پیاوان لە بەرووبوومەکانیانەوە دەیان ناسیتەوە، ئایا لە دڕك تری دەچنیتەوە؟! یان لە تووڕك هەنجیر؟!))، جا ئەگەر هەلوێستەیەك بکەین لە بەردەم (لێدانی ئافرت بە سیواك، بۆ دەرخستنی نارەزایی وتووڕیی)، وئەوجا تەماشایەکی کۆمەلگای موسولمانان بکەین، کە تاوەکو چەند شکات وگلەیی بوونی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان هەیە؟ یان چەندە ئازاریان دەدرێت وچەندە لێدان دەکرێن؟ ئەوا دەبینین کە چەند حالەتێکی زمێرراوی کەمی دیاری کراوە، کە لە ئەنجامی پابەند نەبوون بە ڕێنموویی وزانیاریەکانی ئەم ئاینەوە پەیدا بوون. چونکە زۆرینەی پیاوان لە کۆمەلگای ئیسلامیدا توندوتیژی ولێدان وئازاردان لە دژی ژنان بەکار ناهێنن، بەلکو لەو کۆمەلگایەدا پیاوان پارێزگاری لە ژنان دەکەن وچاودێریان دەکەن.

لە بەرامبەریشدا، ئەگەر بمانەوێت واقیع وژیانی ڕۆژئاوا بخوێنینەوە، کە چۆن بە لێدانێکی خراپ وستەمکارانە بە شێوەیەکی بلاو لێدانی ژنان دەکرێت، ئەوا دەبینین کە هەر سەرژمێریەکانی سەرچاوەکانی خۆیان شایەتی ئەمانەمان بۆ دەدەن:

- (٧٩٪)ی پیاوان لە ژنەکانیان دەدەن بە لێدانێکی وەها کە سەردەکێشێت بۆ بەلا و نوقسانییەکی بەردەوام.

- (٪١٧)ی ئەو ئافرەتە لێدراوانە بارودۆخیان وا دەخوازێت کە ببرێنە ژێر چاودێری وردەوە (العناية المركزة).. ئەوەی کە ئەم زانیاریەی نووسیوە بریتیە لە دکتۆر (جون بيريه) کە مامۆستای یاریدەدەری مادە ودەرسی زانستی دەروونییە لە زانکۆی (کارولینا) (لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا).
- بەپێی ڕاپۆرتی دەزگای مەرکەزی ئەمەریکی بۆ پشکنین ولێکۆڵینەوە، ناسراو بە: (FPT)، هەموو (١٨) چرکەیەك لە ئەمەریکادا پیاوێك لێدانی ژنەکەی دەکات.
- ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی نووسیوێتی: لە هەموو دە ئافرەتێکی ئەمەریکی یەکێکیان مێردەکەی لێی دەدات، پاشان ڕۆژنامەی (Family Relation) (واتە: پەیوەندی خێزانی) لەسەر ئەم هەواڵە قسەیەکی همیە کە دەڵێت: لە هەموو دوو ئافرەتێك یەکێکیان لێدان دەکرێت لە لایەن مێردەکەیەوە، ورووبەڕووی ستەم ودەستدرێژی دەبێتەوە.[1]
- لە فەرەنسا ساڵانە دوو ملیۆن ئافرەت ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە... متمانەداری نهێنییەکانی وڵات بۆ مافەکانی ئافرەت (میشیل أندریە) وتوویەتی: هەندێك جار ئاژەڵەکان مامەڵەی باشتریان لەگەڵدا دەکرێت، وەك لە ئافرەتان. خۆ ئەگەر پیاوێك لەسەر شەقامێك بدات لە سەگێك، ئەوا کەسێك شکاتی لێ دەکات لای کۆمەڵەی بەنەرمی جووڵانەوە لەگەڵ ئاژەڵ، بەڵام ئەگەر لەسەر شەقامێك لە ژنەکەی خۆی بدات، ئەوا یەك کەس جووڵە ناکات. (واتە کەس خۆی لە مەسەلەکە ناگەیەنێت).

---

(١) ئەوەی زیاتری دەوێت، با بگەڕێتەوە لای ڕاپۆرتی لیژنەیەکی کۆنگرێسی ئەمەریکی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکانی گەنج ومێرد منداڵەکان لە ئەمەریکا، لە ژێر ناونیشانی: (ڕەوشتی داهەڕۆژاوی کۆمەڵگای ئەمەریکی). ئەم زانیاریەش لە کتێبی: (المجتمع العاري بالوثائق والأرقام/ ص١١)ەوە وەرگیراوە.

- (٩٢٪)ی كاری لێدان لە شارەكاندا ڕوو دەدات، (٦٠٪)ی ئەو شكاتانەی كە بەشەودا دەگاتە پۆلیسی فریاكەوتنی پاریس، بریتین لە: هاناهێنانی ئافرەتان لە دەست خراپی مامەڵەی مێردەكانیان.
- لە بەریتانیا ڕاپۆرتێك هاتووە لەسەر ئەوەی كە (٧٧٪)ی مێردەكان هەر بەبێ هۆ لێدانی ژنەكانیان دەكەن.
- هەروا لە بەریتانیا زیاد لە (٥٠٪)ی ئافرەتە كوژراوەكان بریتی بوون لە قوربانی دەستی مێرد یان دۆستەكانیان. توندوتیژی خێزانی زیادی كردووە بە ڕێژەی (٤٦٪) لە ساڵێكدا هەتاوەكو كۆتایی مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩٢). هەروەها دەركەوتوە كە (٢٥٪)ی ئافرەتان ڕوو بەڕووی لێدان دەبنەوە لە لایەن مێردەكانیان یان دۆستەكانیانەوە. پۆلیسی بەریتانی ساڵانە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار پەیوەندی تەلەفوونی پێ دەگات، كە ئاگادار دەكرێتەوە لەسەر دەستدرێژی كردنە سەر ژنان (زوجات أو شريكات). هەر ئەو ڕاپۆرتە ئەوەشی تێدایە كە ژنێك باسی ئەوەی كردووە كە لەسەرەتای شوو كرد نییەوە، مێردەكەی سێ ساڵ ونیو لێی داوە، وتیشی: ئەگەر دوای لێدانەكە قسەم بكردایە، دووبارە لێی دەدامەوە، بۆیە هەروا بێ دەنگ بووم، خۆ ئەو تەنها بە یەك جۆر لێدان واز ناهێنێت، بەڵكو هەموو جۆرەكانی بەكار دەهێنێت، وەكو: بەدەموچاودا كێشان، مشتەكۆڵە، شەق، لەقە وخستنە ژێر پێ، كێشانی سەر بە دیواردا. هەندێك جار پیاوانێك هەبوون كە جگەرەیان بە لاشەی ژنەكانیان كوژاندۆتەوە، یان بە زنجیر وكۆت لە ماڵدا كۆتیان كردوون، پاشان دەرگایان لەسەر داخستوون، وچەند كاتژمێرێكی زۆر بەم جۆرە بەجێیان هێشتوون.

بەڕاستی لێدان ئابەم جۆرە، گومانی تێدا نییە كە بەلایەكە وپێویستە هەموو مرۆڤەكان لە دژی ڕاوەستن، زانایانی موسوڵمانانیش دژی ئەم جۆرە لێدانەن، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە پەیوەندی نێوان پیاو وئافرەت لەسەر خۆشەویستی وسۆز ڕاوەستاوە، كە

ئەمەش لەگەڵ لێدان وئازارداندا ناگونجێت، هەر بۆیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) زۆر بە توندی ئەم دیاریدەیە بە خراپ دادەنێت ورەدی دەكاتەوە، وەك دەفەرموێت: باشە ئەوە چۆن یەكێك لە ئێوە (شەرم ناكات) وەك چۆن لێدانی كۆیلەیەك دەكات، هەروا لێدانی ژنەكەشی دەكات، لە سەرەتای رۆژەوە وپاشان لە كۆتایی ئەو رۆژەدا دەچێت لەگەڵیدا جووت دەبێت؟! [1] كە ئەمەش بەرپەرچ دانەوەیەكە بۆ ئەو كەسانەی كە بە بێ بنەما دەڵێن: ئیسلام ئافرەتی بەكەم داناوە كە رێگەی داوە بە پیاو لێی بدات.

---

(١) ئەم فەرموودەیە لە هەریەك لەم سەرچاوانەدا هاتووە، بەڵام بە چەند دەقێكی جیاواز: البخاري/ كتاب النكاح/ باب ما يكره من ضرب النساء/ ٤٩٠٨، وابن حبان/ كتاب النكاح/ باب معاشر الزوجين/ ٤١٩٠، وعبد الرزاق في مصنفه/ كتاب العقول/ باب ضرب النساء والخدم/ ١٧٩٤٣، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب القسم والنشوز/ باب الاختيار في ترك الضرب/ ١٤٥٥٧، والنسائي في السنن الكبرى/ كتاب عشرة النساء/ ضرب الرجل زوجته/ ٩١٦٦.

دەروازەی سێیەم

ئافرەتی موسوڵمان
لە واقیعی مێژووییدا

دەسپێکێك وپێنج بەش لە خۆ دەگرێت:

بەشی یەکەم : ئافرەتگەلێکی حوکمڕان (حاکم).

بەشی دووەم : ئافرەتگەلێکی دادوەر (قاضي).

بەشی سێیەم : ئافرەتگەلێکی جەنگاوەر.

بەشی چوارەم : ئافرەتگەلێکی موفتی وزانا.

بەشی پێنجەم: ئافرەتگەلێك کە دەسەلاّتی جێبەجی کردنیان (السلطة التنفيذية) گرتۆتە دەست.

دەسپێك

گومان لەوەدا نییە کە مێژوو ئاوێنەی شارستانی گەلانە، چونکە ئەگەر جێبەجی کردنێکی کرداری وڕاستەقینە نەبوایە، ئەوا نەدەزانرا کە بیروڕاو بۆچوونی نەتەوەکان چۆن بووە، لەبەر ئەوە کە بیرو بڕوا جێگەکەی لە ناو مێشك ودڵی کەسەکاندایە، ئەوجا هەم کەسەکان وهەم کات وشوێن وبارودۆخەکانیش بریتین لە ڕەگەزەکانی ئەو ژینگەیەی کە ئەو بیرو بڕوایانەیان تێدا پەیڕەو دەکرێت. بەڵکو زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین: جێبەجی کردن وپەیڕەوکردن تەنها ڕافەی ڕاستەقینەی ئەو بیردۆزانەیە کە لە ووشە و دەستەواژەکانیەوە زیاد لە مانایەك وەردەگیرێت.

جا هەر لەسەر ئەم مانایەش زانایانی ئوصول فیقهی ئیسلامی لە هەندێك ڕووداودا، کردەوەی پێغەمبەریان(صلی الله علیە وسلم) پێش خستوە بەسەر وتەکانیدا. بەڵکو لە هەندێك کاتدا کردەوەی هاوەڵانی پێغەمبەریان(صلی الله علیە وسلم) کردووە بە ڕوونکەرەوەی دەقێکی شەرعی.

ئێمەش دوای ئەوەی کە پلەو پایە وپێگەی ئافرەتمان خستەڕوو لە قورئانی پیرۆز وفەرموودەکانی پێغەمبەردا(صلی الله علیە وسلم)، باسی کتێب وبەرهەمە فیقهیەکانمان کرد، کە چۆن باس لە ئافرەت دەکەن لە زۆرێك لەو مەسەلانەی کە ڕۆژئاوا بە خراپی باسی کردوون، هەوڵی داوە _ بە مەبەست یان بێ مەبەست _ کە ئەو مەسەلانە وەك خاڵی لاوازی ئەم ڕۆشنبیریە ئیسلامیە بەکار بهێنێت. ئەوجا دێینە سەر خستنەڕووی بارودۆخ وحاڵ وگوزەرانی ئافرەت لەو واقیع ومێژووەی کە تێیدا ژیاوە، کە دەبن بە پاڵپشتێك بۆ ئەو قسانەی کە لە باسەکانی پێشوودا کردمان لە بارەی بەڕێزی وپارێزراوی ئافرەتەوە، کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ پیاودا نییە، لەو ڕووەوە کە جۆری مرۆڤ لە هەردووکیان پێکدێت.

واقیعی مێژوویی ئەو هەواڵەمان دەداتێ کە: ئافرەتانێکی زۆر هەبوون کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ڕەوتی میللەتی ئیسلامی، لە هەموو بوارەکاندا بەشداریان کردووە لە بەرزکردنەوەی ڕێز وحورمەتی ئەم میللەتەدا.

لە ڕاستیدا ڕۆڵی ئافرەتی موسوڵمان هەر زۆر لە زووەوە دەستی پێ کردبوو، چونکە هەر ئافرەت بوو کە یەکەم کەس بوو ئیمانی بە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) هێنا، هەر ئافرەت بوو کە بووە یەکەم شەهید لە ڕێگەی خوادا، هەر ئافرەت بوو کە یەکەم کەس بووە کە بۆ خوا هیجرەتی کردبێت لەگەڵ مێردەکەیدا، پاش (**لوط**) (سەلامی خوای لێ بێت)، دایکە عائیشەیش خۆشەویست ترین کەس بووە بەلای پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم).

بەڵێ، دایکە خەدیجە یەکەم کەس بووە کە بڕوای بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هێناوە، وتەصدیقی کردووە، سەرەڕای ئەوەش پەناگا وپاڵپشتێکی باشیش بووە بۆی، بەڵکو زۆر یارمەتی پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) داوە بە ماڵ و موڵکی خۆی، خوای گەورە لەئەو منداڵی بەخشی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) ئەو ساڵەی مردنی ئەوی ناونا بە: ساڵی دڵتەنگی.

خانمی گەورە وبەڕێز (سومەییەی کچی خەیاط) کە هاوسەری یاسری باوکی عەمار بوو، یەکەم شەهیدی ئیسلام بووە، گەلێك لە کوڕە گەنجەکەی خۆی بەهێز تر بوو، ئەوەبوو کە قبووڵی نەکرد جنێو بدات بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ووشەی کوفر بەسەر زمانیدا بێت، تاوەکو ڕزگاری ببێت، بەڵکو دەری خست کە چەندە خۆگرە وبڕوای بە ئاین وپێغەمبەر هێناوە، هەتاوەکو شەهید کرا.

خانمی گەورە وبەڕێز (روقیـەی کچی پێغەمبـەر(صلی الله علیه وسلم) یەکـەم کەسێك بووە کە لە ڕێگەی خوادا کۆچی کردبێت، لەگەڵ مێردەکەی کە ئیمامی عوسمانی کوڕی عەففان بوو.[1]

هەردوو خانمی گەورە (فاتیمەی کچی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ودایکە عائیشە لە خۆشەویست ترینی کەسەکان بوون بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم). ئەوەتە جارێك لێیان پرسی: کێ خۆشەویست ترین کەسە بەلاتەوە؟ ئەویش فەرمووی: فاتیمە. هەروەها بۆ دایکە عائیشەیش، ئەنەس(ی کوڕی مالیك) بۆمان دەگێڕێتەوە کە: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم): کێ خۆشەویست ترین کەسە بەلاتەوە؟ ئەویش فەرمووی: عائیشە. وتی: لە پیاوان؟ فەرمووی: باوکی (واتە ئیمامی ئەبو بەکری صددیق) [2]

ئەوجا پێگەی ئافرەت لە ئیسلامدا تەنها ئەوە نەبووە کە یەکەم ئیماندار، یەکەم شەهید، یەکەم کۆچکەر بێت، وخۆشەویست ترین کەس بێت بەلای پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم)، بەڵکو بە تێپەڕینی چەرخەکان لەم حاڵەتانەش تێپەڕیوە، کە فەرمان ڕەوایەتی کردووە، وبووە بە دادوەر، و جیهادی کردووە، وبووە بە زانا، وفەتوای داوە، وکاروباری دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی گرتۆتە دەست.. وزۆر کاری تریش کە مێژووی موسوڵمانان گەواهی بۆ دەدات، بۆیە ئێمەش هەر لەسەر ئەو ئەساسە ئەم دەروازەمان دابەش کرد بۆ چەند بەشێك:

بەشی یەکەم : ئافرەتگەلێکی حوکمڕان (حاکم).

---

(١) الحاكم في المستدرك/ كتاب معرفة الصحابة/ ذكر رقية بنت رسول الله/ ٦٨٤٩، والطبراني في المعجم الكبير/ العشرة المبشرين بالجنة/ نسبة عثمان بن عفان/ ١٤٣، والشيباني في الآحاد والمثاني/ ومن ذكر ذي النورين عثمان بن عفان ١/ برقم ١٢٢. ومن ذكر رقية بنت رسول الله/ ٥/ برقم ٢٩٧٨.

(٢) پێشتر باسمان لە تەخریجاتی ئەم دوو فەرموودەیە کرد، وسەرنج وتێبینیشمان لەسەریان هەبوو.

بەشی دووەم : ئافرەتگەلێکی دادوەر (قاضي).

بەشی سێیەم : ئافرەتگەلێکی جەنگاوەر.

بەشی چوارەم : ئافرەتگەلێکی موفتی وزانا.

بەشی پێنجەم: ئافرەتگەلێك کە دەسەڵاتی جێبەجی کردنیان گرتۆتە دەست (السلطة التنفيذية).

بەشی یەکەم

ئافرەتگەلێکی فەرمانڕەوا (حاکم)

مەبەست بە فەرمانڕەوایی ئافرەتان بۆ وڵات ئەوە نییە کە کاریگەریان هەبێت وکاروبارەکان راپەڕێنن لە ڕێگەی مێردەکانیان یان کوڕەکانیان یان گەورەکانیانەوە، کە ئەوان فەرمانڕەوان، چونکە ئەم شێوازەلە ژماردن نایەت، بەتایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیەکاندا بەشێوەیەکی زۆر هەبوون، سەرەتا وەك (خەیزەرانی کچی عەتا)[1] کە ژنی مەهدی عەباسی بووە، ودایکی هەردوو کوڕەکەی (هادي ومهدي) بووە، کە لە ساڵی (١٧٣)ی کۆچی وەفاتی کردووە. پاش ئەویش ژنێك بە ناوی (قبيحة) کە دایکی (معتز بالله) بووە[2]، و لە ساڵی (٢٦٤)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. دواتریش ئافرەتێك بە ناوی (فاتیمە قارەمان)[3] کە لە ساڵی (٢٩٩)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە، دایکی موسای هاشمی قارەمانی ماڵی (المقتدر بالله)[4]، دایکی (المقتدر بالله) کە ناوی (شەغەب) بووە[5]، ولە ساڵی (٣٢١)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە... زۆرێکی تریش کە لە ژماردن نایەن.

بەڵکو مەبەستمان ئەوانەیە کە خۆیان ڕاستەوخۆ وبە ڕوونی فەرمانڕەوایی وڵات وهەرێمە ئیسلامییەکانیان کردووە.

---

(١) تأريخ الطبري/ ٤/ ٦٢٢، و/ ٨/ ٢٣٤، وتأريخ بغداد/ ١٤/ ٤٣٠.
(٢) تأريخ الطبري/ ٥/ ٥١٤، وأعلام النساء/ ٤/ ١٨٤.
(٣) البداية والنهاية/ ١١/ ١١٨، وأعلام النساء/ ٤/ ٩١.
(٤) أعلام النساء/ ٥/ ١٣٢.
(٥) البداية والنهاية/ ١١/ ١٧٥، وأعلام النساء/ ٥/ ٦٧.

بەراستی هەندێك ئافرەت فەرمانڕەوایی هەندێك لە وڵات وهەریمە ئیسلامیەكانیان كردووە لە ماوە وسەردەمە جیاوازەكاندا، ئەگەرچی هیچ ئافرەتێك لە ئیسلامدا نازناوی جێگەنشین (**الخليفة**)ی پێ نەدراوە، بەلاّم لەو نازناوە خوارتر زۆر نازناوی تری پێدراوە، وەك: (**سلطان، ملك، الحرة، خاتون**).

وە لە مێژووی ئیسلامیدا هاتووە كە زیاد لە پەنجا ئافرەت هەبوون كە فەرمانڕەوایی هەرێم وولاّتە ئیسلامیەكانیان كردووە بە درێژایی مێژوو:

- (**ست الملك**) كە یەكێك بووە لە فەرمانڕەوای فاتیمیەكان لە میصر، كە لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی كۆچی حوكمڕانی كردووە.
- دوو شاژن، بە ناوی (**أسماء، واروی**) كە فەرمانڕەوایی (**صنعاء**) یان كردووە لە كۆتایی سەدەی پێنجەمی كۆچی دا.
- (**زینب النفزاوية**) لە ولاّتی ئەندەلوس (ئەسپانیای ئێستا).
- (**سلطانة رضية**) كە فەرمانڕەوایی شاری (**دلهي**) كردووە لە نیوەی سەدەی حەوتەمی كۆچی دا.
- (**شجرة الدر**) كە ئەویش فەرمانڕەوایی ولاّتی میصری كردووە لە سەدەی حەوتەمی كۆچی دا.
- (**عائشة الحرة**) لە ولاّتی ئەندەلوس.
- (**ست العرب**)، و(**ست العجم**)[1]، و(**ست الوزراء**)[2]، و(**الشريفة الفاطمية**)،

---

(١) ناوی (فاطمة بنت محمد بن محمد بن جبريل) مەشهورە بە (ست العجم)، لە (١٩)ی ڕەمەزانی ساڵی (٧٣٧)ی كۆچی، لە قاهیرە وەفاتی كردووە، ولە (قرافة) ئەسپەردەی خاك كراوە. بڕوانە: (الدرر الكامنة في أعيان المئة الثامنة/ ١/ ٤٢٠). (وەرگێڕ)

(٢) دوو ئافرەت هەن بەم نازناوە بەناوبانگن، یەكێكیان بە ناوی (ست الوزراء بنت عمر بن أسعد بن المنجا التنوخية الدمشقية الحنبلية) لە ساڵی (٦٢٤)ی كۆچی لە دایك بووە، وە لە (١٨)ی شەعبانی ساڵی (٧١٦) كۆچی دوایی كردووە. وە ئەوی تریان بە ناوی (ست الوزراء بنت تاج الدين أبي الفضل يحيى بن مجد الدين أبي المعالي محمد بن أحمد في مسنده بن حمزة بن علي هبة الله الحبوبي الثعلبي) لە ساڵی (٦٨٩)ی كۆچی لە دایك بووە، وە لە (٤)ی شەوالی ساڵی (٧١٥) كۆچی دوایی كردووە. بڕوانە (الدرر الكامنة/ ١/ ٢٢٧). (وەرگێڕ)

و(الغالية الوهابية)، و(الخاتون ختلع تاركان)، (الخاتون بادشاه)، و(غزالة الشبيبة)[1]، زۆرێکی تریش.

جا بۆ ئەوەی کە درێژەی پێ نەدەین، چەند نموونەیەکی ئافرەتان هەڵدەبژێرین کە فەرمانڕەوایی وڵاتیان کردووە، وبە شێوەیەکی درێژ باسیان دەکەین، کە بە (ست الملك) دەست پێ دەکەین:

١- (ست الملك) پاشای فاتیمیەکان

یەکێکە لە پاشا فاتیمیەکانی وڵاتی میصر، دەسەڵاتی گرتەدەست دوای ئەوەی کە پرۆسەی شاردنەوەی براکەی ڕێکخست بە ناوی (الحاكم بأمر الله) کە خەلیفەی شەشەمی فاتیمیەکان بووە لە ساڵی (٤١١)ی کۆچی دا، کە دەگێڕنەوە خۆی کوشتوویەتی.

ئیمامی زەهەبی دەفەرموێت: ((پەیمانی بەستووە لەگەڵ ئەمیر (ابن دواس)، وپاشان بە نهێنی چوە بۆلای، وئەویش جێگەی کردۆتەوە، ئەوجا بەو ئەمیرەی گوت: بۆ ئەوە هاتووم کە خۆم وتۆیش بپارێزم، ئەویش پێی گوت: من لە خزمەتتدام، ئەوجا پێی گوت: تۆش وئێمەش لە مەترسیداین، ئەو کەسە ڕێزی باوك وباپیرانمانی کز کردووە، وتەواو شێت بووە، وکارێك دەکات کە هیچ موسوڵمانێك ئارامی لەسەر ناگرێت، ومنیش دەترسم کە بکوژرێت، وئێمەشی

---

(١) هاوسەری پیاوێك بووە بە ناوی (شبيب بن يزيد بن نعيم الشيباني الحروري)، ئافرەتێکی زۆر بەناوبانگ بووە لە ئازایەتی وسوارچاکیدا، لە شاری موصل لەدایك بووە، لە سەردەمی (عبد الملك)ی کوڕی مەرواندا لەگەڵ مێردەکەیدا لە دژی عبد الملك شەڕیان کردووە، لە ڕۆژانی دەسەڵاتدارێتی حەجاجی کوڕی یوسف، وهەر وەکو پاڵەوان شەڕی دەکرد، کە دەگێڕنەوە حەجاج لە یەکێك لە شەڕەکاندا لەبەری هەڵهاتووە، ودواتر هەندێك لە شاعیرەکان بە عەیب وعاریان باس کردووە بۆی. بڕوانە: (الأعلام للزركلي/ ٥/ ١١٨، ووفيات الأعيان لابن خلكان/ ٢/ ٤٥٤، تأريخ الإسلام للذهبي/ حرف الشين/ شبيب بن يزيد ابن نعيم بن قيس بن عمرو بن الصلت الشيباني الخارجي). (وەرگێڕ)

لەگەڵدا بکوژرێین، وئیتر ئەم ولآتە بە خراپترین وناشیرین ترین شێوە لەناو بچێت، ئەویش وتی: ڕاست دەکەیت، ئەی چی بکەین؟ ئەویش وتی: سوێندم بۆ بخۆ ومنیش سوێندت بۆ دەخۆم کە ئەمە بشارینەوە، وئیتر ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە بیکوژن)).[1]

ئەم ئافرەتە چەند شتێك هەبوو کە پاڵی پێوە بنێن بۆ ئەم کارە، چونکە تێپەڕاندنەکانی براکەی زیاد لە حەد بوو، چونکە دەسەلآتی خۆی زۆر بە خراپی بەسەر خەڵکە هەزارەکاندا بەکار دەهێنا، گلاری لە سەگ بڕیبوو بە مەبەستی لەناو بردنیان، نەیدەهێشت ئافرەتان لە ماڵ بچنە دەرەوە، شاری قاهیرەی سووتاند، ونەیدەهێشت دانیشتوانەکەی بە ڕۆژدا کار بکەن، وفەرمانی پێ دەکرد کە بە شەو کار بکەن، لە پێناوی ئەوەی کە بە شەودا بە قافڵەی دارودەستەکەیەوە دەربچێت وببینێت کە جموجوڵێکی زۆری تێدایە، ڕۆژێك ئەوەندە خۆی بەرز کردەوە بەڕادەیەك کە ئیعلانی خوایەتی خۆی کرد (پەنا بەخوا)، وداواشی کرد کە هەموو خەڵکی قاهیرە (بە خوشکەکەشیەوە) دەبێت بەندایەتی بۆ ئەم بکەن وبیپەرستن.

٢- (أروى) پاشای (صنعاء)

ناوی ئەروای کچی ئەحمەدی کوڕی جەعفەری صولەیحیە، شاژنێکی بەهێز بووە، وکاربەدەستێکی ولآتی یەمەن بووە، لەو ولآتە لە جێگەیەك بە ناوی (حراز)ەوە لە ساڵی (٤٤٠)ی کۆچی لەدایك بووە. لە بەردەستی ئەسمائی کچی شەهابی صولەیحیدا گەورە بووە وپەروەردە کراوە، و دواتریش شووی کردووە بە کوڕەکەی.

---

(١) . أعلام النبلاء للذهبي/ ١٥/ ١٨١.

ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە بڵاو بوونەوەی مەزهەبی فاتیمیەکان لە ئاسیاداو بە شێوەیەکی تایبەت لە شاری بۆمبای لە هیندستان، لە ڕێگەی بانگەشە خوازانی فاتیمیەکانەوە کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمدا بەرەو ئەوێ دەرچووبوون.

ئەوەبوو لە پاش مردنی ئەسمائی شاژن لە ساڵی (٤٨٠)ی کۆچی (١٠٨٧ ی زاینی)، کوڕەکەی بە ناوی (مەشلول) بە فەرمی کاروبار وبەڕێوە بردنی وڵاتی بە ژنەکەی خۆی سپارد، کە ناوی ئەروا بوو، ئەمیش توانی بەردەوامێتی دەسەڵاتی فاتیمیەکان مسۆگەر بکات بە دەستی صولەیحیەکانەوە لە یەمەن، ئەوجا پاش ئەوەی کە ئاسایش وئارامی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا، ئەم بڕیاری دا تۆڵە بسێنێتەوە لە کەسێك بە ناوی (سەعیدی زوبەیدی)، کە مامەی (ئەروای) کوشتبوو، ئەوەبوو پایتەختی گواستەوە بۆ (جبالة) کە جێگەیەکی پشت ئەستوور بوو بە کەژ وکێو، ودەستی کرد بە تەنگ پێهەڵچنینی (سەعیدی زوبەیدی)، ئەوجا پاش ئەوەی کە پەیمانی بەست لەگەڵ وڵاتانی تردا، توانی سوپاکەی سەعید تێکبشکێنێت وسەعیدیش بکوژێت، وژنەکەشی بە دیل بگرێت.

ئەوجا دەستی کردەوە بە ڕێکخستنەوەی شانشی نییەکەی وسەرپەرشتی کردنی جەنگەکان، تا ئەو کاتەی کە مێردەکەی مرد، لە ساڵی (٤٨٤ك)، وکوڕە مامەکەی بە ناوی (سەبەئی کوڕی ئەحمەد) جێگەی گرتەوە، ئیتر ئەم هەر لە دەسەڵات وفەرمانڕەواییدا بەردەوام بوو، هەموو نوسراوێك بۆ ئەو بەرز دەکرایەوە، ووەزیرەکانیش لەدەوری کۆ دەبوونەوە، وئەمیش لە پشتی پەردەوە حوکمی دەکردن، ولەسەر مینبەرەکانی یەمەن دوعای خەیریان بۆ دەکرد، ئەوجا لە ساڵی (٤٩٢ك) پاشا سەبەئیش کۆچی دوایی کرد، بەمەش دەسەڵاتدارێتی صولەیحیەکان لاواز بوو، بۆیە ئەمیش پەنای بردە بەر ناوچەی (جبلة) ولەوێ دەستی گرت بەسەر کاروباری قەڵاکانی دەوروبەریدا، ووەزیر

وکاربەدەستی بۆ دانان، وهەروا هەتاوەکو چل ساڵێك بەردەوام بوو، هەتاوەکو لە ساڵی (٥٣٢ك) لە (ذي جبلة) کۆچی دوایی کرد، ولە مزگەوتی ئەو شارەدا سپاردەی خاك کرا، وکە زۆرێك لە کاری باش ومەوقوفاتی بەجێ هێشتوە، وهەر ئەمیش دوایین پاشا وفەرمانڕەوای صولەیحیەکان بووە.[١]

٣- ترکان خاتون

ناوی ترکان خاتوونی کچی خاجنکشە، ژنی سوڵتان (تکش کوری ئایل رسلان) بووە، ئافرەتێکی پایەدار وخاوەن بیر وبۆچوون بووە، وساڵی (٦٢٨)ی کۆچی فەرمانڕەوایی ولاّتی گرتۆتە دەست. هەرکاتێك کێشە وستەمێکیان بهێنایەتە بەردەستی، ئەویش بە چاکە ودادوەریانە فەرمانی بۆ دەردەکرد، ومافی ستەم لێکراوەکەی لە ستەمکارەکە وەردەگرتەوە، وبێ باك بوو لەوەش کە لە برێتی کەسە ستەم لێکراوەکەدا کەسە ستەمکارەکە بکوژێتەوە. زۆرێك جێکەی چاکەکاری وخەیر ووەقف کراوی لە سەرانسەری ولاّتدا هەبوو، حەوت کەس لە زانایان وپایەداران وگەورە پیاوانی لەبەردەستدا بوو کە شتیان بۆ دەنووسیەوە. هەر کاتێك کە لە ئەو وسوڵتانەوە دوو واژوو لەسەر یەك مەسەلە بوایە، سەرنجی مێژوەکەیان دەدرا وکار بە دوایین واژوو دەکرا لە هەموو هەرێمەکاندا (واتە: واژووی ترکان وواژووی سوڵتان هاوشان بوون)، واژووی خۆشی بریتی بوو لە: (عصمة الدنيا والدين ألغ تركان ملكة نساء العالمين)، نیشانەکەشی بریتی بوو لە: (اعتصمت بالله وحده)، بە پێنووسێکی تۆخ زۆر بە باشی دەینووسیەوە، بە جۆرێك کە لێبوونەوەی نیشانەکە گران وسەخت بوو کە ساختەی تێدا بکرێت.[٢]

---

(١) الأعلام للزركلي/ ١/ ٢٨٩، وأعلام النساء/ ١/ ٢٥٣.

(٢) أعلام النساء/ ١/ ١٦٩.

٤- (رضيية بنت التمش) فەرمانڕەوای هیندستان:

ئەم ئافرەتە دەسەڵاتدارە دەگەڕێتەوە سەر یەکێك لە خێزانە تورکیەکان لە مەمالیکەکانە. لە ساڵی (٦٣٤)ی کۆچی (١٢٣٦ ی زاینی) لە دوای مردنی باوکی (سوڵتان ئیلتوتمش خان) فەرمانڕەوایی هیندی گرتە دەست، کە باوکی یەکێك بوو لەو سەرکردە سەربازیانەی کە پایەی دەوڵەتی ئیسلامیان لە هیند دامەزراند. باوکی ئەمی هەڵبژارد بەسەر دوو براکەی تریدا، چونکە زۆر بە تواناو وریا وژیر وبەهرەدار بووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، بەڵام براکانی وەك ئەم نەبوون.

یەکەم بڕیارێکی پاشایانە کە دەری کرد بریتی بوو لە بڕیاری لێدانی پارە بە ناوی خۆیەوە، ناونیشانێکیشی بۆ خۆی هەڵبژارد، کە بریتی بوو لە: (رضيية الدنيا والدين).

لە کاتێکدا کە کاربەدەستەکانی دەوروبەری وسەرکردەکانی سوپا ویستیان لەسەر تەخت دووری بخەنەوە، کە هاوکات بوو لەگەڵ کوژرانی برا بچووکەکەی لە لایەن برا گەورەکەیەوە، هەموو ئەو هەوڵانە پووچەڵ بوونەوە، چونکە ئەم زیاتر پشتی بە گەل وخەڵکەکەی بەستبوو، کە ئەوان شۆڕشیان بەرپا کرد لە دژی براکەی، ئەمیش فەرمانیدا بە کوشتنی براکەی.

بەمەش بوو بە یەکێك لەو پاشا و فەرمانڕەوایانەی هیند کە دەسەڵات وپێگە وکارگێڕیەکی باشی هەبوو، بۆ ماوەی چل (٤٠) ساڵ فەرمانڕەوا بوو، دواتر لە: (٢٥)ی رەبیعی یەکەمی ساڵی (٦٣٧) کوژرا، وگۆڕەکەشی لە کەناری ڕووباری (جمن)ە لە نزیك (دلهي).[1]

---

(١) الإعلام بما في الهند من الأعلام/ ١/ ٩٩، أعلام النساء/ ١/ ٤٤٩.

٥- (شجرة الدرّ) شاژنی میصر وولآتی شام

ئەمیش یەکێکە لە شاژنە بەناوبانگەکان لە مێژووی ئیسلامدا، کە بەڕێوە بردنێك وژیری ووریایی ولێهاتوویی وچاکەکاری وخزمەتگوزاریەکی باشی هەبوو، کە کەنیزەکی پاشا (صالح) بوو، کە لە سەردەمی باوکیدا بووبوو بە خاوەنی، منداڵێکی لێی بوو بە ناوی (خلیل) وپاشان بوو بە هاوسەر وخێزانی، ولەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ ولآتانی ڕۆژهەلآت، ودواتریش هەر لەگەڵ خۆیدا گەڕاندیەوە بۆ ولآتی میصر، بەمەش ناوبانگە دەرکرد لە دەوڵەتی صالیحیەکاندا، وزۆرینەی کاروباری بەڕێوە بردنی ولآتی کەوتە دەست لە سەردەمی دەسەلآتی مێردەکەیدا، ودواتریش لە سەردەمی نەخۆشی مێردەکەیدا، دەست وخەتی زۆر لە دەست وخەت ونووسینی پاشا دەچوو، فێری واژوو کردنی پاشاش بوو، ودواتریش خۆی ڕاستەوخۆ دەستی کرد بە فەرمانڕەوایی، بە جۆرێك کە مەرسوومەکانی ولآتی لە برێتی سوڵتان واژوو دەکرد، هەتا ئەو کاتەی کە (تورانشاه) گەیشتە شاری (منصورة)، وهەواڵێکی هەڕەشە ئامێزی بۆ نارد کە داوای ماڵ وموڵکەکانی لێ دەکرد، بۆیە ئەویش هەوڵیدا کە ئەم (تورانشاه)ە بکوژێت، ئەوە بوو لە (٧)ی موحەڕەمی ساڵی (٦٤٨)ی کۆچی کوژرا. ئیتر دواتر ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەم ئافرەتە فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست، ئیتر کاربەدەستەکانی تریش پێی ڕازی بوون، بەمەش ئەم بوو بە نۆیەم کەس لە پێڕی ئەیووبیەکان کە فەرمانڕەوایی میصر بگرێتە دەست، کە ئەمەش لە (٢)ی صەفەری (٦٤٨)ی کۆچی بوو، کەسێکی تورکومانی صالیحیشیان بە ناوی (عز الدين ايبك) کردە سەرکردەی سەربازەکانی، خۆشی زۆر بە باشی دەستی کرد بە فەرمانڕەوایی کردنی ژێر دەستەکانی، خەڵکیش زۆر لێی ڕازی بوون، ئیتر ئەمیش مەرسوومی دەر دەکرد، کە واژووی خۆی بە دەست نووسی خۆی لەسەر بوو بە ناوی (دایکی

خەلیل)، هەروەها لەسەر مینبەرەکانی میصر وشام لە ڕۆژانی هەینیدا بە ناوی ئەوەوە وتار دەدرا، پارەیەکیشی دەرکرد وئەم نەخشاندنەی لەسەر هەڵکۆڵی: **(السكة المستعصمية الصالحية ملكة المسلمين والدة الملك المنصور خليل)**، ئیتر بەم کارگرتنە دەستە، ئەم ئافرەتە تەواوی کارەکانی ڕادەپەڕاند، وزۆر بە باشی فەرمانڕەوایی وڵاتی دەکرد، یەکەم کارێك کە پێی هەستا بریتی بوو لە نەهێشتنی صەلیبییەکان لە وڵاتدا، بۆیە دەستی کرد بە گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا، ودواتر ڕێکەوت لەگەڵ پاشا (لویسی نۆیەم) کە دیل کرابوو لە شاری مەنصورە، لەسەر ئەوەی کە شاری **(دمیاط)**یان تەسلیم بکات، لەبەرامبەر ئەوەی کە هەم خۆی وهەم دیلە گەورەکانیش بەر بدرێن لە بەرامبەر فیدیەیەکی گەورە وزۆرەوە کە بڕەکەی (٨٠٠,٠٠٠) هەشت سەد هەزار دۆنم بوو، کە نیوەی بەر لە ڕۆشتنی خۆی بدات، نیوەکەی تریشی دوای ئەوەی کە دەگاتە شاری (عەکا)، بەڵێنیشی دا کە جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ سەر کەنارەکانی وڵاتی ئیسلام.

ئەم ئافرەتە ئافرەتێکی چاکەکار ودیندار بووە، سەرکردەیەکی گەورە بۆە لە دڵی خەڵدا، کە گەلێك چاکە وئیشی باش وئەوقافی بەجێ هێشتووە کە بۆ چاکەکاری خەرج بکرێن، هەر بە چاکەکاریش ناسراو بوو، بەڵام دواتر لە کۆتایی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (٦٥٥)ی کۆچیدا کوژرا.[1]

٦- (السلطانة خديجة) فەرمانڕەوای هیندستان

ناوی خەدیجەی کچی عومەری کوڕی صەلاح الدینی بونجالیە، کە یەکێك بووە لە فەرمانڕەواکانی هیندستان، کە لە خزمەتی باوکیدا گەورە بوو پەروەردە کرا، ئەوەندە زانست وڕۆشنبیری پەیدا کرد کە وای لێ هات بوو بە

---

(١) النجوم الزاهرة/ ٦/ ٣٣٢، وأعلام النساء/ ٢/ ٢٨٦.

یەکێك لە ئافرەتە کەم وێنەکانی سەردەمی خۆی لە رووی ئەدەب وزانست ورەوشت بەرزیەوە. جا کاتێك کە باوکی کۆچی دوایی کرد، براکەی کە ناوی (شهاب الدين) بوو، بوو بە جێگەداری، بەلاَم کەسێکی خراپەکار بوو، ومێژوویەکی خراپی هەبوو، بۆیە گەل هەستا بە لابردنی لەسەر دەسەلاَت، لە ساڵی (٧٤٠)ی کۆچی، پاشان بانگیان کردە خوشکەکەی کە ناوی (خديجة) بووە، تاوەکو فەرمانڕەوایی سەر تەختەکەی باوکی بگرێتە دەست، مێردەکەشی کە ناوی جەمالەدین بووە، و وتاربێژی ولاَتیش بووە، کاری وەزارەتی گرتە دەست، وشاژنیش پشتی پێ دەبەست لە ڕاپەڕاندنی ئەرك وکاروبارەکانی ولاَتدا، خۆشی چاودێری کاروباری ولاَتی دەکرد، بە چاودێریەکی پسپۆڕانە، هەتاوەکو لە ساڵی (٧٧٠)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد.[1]

---

(١) رحلة ابن بطوطة لمحمد المغربي/ ٢/ ٦٦١، وأعلام النساء/ ١/ ٣٣٨.

بەشی دووەم

ئافرەتگەلێکی دادوەر (قاضي)

لەگەڵ ئەوەشدا کە زانایانی فیقهی ئیسلامی ناکۆکن لە بڕیاری درووستی گرتنە دەستی کاری دادوەری لەلایەن ئافرەتانەوە، ئەوەتە زۆرینەیان وای بۆ دەچن کە بە هیچ جۆرێك ڕەوا نییە کە ئافرەت ئەم پۆستە وەربگرێت، بەلام زانایانی مەزهەبی حەنەفی پێیان وایە کە دروستە ئەو کارەی بدرێتێ، بەلام لەو جۆرە مەسئەلانەی کە درووستە ئافرەت شایەتیان تێدا بدات، هەندێکیش لە زانایان، وەکو: (ابن جرير الطبري)، و(ابن حزم الظاهري)، و(ابن طراز) لە شافیعیەکان، و(ابن القاسم)، وگێڕانەوەیەکیش لە ئیمامی مالیکەوە، پێیان وایە کە لە هەموو مەسئەلەیەکدا بە ڕەهایی درووستە کە ئافرەت کاری دادوەری پێ بسپێردرێت.

بەلام ئەوەندە هەیە کە سەرچاوە مێژووییەکان تەنها یەك حاڵەتیان بۆ ئێمە تۆمار کردووە کە ئافرەت تێیدا بووبێت بە دادوەر، کە ئەویش ئافرەتێکە بە ناوی: (ثمل قهرمانة شغب أم المقتدر).

(ثمل قهرمانة)

ئافرەتێکی بەڕێز وپایەدار وبەدەسەلاتی دەوڵەتی عەباسیەکان بووە لە سەردەمی (المقتدر بالله)، کە دەستە ڕاستی دایکی (مقتدر) بووە، وسەرپەرشتی کاروبار وسیاسەتی دەوڵەتی دەکرد، ئەوجا متمانەی دایکی (مقتدر) بەم ئافرەتە گەیشتە ڕادەیەك کە فەرمانی پێ بکات کە لە ناوچەی (الرصافة)

دابنیشێت، وبڕوانێتە کێشە وناکۆکیەکانی خەڵك، ئەمەش لە ساڵی (٣٠٦)ی کۆچی، هەفتەی یەك ڕۆژ سەیری نووسراو وداوای خەڵکەکە بکات. خەڵکیش نارەزاییان دەربڕی، وزۆر تانەیان لێ گرت، ئەوەبوو یەکەم ڕۆژ دانیشت وهیچ کەسێك ڕووی تێ نەکرد، پاشان ڕۆژی دووەم دانیشتەوە وقازی ئەبو حەسەنی ئیبنولئەشنانی لەگەڵ خۆی هێنا، کە ئەویش زۆر بە جوانی باسی ئەم ئافرەتەی کرد، ویارمەتی دەدا وهاوکاری دەکرد، ئیتر نوسراو وبڕیارەکان دەردەچوون وواژوو ونووسینی ئەم ئافرەتە دادوەرەی لەسەر بوو، بەمەش کەسانی ستەم لێکراو سوودمەند دەبوون، تاوای لێهات کە دڵی خەڵکەکە هێور بوویەوە، ووازیان لەوە هێنا کە پێشتر پێی ڕازی نەبوون کە ئەم ئافرەتە کاری دادوەری بگرێتە دەست، ئەوەبوو کە خەڵکانێکی شەرع زان ودادوەر وناودار وپایەدار لە مەجلیسیدا دادەنیشتن، پاشان لە ساڵی (٣١٧)ی کۆچی دوایی کرد.[1]

ئیتر هەر بەم شێوەیە، بێجگە لەم حاڵەتە هیچ حاڵەتێکی تر تۆمار نەکراوە کە ئافرەت بووبێت بە دادوەر، ئەگەرچی حاڵەتەکانی گرتنە دەستی دەسەڵاتی باڵا وفەرمانداریێتی وپاشایەتی لە پۆستی دادوەری بەرز ترن.

جا هەندێك لەو شازنانەی کە باسمان کردن تەماشای کێشەی نێوان خەڵکیان دەکرد وبڕیاریان تێدا دەدا، وەکو: ترکان خاتون، کە هەرکاتێك کێشەیەکیان بهێنایەتە بەردەستی زۆر بە چاکی ودادپەروەرانە بڕیاری تێدا دەکرد وحوکمی بۆ دەردەکرد، ومافی وەردەگرتەوە لە کەسی ستەمکار بۆ کەسی ستەم لێکراو، گوێشی نەدەدا بەوەی کە ئەگەر پێویستیشی بکردایە بڕیاری کوشتنی بۆ دەردەکرد.

---

(١) البداية والنهاية لابن كثير/ ١١/ ١٢٩، والمنتظم لابن الجوزي/ ٦/ ١٤٨، وشذرات الذهب لابن العماد الحنبلي/ ١/ ٢٤٧.

بەشی سێیەم

ئافرەتگەلێکی جەنگاوەر وسەرکردەی سوپا

ئەو کاتەی کە ڕۆڵی پیاوان دەستی پێ کرد بۆ جیهاد کردن، ڕۆڵی ئافرەتانیش لە هەمان کاتدا بەدەر کەوت، بەڵکو ڕۆڵی ئافرەتان لە پێشتریش بووە لە ڕۆڵی پیاوان، چونکە یەکەم کەسێك کە شەهید بوو لە ڕێگەی خوادا ئافرەت بوو، کە بریتی بوو لە خاتوون (سمیة)ی هاوسەری (یاسر).

ئەسمائی کچی ئیمامی ئەبو بەکر یەکەم ئافرەتی خۆبەخش بوو کە خواردنی دابین کرد بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وهاوەڵەکەی (ئەبو بەکر). لە پێناوی شاردنەوە وناشکرا نەکردنی ئەم هەواڵ وباسە، ئازارێکی زۆری بینی لە دەست ئەبو جەهل.

ئاینی ئیسلامیش داوای کردووە لە ئافرەتان کە پارێزگاری لە وڵات وزەوی وگەلی خۆیان بکەن، هەروەك چۆن داوای لە پیاوان کردووە. پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ڕازی بووە بەوەی کە ئافرەتانیش بەشداری لە جەنگ وجیهاد وغەزاکاندا بکەن، بەڵکو چەندین ئافرەت هەر بە فیعلی لەخزمەت پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) بەشداری جیهادیان کردووە، وەك: (أم سليم بن ملحان، وأم حرام بنت ملحان، وأم الحارث الأنصارية، والربيع بنت معوذ عفراء، وأم سنان الأسلمية، وأم سليط ليلى الغفارية، وكعيبة بنت سعيد الأسلمية، وحمنة بنت جحش، ورفيدة الأنصارية، وأم الزياد الأشجعية)

١- (أم سليم بنت ملحان الأنصارية)

چەند وتەیەك هەیە لە ناوەكەیدا، دەوترێت كە ناوی **(الغميصاء)**[١] یان **(الرميصاء)** یان **(سهلة)** یان **(انيفة)** یان **(رميثة)**ی كچی **ملحان بن خالد بن زيد بن حزان بن جندب بن عامر بن غنم بن عدي بن نجار الأنصارية الخزرجية)** بووە، كە دایكی خزمەتكارەكەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (ئەنەسی كوڕی مالیك) بووە.

مێردەكەی كە ناوی **(مالك بن النضر)** بوو، مرد، پاشان كەسێك مارەی كرد بە ناوی **(أبو طلحة زيد بن سهل الأنصاري)**،و لەم پیاوە دوو كوڕی بوو بەناوی **(أبو عمير، عبد الله)**. ئەم ئافرەتە بەشداری غەزای ئوحودی كرد، زۆر بە باشی بە كاری خۆی هەستا. هەروەها لە غەزای حونەینیشدا لەگەڵ پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) ئامادە بووە، خەنجەرێكی پێ بوو، ئەوەبوو ئەبو تەلحە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە ئومو سولەیمە، وخەنجەرێكی پێیە!. ئوم سولەیمیش فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا هەڵم گرتوە بۆ ئەوەی ئەگەر یەكێك لە موشریكەكان لێم نزیك بوویەوە، ورگی پێ بدڕم، ئیتر پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) زەردەخەنەیەكی كرد.[٢]

---

(١) سير أعلام النبلاء/٢/ ٣٠٤.

(٢) الاستيعاب/ ٤/ ١٩٤٠، وطبقات ابن سعد/ ٨/ ٤٢٥، وأعلام النساء/ ٢/ ٢٥٦.

هەروەها ئەم باسە لەم سەرچاوانەشدا هاتووە: (صحيح مسلم، وسنن أبي داود، ومسند الإمام أحمد في مسنده، وصحيح ابن حبان، والمعجم الكبير للطبراني، ومسند أبي يعلى، ومصنف ابن أبي شيبة في مصنفه، وسنن البيهقي الكبرى). بەتایبەتی ئەم دەقە لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە/ كتاب الجهاد والسير/ باب غزوة النساء مع الرجال/ ١٨٠٩.

٢- (أم حرام بنت ملحان)

ناوی (ام حرامی کچی ملحانی کوڕی خالدی کوڕی حرامی کوڕی جندبی کوڕی عامری کوڕی غنمی کوڕی عدی کوڕی نجاری ئەنصاری نەجاری مەدەنییە) خوشکی ئوم سولەیمە، وپوری ئەنەسی کوڕی مالیکە، هاوسەر وژنی عوبادەی کوڕی صامیتە، چیرۆکی لە تەواوی دیوانەکاندا هاتووە بێجگە لە جامیعی ئەبو عیسی، یەکێك بووە لە ئافرەتە پایەبەرزەکان، کە ئەنەسی کوڕی مالیك وکەسانێکی تریش ئەم فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە:

ڕۆژێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ماڵی خۆی پاش نیوەڕۆیەك خەوتبوو، پاشان کە بەخەبەر هات، پێکەنی، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، بەچی پێ دەکەنیت؟ فەرمووی: ((کەسانێکی ئوممەتەکەمم پێشان درا کە سواری ئەم دەریایە دەبوون، وەکو پاشاکان کە چۆن سواری فەرمۆێڵە دەبن ولەسەری دادەنیشن)). منیش وتم: داوا بکە لە خوا کە منیش یەکێك بم لەوانە. ئەویش فەرمووی: (تۆ لە پێشینەی ئەوانی). ئەوەبوو عوبادەی کوڕی صامت مارەی کرد، ولە غەزایەکدا بەناو دەریادا ڕۆشتن، ونەویشی لەگەڵ خۆیدا برد، جا کاتێك کە گەڕانەوە، ولاغێکی بۆ هێنا کە سواری ببێت، ولاغەکەش فڕەی دا خستیە خوارەوە وملی شکاند، وکۆچی دوایی کرد.[1] منیش دەڵێم: دەڵێن ئەو غەزایە غەزای دورگەی (قبرص یان قبرس) بووە لە سەردەمی خەلافەتی ئیمامی عوسمان وفەرمانڕەوایی موعاویەدا[2]، کە بەو مردنەی، پلەی شەهیدی دەست کەوت، ولە غەزاشدا بەشداری کرد.

---

(١) ئەم باسە لەم سەرچاوانەشدا هاتووە: (سنن ابن ماجە، ومسند الإمام أحمد في مسندە، وسنن الدارمي، وصحيح ابن حبان، والمعجم الكبير للطبراني، وسنن البيهقي الكبرى)

(٢) سير أعلام النبلاء/ ٢/ ٣١٦ _ ٣١٧.

٣- (الربيع بنت معوّذ)

ناوی رەبیعی کچە موعەوەزی کوڕی عەفرائی ئەنصاریە، ولە هۆزی بەنی نەجارە.. لەبەر خزمایەتی، ئەو بەیا نییەی کە شووی کرد وگوازرایەوە پێغەمبەری پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) سەردانی کردووە، ماوەیەکی زۆر تەمەنی کردووە، وزۆرێك فەرموودەشی گێڕاوەتەوە. کەسانێکی وەکو: ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولرەحمان وسولەیمانی کوڕی یەسار وعوبادەی کوڕی وەلیدی کوڕی عوبادە، وعەمری کوڕی شوعەیب وخالیدی کوڕی زەکوان وعەبدولای کوڕی موحەمەدی کوڕی عەقیل وکەسانێکی تریش فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە.

باوکی یەکێك بووە لەو پیاوە گەورە بە تەمەنانەی کە لە غەزای بەدردا بەشداری کردبوو، وهەر ئەویش ئەبو جەهلی کوشت، خۆشی لە سەردەمی خەلافەتی (عبد الملك)دا لە ساڵی حەفتاو ئەومنە (**بضعة وسبعون**) کۆچی دوایی کرد.[1]

ئەم ئافرەتە خۆی بەیعەتی کردووە بە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم)، ویەکێکە لە ئافرەتە گەورە وپایەدارەکانی هاوەڵانی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم)، کە لەگەڵ پیاواندا جیهادی کردووە، ئیاسی کوڕی بەکیری لەیسی خوازبێنی کردبوو، پاشان خۆی ودوو براکەشی لە مەکە دەرچوون. لە پاش غەزای بەدر شووی پێ کرد، ئیتر پێغەمبەریش (صلی الله علیە وسلم) هەر ئەو بەیا نییەی کە تازە گوازرابووەوە سەردانی کرد وهات بۆلای، بینی ئەوا چەند کەنیزەکێك دەف لێ دەدەن ودەگرین بۆ ئەو پیاو وباوکانەی کە لە غەزاکەدا کوژرا بوون، ئەم ئافرەتە لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کردووە لەگەڵ ئوم عەمارە ودایکە عائیشەدا (خوایان لێ ڕازی بێت).

---

(١) سیر أعلام النبلاء/ ٣/ ١٩٨.

٤- (أم سنان الأسلمية)

ژنە هاوەڵێکی بەڕێزی پێغەمبەر بوو (صلى الله عليه وسلم)، کە فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) گێڕاوەتەوە، (ابن عباس) وکچەکەی خۆشی کە ناوی (سبيتة بنت حنظلة الأسلمية)، فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە.

یەکێك بووە لە هاوەڵە جەنگاوەر وجیهادکەرەکان، کە بە زیرەکی و چاونەترسی وهورە بەرزی وەسف کراوە، کاتێك کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ویستی ڕوو بکاتە خەیبەر، ئەویش هاتە خزمەتی، وفەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا، پێم خۆشە لەگەڵ تۆدا دەر بچم، کوندەی ئاوەکان بدوورمەوە، وبریندار وزامارەکان چارەسەر وتەداوی بکەم، یارمەتی موجاهیدەکان بدەم، شت ومەکەکانیان بۆ بپارێزم، ئاو بدەم بە تینوەکانیان. پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: وەرە لەگەڵمان، لەگەڵ (ام سلمة)دابە. کە لە زۆربنەی کاتەکاندا لە خزمەتی پێغەمبەردا بوو (صلى الله عليه وسلم).[1]

٥- (ليلى الغفارية)

یەکێکە لە زنە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، کە لەخزمەت پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) دەچووە غەزا کردن، کە خۆی دەفەرموێت: لە خزمەت پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) چووم بۆ غەزاکردن[2]، وبرینندارەکانم تیمار دەکرد، وبەسەر نەخۆشەکاندا دەهاتم ودەگەڕام، لە

---

(١) أسد الغابة/ ٥/ ٥٩٢، والإصابة/٤/ ٤٦٢.

(٢) الثقات لابن حبان/ ٣/ ٦١.

کاتێکیشدا کە ئیمامی عەلی ڕۆیشت بەرەو بەصرە منیش لەگەڵیدا ڕۆیشتم.[١]
لە ساڵی (٤٠)ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

٦- (كعيبة بنت سعيد الأسلمية)

یەکێکە لە ئافرەتە بەڕێز ودەست گوشادەکان، موجاهیدێکی پایەداری هاوەڵە موجاهیدەکان بووە، لە غەزای خەیبەردا لە خزمەت پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) ئامادە بوو، پێغەمبەریش وەکو پیاوێك بەشی بۆ دانا لە غەنیمەو دەسکەوتەکان، وەکو ئیمامی واقیدی بۆمان دەگێڕێتەوە.[٢]

٧- (رفيدة الأنصارية)

ئیبنو حەجەر(ی عەسقەلانی) لە بارەیەوە فەرموویەتی: ڕەفیدەی ئەنصاری یان ئەسلەمی، ئیبنو ئیسحاق لە چیرۆکەکەی سەعدی کوڕی موعازدا باسی کردووە کە لە غەزای خەندەقدا بە تیر پێکرا، پاشان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: بیخەنە خێمەکەی ڕەفیدەوە، کە لە مزگەوتدایە، هەتاوەکو لە کاتێکی نزیکدا سەردانی دەکەم. ئەم ئافرەتە تیماری برینداران دەکرد، خۆشی تەرخان کردبوو بۆ ئەو موسوڵمانانەی کە کێشەیەکیان هەیە، یان پێویستیان بە خێر وچاکەیەك هەیە.[٣]

ئیتر هەر بەم شێوەیە ئەم ئافرەتە بەردەوام بوو لە سەردەمی یەکەمدا، بەشداری شەڕەکانی دەکرد، ڕۆڵی دەبینا لە پاراستنی نەتەوەی موسوڵمانان، وبەرگری کردن لە مافەکان، ولە تەواوی نیشتمان. ئیتر ئەم ویست وئارەزوانەی

---

(١) الإصابة لابن حجر/ ٨/ ١٠٦.
(٢) الاستيعاب لابن عبد البر/ ٤/ ١٩٠٧.
(٣) الإصابة لابن حجر/ ٧/ ٦٤٦.

ئافرەت گەشەی دەکرد، هەتاوەکو گەیشتە ڕادەی سەرکردایەتی کردنی سوپای موسوڵمانان، کە لە ڕێگەی خوادا جیهادیان دەکرد، کە ئێمە تەنها یەك ئافرەت باس دەکەین کە سەرکردایەتی سوپای موسوڵمانانی کردووە، کە ئەویش بریتیە لە: (ترکان خاتوون).

سەرکردەی سوپا ترکان خاتون

ناوی ترکان خاتونی کچی (طغراج)ە شاژنی (جەلالیەکان) بووە، فەرمانڕەوای شاری ئەصفەهان بووە، ژنی سوڵتان (ملکشاه) بووە، ئافرەتێکی گەورە وپەروەردەکەری عەقڵ وبیر وبۆچوون ودین وچاکەکاری وخاوەن دەسەڵات وجەماوەر بووە، لە نەوەی (افراسیاب) پاشای فارسەکان بووە. هاوبەشی مێردەکەی کردووە لە دەسەڵات وبەڕێوەبردندا، لە دوای مردنی ئەویش خۆی هەستاوە بە بەڕێوەبردن وسەرپەرشتیاری وڕێکخستنی کاروبارەکان، ئەوەبوو چەند ڕاوێژکار ووەزیرێکی بۆ خۆی دانا، وچەند فەرماندەیەکی سووپاشی دامەزراند، ماڵی بازرگانانی ولاتی پاراست، و کاریگەریەکی زۆر گەورەی هەبوو لە ولاتی فارسدا، وەك ئەوەی کە زۆرێك لە داب ونەریت وڕەوشتی خەڵکی ولاتەکەی گۆڕی، بەخشش ومووچەی بۆ دابین کردن، بەمەش هەم کاربەدەستەکان وهەم خەڵکە بندەستەکانیش خۆشیان دەویست، ژن وژن خوازی لەگەڵ خەلیفەی عەباسیەکان (المقتدي بأمر الله) کرد، ئەوەبوو کە خەلیفە کچێکی ئەوی هێنا بۆ خۆی، لە ساڵی (٤٨٧)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[١]

ئەوەی کە تاوەکو ئێستا باسمان کرد کەمێکە لەو بەشداری کردنە زۆرەی ئافرەتان لە جەنگ وسوپای موسوڵمانەکاندا. بەڵام بە پێشینەیەکی شارستانی

---

(١) أعلام النساء/ ١/ ١٦٩.

دادەنرێت لەسەر دانپیانان بە ڕۆڵی ئافرەت لە زۆر لایەنی ژیانەوە، بەڵکو بە کارێکی کەم وێنە دادەنرێت کە ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەوەشدا کە گۆرانی بەسەر ئازادی ودیموکراتیدا دەڵێت، نەیتوانیوە جێبەجێی بکات وبیهێنێتەدی.

بەشی چوارەم

ئافرەتگەلێکی موفتی و زانا

لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامیدا هەزاران ئافرەتی زانا وبە تواناو سەرکەوتوو لە هەموو جۆرە زانستەکان وسەرجەم بوارەکانی رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامیدا هەڵکەوتوون ودەرکەوتوون. شێخی ئیبو حەجەر لە کتێبەکەیدا بە ناوی: (الإصابة في تمييز الصحابة) ژیاننامەی (١٥٤٣) هەزار و پێنج سەد وچل وسێ ئافرەتی نووسیووە، کە هەندێکیان شەرع زان بوون و هەندێکیشیان فەرموودەناس وهەندێکیشیان شارەزای ئەدەب بوون. هەریەکە لە ئیمامی نەوەوی لە کتێبەکەیدا بە ناوی: (تهذيب الأسماء واللغات)، خەتیبی بەغدادی لە کتێبەکەیدا بە ناوی: (تأريخ بغداد)، سەخاوی لە کتێبەکەیدا بە ناوی: (الضوء اللامع لأهل القرن التاسع)، عومەر رەزا کەحالە لە کتێبی: (معجم أعلام النساء)، کەسانێکی تریش لەوانەی کە کتێبی ژیان وڕیزبەندی زانایانیان داناوە، هەموو ئەمانە باسیان لە ژیانی کۆمەڵە ئافرەتێکی شەرعزانی فەرموودەناسی تەفسیرزانی ئەدیبی شاعیر کردووە.

بەڕاستی ئافرەتانێکی زۆر پێش کەوتوون لە پیاوان لە زۆر لایەنی زانستی شارستانی ئیسلامیدا، بە تایبەتی لە لایەنی زانستی فەرموودە وناسینی ئەو کەسانەی کە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، زانایان وشارەزایان وپێشەوایانی زانستی فەرموودە خۆیان ئەم شایەتیەیان بۆ تۆمار دەکەن. ئەوەتا ئیمامی زەهەبی دەفەرموێت: ((ئافرەتێك ناناسم کە تۆمەتبار کرابێت، یان فەرموودەی لێ

وەرنەگیرابێت)).[١] بۆ دووپات کردنەوەی ئەو ڕاستیەش شێخی ئیبنو حەجەر دەفەرموێت: ((ئافرەتێك شارەزا نیم کە تۆمەتبار کرابێت یان فەرموودەی لێ وەرنەگیرابێت)).[٢]

ئافرەتانی سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) زۆر سوور بوون لەسەر گەڕان بە شوێن زانستی شەرعی وگرنگی پێدانی ئەو زانستە. ئەوەتا ئەبو سەعیدی خودری وئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە کە: ئافرەتان پرسیان لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم): ڕۆژێکمان بۆ دیاری بکە وەکو چۆن ڕۆژێکت بۆ پیاوان دیاری کردووە. ئەفەرموێت: ئیتر ئافرەتان دەهاتنە خزمەتی وئەویش ئامۆژگاری دەکردن وفێری دەکردن.[٣]

عەتائی کوڕی رەباح لە بارەی دایکە عائیشەوە دەفەرموێت: ((عائیشە لە هەموو کەسێك شەرعزان تر بوو، لە هەموو کەسێکیش زانا تر بوو، لە هەموو کەسێکیش بۆچوونەکانی چاك تر وجوان تر بوو)).[٤]

بە هەمان شێوە تەواوی دایکانی ئیمان داران (خێزانەکانی پێغەمبەر) هەموویان، زۆرینەی ئافرەتانی هاوەڵی پێغەمبەر، کە ژمارەیەکی زۆر بوون کە

---

(١) ميزان الاعتدال في نقد الرجال، للإمام الذهبي/ ٧/ ٤٦٥.

(٢) لسان الميزان، للحافظ ابن حجر العسقلاني/ ٧/ ٥٢٢.

(٣) ابن أبي شيبة في مصنفه في مصنفه/ كتاب الجنائز/ في ثواب الولد يقدمه الرجل/ ١١٨٧٦، هەروەها لە چەند کتێبێکی تری فەرموودەکانی حەزرەتدا ئەم فەرموودەیە هاتووە، بەڵام بە تەعبیری جیاواز، وەکو: (البخاري/ كتاب العلم/ باب هل يجعل للنساء يوم على حده في العلم/ ١٠١، وأحمد في مسنده/ مسند المكثرين من الصحابة/ مسند أبي سعيد الخدري/ ١١٣١٤، ابن حبان في صحيحه/ كتاب الجائز/ باب ما جاء في الصبر وثواب الأمراض والأعراض/ ٢٩٤٤، والنسائي في السنن الكبرى/ كتاب أهل العلم بالعلم إلى البلدان/ هل يجعل العالم للنساء يوما على حدة في طلب العلم/ ٥٨٩٦).

(٤) الحاكم في المستدرك/ كتاب معرفة الصحابة/ تسمية أزواج رسول الله (صلى الله عليه وسلم) في الجاهلية والإسلام/ ٦٧٤٨، والذهبي في سير أعلام النبلاء/ ٢/ ١٨٥. هەروەها ئەم وتەیە لەم سەرچاوانەشدا هاتووە: الاستيعاب/ كتاب النساء وكناهن/ عائشة بنت أبي بكر/ ١/ ٦٠٩، الإصابة في تمييز الصحابة/ ٨/ ١٨، وتهذيب الكمال ليوسف ابن الزكي المزي/ ٣٥/ ٢٣٤، وتهذيب التهذيب للعسقلاني/ ١٢/ ٤٦٣.

بەشداریان کردووە لە بزووتنەوەی زانستی شارستانێتی ئیسلامی، کە ئێمە توانای کۆکردنەومیانمان نییە لەم کتێبەدا، کە دەکرێت بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کتێب وسەرچاوانەی کە ناومان هێنان. وەئێمە لەمەولا تەنها چەند نموونەیەکی کەم بە کورتی باس دەکەین لە ژیانی ئەو ئافرەتە زانا وشارەزایانەی پاش سەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر.

١- (نفیسة العلم)

ئیمامی (الذهبي) لەبارەیەوە دەفەرموێت: ئافرەتێکی پایەداری بەڕێزی چاکەکار بووە، کچی حەسەنی کوڕی زەیدە، لە نەوەی ئیمامی حەسەن و ئیمامی عەلی یە. گۆڕەکەی لە جێگەیەکی گەورەی ناسراوە { لە گەڕەکێکدا بووە، کە ئەوکاتە پێیان دەوت (درب السباع) بەڵام دواتر ئەو گەڕەکە لابرا، ئێستاش بە مزگەوتی سەیدە نەفیسە بەناوبانگە } لە نێوان میصر وقاهیرە[1]. باوکی لە لایەن خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنصورەوە کرا بە فەرمانڕەوای شاری مەدینەی پیرۆز، پاشان لایبرد وبۆ ماوەیەك خستیە بەندیخانەوە لە شاری بەغدا، ئەوجا کاتێك کە مەهدی بوو بە خەلیفە، ئازادی کرد و ڕێزی لێنا و ماڵ و موڵکەکەی بۆ گەڕاندەوە، ولەگەڵیشیدا چوو بۆ حەج کردن (هەندێك لە زانایان دەفەرموون: لەو سەفەرەی حەجەدا وەفاتی کرد، ولە جێگەیەك کە پێنج میل لە شاری مەدینە دوورە ئەسپەردە کراوە)...

---

(١) ئەم تەعبیرە لە زۆرێك لە کتێبە مێژوویەکاندا دەبینرێت، پێم وایە دەکرێت کە جێگە وناوچەیەك یان شارێك هەبێت لە وڵاتی مصر کە بە تایبەتی پێی بوترێت مصر، نزیکیش بێت لە شاری قاهیرەوە، ئەگینا ئەگەر وا نەبێت، خۆ قاهرە پایتەختی میصرە!! وە هیچ مانایەکیشی نییە کە بوترێت لە نێوان مصر وقاهرە. هەروەکو چۆن شارێك هەیە لە تونس بە ناوی تونس، وە لە جەزائیر بە ناوی جەزائیر، وە بە شاری دیمەشقی پایتەختی سوریا دەوترێت: (شام) لە هەمان کاتدا خۆی وشەی (شام) بۆ هەر چوار وڵاتی ئوردون وسوریا ولوبنان وفەلەستین بەیەکەوە بەکار دێت. (وەرگێڕ)

ئەوجا ئەم خانمە بەڕێزە لەگەڵ مێردە پایەدارەکەیدا کە ناوی ئیسحاقی کوڕی جەعفەری کوڕی موحەممەد صادق بووە _ وەکو وتراوە _، لەو شارەوە چوون بۆ میصر، وهەر لە میصریش وەفاتی کردووە لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی (٢٠٨)ی کۆچی. ئێمەش هەواڵی ئەم ئافرەتە پایەبەرزەمان زۆر پێ نەگەیشتوە... بەڵام وتراوە کە ئافرەتێکی چاکی خواپەرست بووە، وپاڕانەوەش لای گۆڕەکەیدا وەردەگیرێت وقبووڵ دەبێت.[1]

ڕۆژی چوارشەممە (١١)ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (١٤٥)ی کۆچی لە شاری مەکەی پیرۆز لەدایك بووە، تاوەکو تەمەنی گەیشتوەتە پێج ساڵ هەر لەوێ ماوەتەوە، وزۆر بە ڕێز وسەربەرزیەوە لە مەکەدا ژیاوە، هەتاوەکو باوکی لەگەڵ دایکیدا (کە زەینەبی کچی حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی)یە بردوونی بۆ شاری مەدینەی پیرۆز، ئیتر لەوێ دەچوو بۆ مزگەوتەکەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وگوێی لە زانایان وشێخەکان دەگرت، ودەرسی حەدیس وفیقهی لە خزمەتی زانایاندا دەخوێند، هەتاوەکو نازناوی (**نفیسة العلم**)ی بە دەست هێنا، بەر لەوەی بگاتە تەمەنی شوو کردن. جا کاتێك کە گەیشتە ئەو تەمەنە، ئیتر گەنجەکانی خزم وکەسوکاری خۆی کە لە ئالوبەیتی پێغەمبەر بوون (صلى الله عليه وسلم)، حەزیان لێ کرد، وخوازبێنیان دەکرد، بەڵام باوکی زۆر بە جوانی وەڵامی دەدانەوە ونەیدەدا پێیان، هەتاوەکو ئیسحاقی کوڕی جەعفەری صادق هات وبوون بە هاوسەری یەکتر، بەمەش بەو هاوسەرگیریە هەردوو نووری حەسەن وحوسەین کۆبوونەوە، ونەفیسە

---

(١) سیر أعلام النبلاء للذهبي/ ١٠/ ١٠٦_ ١٠٧.

هەروەها ئەم زانیاریانە لە هەردوو کتێبی/ البداية والنهاية، لابن كثير/ ١٠/ ٢٦٢، والوافي في الوفيات، للصفدي/ ١/ ٣٣٥٨ دا دەست دەکەون. وە ئەم ووتەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێشینە خواناسەکانی ئێمە ئەو خانمەیان بە چاك زانیووە، و بە درووستیشیان زانیووە کە لەلای گۆڕی چاکەکاراندا نزا وپاڕانەوە بکرێت، بە تەوەسسول کردن بە ئەوانەوە، بە هیوای ئەوەی کە خوای گەورە نزا وپاڕانەوەکانمان لێ وەرگرێت، وەك لەو سەرچاوانەدا هاتووە. (وەرگێڕ)

خاتوونیش بوو بە خانمی هەردوو ماڵەکە، وپاشان کوڕێکیان بوو بە ناوی: **(القاسم)**، کچێکیش بە ناوی: **(ام کلثوم)**.

بە زۆری کاتەکانی لە خزمەت مزگەوتی باپیرەیدا (پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)) بەسەر دەبرد. بە ڕاستی وبێ زیادەڕەوی، ئافرەتێکی دونیا نەویست بوو، نەك بەو جۆرەی کە هەموو پەیوەندیەکی لەگەڵ ژیاندا بچڕاندبێت، بەڵکو وازی لە هەموو ئەو شتانەی دونیا هێنابوو کە ڕێگر دەبوون لە ڕێگەی خواپەرستی وکۆکردنەوەی توێشوودا. پاشەڕۆژی زۆر لەبەرچاو گرتبوو، تاوەکو ئەو ڕادەیەی کە بە دەستەکانی خۆی گۆڕی بۆ خۆی هەڵکەندبوو، کە دواتر تێیدا ئەسپەردە کرا. هەموو قورئانی لەبەر بوو، تەفسیرێکی باشیشی دەزانی، خەڵکانێك ڕوویان تێ دەکرد بۆ ئەوەی گوێ لە تەفسیر کردنی بگرن، هەرکاتێك کە دەپاڕایەوە دەیوت: خوایە زیارەت وسەردانی گۆڕی دۆست وخۆشەویستەکەی خۆت **(ابراهیم)**م بۆ ئاسان بکە، خوای گەورەش بەدەم پاڕانەوەکەیەوە هات وخۆشی ومێردەکەشی **(إسحاق المؤتمن)** زیارەتیان کرد.

پاشان چوون بۆ میصر لە ڕەمەزانی ساڵی (١٩٣)ی کۆچی لە سەردەمی هارونە ڕەشیددا، لە عەریش _ کە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتی میصرە _ خەڵکی میصر بە **(الله أکبر، ولا إله إلا الله)** پێشوازیان لێ کردن، وبە خێوەت و ئەسپ وولاغی سواری دەوری خۆی ومێردەکەشیان دا، هەتاوەکو لە ماڵی گەورە بازرگانێکی ئەو کاتە بە ناوی **(جمال الدین عبد الله الجصاص)** دابەزین و مانەوە.

لە ڕۆژی شەممەی (٢٦)ی ڕەمەزانی ساڵی (١٩٣)ی کۆچیدا نەفیسە خانم گەیشتە قاهیرە، واتە پێنج ساڵ بەر لە هاتنی ئیمامی شافیعی بۆ وڵاتی میصر، لە ماڵی ئافرەتێکی میصری مایەوە بە ناوی **(أم هانئ)**، کە خانوو وماڵێکی بە دەرفەت وفراوان بوو، پاشان خەڵك دەستیان کرد بە سەردانی بۆ فێربوونی زانست، هەتاوەکو زۆر فەرەباڵغ بوو، بە جۆرێك کە وەخت بوو وەهای لێ بێت

کە نەیپەرژێتە سەر ئەو جۆرە خواپەرستیانەی کە پێشتر دەیکردن، بۆیە هاتە دەرەوە بۆلای خەڵکەکە وفەرمووی: ((من بڕیارم دابوو کە لای ئێوە بمێنمەوە، بەڵام من ئافرەتێکی لاوازی بێ هێزم، ئەوەتا دەشبینن کە خەڵك لە دەورم زیاد بوون، وسەرقاڵیان کردووم کە ویرد وزیکرەکانی خۆشم پێ ناخوێنرێت، وپێشم ناکرێت کە توێشوو بۆ پاشەڕۆژم کۆبکەمەوە، خۆشەویستی وسۆزی مەرقەد وگۆڕی باپیرەشم زۆری بۆ هێناوم))، ئیتر خەڵکەکەش زۆر لە قسەکەی ترسان، بۆیە ڕێگەیان پێ نەدا کە بەجێیان بهێڵێت، هەتاوەکو والی وفەرمانڕەوای ئەو کاتە (السري بن الحكم) خۆی هاتە ناو مەسئەلەکە، وپێی وت: ((ئەی کچی پێغەمبەری خوا، هەر سکاڵا وکێشەیەکت هەبێت، من دەیمە کەفیلی نەهێشتنی))، ئەوەبوو خانوویەکی فراوانی بە دیاری پێدا، ودواتر مەوعیدێکی بۆ دانان کە خەڵك بۆ زانیاری وئامۆژگاری بێتە خزمەتیان _ هەفتەی دوو ڕۆژ _ بۆ ئەوەی کە پێنج ڕۆژەکەی تر سەربەست ودەست خاڵی بێت بۆ عیبادەت وخواپەرستی خۆی، ئیتر ئەویش ڕازی بوو، لەوێ مایەوە.

فەرمانڕەوا وکاربەدەستەکانیش باش دەیان زانی کە چەندە بە ڕێز وبە توانایە بۆ ڕێنموویی کردنی تەواوی خەڵکی، بەڵکو لە کاتی پێویستیشدا خەڵکی هاندەدا لەسەر شۆڕش کردن، ئەگەر پێویس بوایە، هەتاوەکو جارێك پیاوەکانی یەکێك لە کاربەدەستەکان پیاوێکیان لە دۆستەکانی خاتوو نەفیسە دەستگیر کردبوو، بۆ ئەوەی کە سزای بدەن، جا لە کاتێکدا کە ئەو پیاوە لەگەڵ پیاوانی کاربەدەستەکاندا بەلای ماڵی خاتوو نەفیسەدا تێپەڕی، وهاواری کرد کە بێنە هانایەوە، ئەویش بانگی کرد کە بەرەڵای بکەن، وفەرمووی: ((خوای گەورە بەر چاوی ستەم کارانت لێ بگرێت)). جا کاتێك کە پیاوەکەیان هێنایە بەردەستی ئەمیر وکاربەدەستەکە، پێیا گوت کە تێپەڕیون بەلای خاتوو نەفیسەدا، وپیاوەکەش داوای بە هاناوە هاتنی لێ کردووە، وداوای دوعای لێ کردووە، وئەویش دوعای بۆ کرد کە ڕزگاری ببێت، کاربەدەستەکەش وتی: ((خوایە دەبێت ستەمکاری من گەیشتبێتە ئەم ڕادەیە! خوایە پەشیمانم،

وداوای لێ خۆشبوونت لێ دەكەم. ئیتر پیاوەكەی بەرەڵا كرد وهەندێك ماڵیشی كرد بە خەیر وچاكە بۆ گەدا ونەدار وهەژاران)).

ئیمامی (قرماني)[1] لە (تأريخ)ەكەیدا باسی شتێكی كردووە، كە خاوەنی كتێبی (الغرر)، وكتێبی (المستطرف)یش پشتگیری لەو ڕیوایەتەی دەكەن _ كە هەردووكیان لە مێژوو نووسە متمانەدارەكانن _: گوایە خاتوو نەفیسە سەرپەرشتی شۆڕشێكی خەڵكی كردووە دژ بە (ابن طولون)، كاتێك پەنایان بۆ هێنا لە ترسی ستەم ودەست درێژیەكانی، ئەویش پەڕەیەكی نووسی وكاتێك كە زانی ئاپۆڕەی ولاغ وپاسەوان ودارو دەستەكەی (ابن طولون) لەوێوە تێدەپەڕن، چووە دەرەوە بۆ سەر ڕێگەكەی، جا ئەویش كاتێك كە خاتوو نەفیسەی بینی، لە سواری ولاغەكەی هاتەخوارەوە، خاتوو نەفیسەش ئەو پارچە پەڕەیەی پێدا كە تێیدا نوسیبووی: ((بوون بە كاربەدەست وخەڵكیتان دیل كرد، دەسەلاتتان كەوتە دەست وخەڵكیتان پێ چەوساندەوە، فەرمانڕەواییتان درایە دەست، ودەستان كرد بە خراپە كاری، بژێوی وڕۆزیتان درایە دەست، ئێوەش بڕیتان، ئەمەو ئەوەش دەزانن كە تیری سبەینیان دەپێكێ وهەڵە ناكات، بە تایبەتی لەو دلانەی كە ئازارتان پێ گەیاندوون، لەو سكانەی كە برسیتان كردوون، لەو لاشانەی كە ڕووتتان كردوونەتەوە، ئەوەش شتێكی مەحاڵ وچاوەڕوان نەكراوە كە ستەم لێكراو بمرێت وستەمكار هەر بمێنێتەوە، ئیتر چیتان پێ دەكرێت بیكەن، ئێمەش سكالا بۆلای خوا دەبەین، وَسَيَعْلَمُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓا۟ أَىَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ)).

---

(١) ناوی ئەحمەدی كوڕی سنان الدینی كوڕی ئەحمەدی دیمەشقیە. لە ساڵی (٩٣٩)ی كۆچی لەدایك بووە، ولە ساڵی (١٠١٩)ش كۆچی دوایی كردووە، وە یەكێك لەو كتێبانەی كە داینـاوە بریتیە لە كتێبێكی مێژوویی بە ناوی (أخبار الدول وآثار الأول) كە لە یەك بەرگ پێك هاتووە، دابەشی كردووە بۆ پێشەكیەك وپەنجا وپێنج دەروازە. بڕوانە: (كشف الظنون/ ١/ ١، وهدية العارفين/ ١/ ٨٦). (وەرگێڕ)

ئیمامی (قرماني) دەفەرموێت: ئیتر لەو کاتە بەدواوە (ابن طولون) بە دادپەروەرانە ڕەفتاری دەکرد ودەجولایەوە!.

لە کاتێکدا کە ئیمامی شافیعی تەشریفی هێنایە میصر، پەیوەندیەکی بتەوی بە خاتوو نەفیسەوە بەست، کردبووی بە عادەت کە هەرکاتێك بچوایە بۆ هەڵقەکانی دەرس وتنەوە لە مزگەوتی (فسطاط)، وهەرکەی بیشگەڕایەتەوە بۆ ماڵەوە، سەردانی ئەویشی دەکرد، لە مانگی ڕەمەزانیشدا ئیمامی شافیعی پێش نوێژی تەراویحی لە مزگەوتەکەی ئەودا دەکرد، وهەرکاتێك بچوایە بۆ لای داوای دوعای خەیری لێ دەکرد، هەتاوەکو دەگێڕنەوە کە ئەگەر نەخۆشیش بوایە، کەسێکی دەنارد بۆ لای وسەلامی پێ دەگەیاند، وپێی دەوت: ((کوڕەمامەکەت کە شافیعیە نەخۆشە وداوا دەکات دووعای بۆ بکەیت)). ئیمامی شافیعی وەسیێتی کردبوو کە خاتوو نەفیسەش نوێژی جەنازەی لەسەر بکات، جا پاش ئەوەی کە وەفاتی فەرموو، لە ساڵی (٢٠٤)ی کۆچی، تەرمەکەیان بەلای ماڵی خاتوو نەفیسەدا تێپەڕاند، ئەویش نوێژی لەسەر کرد، ووەسیێتەکەیان جێبەجێ کرد.

ئافرەتێك بوو کە زۆر دەگریا، وبەردەوام بەڕۆژوو بوو، شەونوێژی دەکرد، سێ شەو جارێك نانی دەخوارد، وبە بێ مێردەکەی هیچ شتێکی نەدەخوارد، وسی جار حەجی ماڵی خوای کردووە، کە زۆر بە توندی دەگریا ودەستی دەگرت بە دیوارەکانی کەعبەوە، ودەیوت: پەروەردگار وگەورە وسەردارم خۆشحاڵم کە بە لێ ڕازیبوونم.

زەینەبی کچی یەحیای (المتوج) دەڵێت: چل ساڵ خزمەتی پوورە نەفیسەم دەکرد (خوشکی باوکی بووە)، نەمبینیوە کە بە شەودا بخەوێت، ونەشمبینیوە کە بە ڕۆژدا هیچ بخوات، بۆیە جارێك پێم وت: ئەوە بەزەییەکت بە خۆتا نایەتەوە؟! ئەویش فەرمووی: چۆن بەزەییم بە خۆمدا بێتەوە کە لە

بەردەممدا چەندین هەوراز ورێگر هەن، کەسێك کە بـراوە وبەختـەوەر نـەبێت ناتوانێت لێیان تێپەڕ ببێت.

پـاش ئـەوەی کـە حـەوت سـاڵ لـە میصـر مایـەوە، خـاتوو نەفیسـە نـەخۆش کەوت، ئیتر نامەیەکی نارد بۆ (**إسحاق المؤتمن**)ی مێردی، وگۆڕێکی لـە ماڵەکـەی خۆیدا بە دەستی خۆی هەڵکەند، کە زۆر جار دەچووە ناوی ونوێژی تێدا دەکرد، وهەر لەناو ئەو گۆڕەدا سـەد ونـەوەد (١٩٠) جـار قورئـانی خـەتم کـردووە، ئـیتر هەروا بۆی دادەبەزی ونوێژێکی زۆری تێدا دەکرد، وقورئانێکی زۆری دەخوێند، وزۆریـش دەگریـا، هـەتاوەکو لـە سـاڵی (٢٠٨)ی کۆچی کەوتـە گیانـدان ونزیـك بوویەوە لە مردن، ولـەو کاتەشدا بـەڕۆژوو بـوو، بۆیـە خـەڵکی زۆریـان لێ کـرد ووازیان لێ نـەدەهێنا لەسـەر ئـەوەی کـە دەبێـت ڕۆژوەکـەی بشـکێنێت، ئـەویش فەرمووی: ئای چەندە سەیرە، ماوەی سی (٣٠) ساڵە داوا لە خـوا دەکـەم کـە بـە زمانی بە ڕۆژوو پێی بگەمـەوە، ئێستا ڕۆژوەکـەم بشکێنم! شـتی وەهـا نابێـت، پاشان دەسـتی کـرد بـە خوێنـدنی سـوورەتی (**الأنعام**) وئـە شـەوە شـەوێکی زۆر ئـارام وکـپ بـوو، هـەتا گەیشـتە ئایـەتی: ﴿لَهُمْ دَارُ السَّلَامِ عِندَ رَبِّهِمْ وَهُوَ وَلِيُّهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ الأنعام/ ١٢٧. ((واتە: ئەوانەی ڕوو دەکەنە ئەم ڕێگا ڕاسـتەی خـودا، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا ئەمینن ودڵنیان وئاشـتی وخۆشـیان لەلایـەن خـوداوە بـۆ دابـین کـراوە. ئەوانـە خـودا پشـتیوان ویارمەتیدەریانـە وبـەهۆی ئـەو کـردەوە چاکانـەیانەوە کە لـە ژیـانی دنیـادا دەیـانکرد، ڕەحمـەت ولوتـف وبـەزەیی خـۆی دەڕژێنێت بەسەریاندا)). ئیتر لە هۆشی خـۆی چـوو، وپاشـان شـەهادەتی ڕاسـت وحەقی هێنا، وگیانی بە سۆز وڕەحمەتی خوا سپارد.

٢- خاتوو (كريمة) گێڕەرەوەی صەحیحی بوخاری

زانای پایەدار وفەرمووودەگێڕەوە وزۆر بەڕێز خاتوو کەریمەی کچی ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی حاتەمی مەروەزیە، ولە پاڵی (**مسجد الحرام**)دا بووە.

صەحیحی بوخاری لەلای سێ کەس گوێ لێگرتووە، کە ئەوانیش: (**أبو الهيثم الكشميهني، وزاهر بن أحمد السرخسي، وعبد الله بن يوسف بن باموية الأصبهاني**)، هەرکاتێك کە فەرمووودەیەکی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) بگێڕایەتەوە، ئەوا بەرامبەری پێ دەکرد لەگەڵ ئەصلەکەیدا، زۆر تێگەیشتوو وزانا ودانا بووە لە چاکەکاری وخواپەرستیدا.

زۆر جار کتێبی صەحیحی بوخاری گێڕاوەتەوە، جارێکیان بە خوێندنەوەی ئەبو بەکر **الخطيب**، لە ڕۆژانی بەجێ هێنانی مەناسیکی حەج کردندا. هەر بە کچێنی مرد وشووی نەکردبوو.

چەند کەسێك فەرموودەی پێغەمبەریان (صلى الله عليه وسلم) لێ گێڕوەتەوە، وەکو: (**الخطيب، وأبو الغنائم النرسي، وأبو طالب الحسين بن محمد الزينبي، ومحمد بن بركات السعيدي، وعلي بن الحسين الفراء، وعبد الله بن محمد بن صدقة بن الغزال، وأبو القاسم علي بن إبراهيم النسيب، وأبو المظفر منصور بن السمعاني**، کەسانێکی تریش.)

(**أبو الغنائم النرسي**) دەڵێت: کەریمە خاتوون نوسخەیەکی صەحیحی بوخاری دەرهێنا، ومنیش لە بەرامبەری دانیشتم، وحەوت پەڕەم لێ نووسیەوە، وخوێندمنەوە، ودەشم ویست کە خۆم بە تەنها بیخوێنمەوە. ئەویش فەرموی نەخێر، دەبێت جارێ لەگەڵ مندا بەیەکەوە بیخوێنینەوە، ئیتر بە یەکەوە خزێندمانەوە.

(أبـو الغنـائم) دەڵێـت: ئـەو فەرموودانـەی کـە لـە زاهـیری کـوڕی ئەحمـەدی سەرخەسی بیستبوو، منیش خوێندمەوە لە خزمەتیدا.

وە ئەبو بەکری کوڕی مەنصووری سەمعانی دەڵێت: لە باوکمم بیستووە کـە باسی کەریمە خـاتوونی دەکـرد، دەیـوت: ئایـا کەسـێك هەیـە کـە وێنـەی خـاتوو کەریمەی بینیبێت؟!

ئـەبو بـەکر دەڵێـت: گـوێم لـە کچـی براکـەی خـاتوو کەریمـە بـوو، دەیـوت: کەریمـە خـاتوون شـووی نـەکردبوو، باوکیشـی خـەڵکی گونـدی (کشمهین) بـوو، دایکیشی لە نەوەی (السیاري) بووە، باوکی بردوویەتی بۆ (بیت المقدس) ودواتر گەڕاندیەوە بۆ مەکە، وتەمەنیشی گەیشتبووە سەد (١٠٠) ساڵ.

(ابن نقطة) دەڵێت: بە دەسنوسی ئیبنـو ناصـر مێـژووی وەفاتەکـەی تۆمـار کراوە کە لە ساڵی: (٤٦٥)ی کۆچی بووە.

منیش دەڵێم: ڕاست تر ئەوەیە کە لە ساڵی: (٤٦٣) کۆچی دوایی کردووە.

(هبــة الله بــن الأكفــاني) لــە ســاڵی (٤٦٣)ی کۆچـیدا، دەگێڕێتــەوە لــە عەبدولعەزیزی کوڕی عەلی صۆفی، کە بۆی گێڕاوەوە ووتوویەتی: لە شاری مەکە لـە کەسـێکم بیسـت هـەواڵی مردنـی خـاتوو کەریمـەی پێـدام، کـە گوایـە لـە مانگەکانی ئەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردووە.

(أبو جعفر محمد بن علي الهمـداني) دەڵێـت: سـاڵی (٤٦٣) چوومە حـەج، لـە ڕێگە هەواڵی مردنی کەریمە خاتوونمان پێ گەیشت، خۆشم چاوم پێی نەکەوتوە وپێی نەگەیشتووم.[1]

---

(١) سير أعلام النبلاء، للإمام الذهبي/ ١٨/ ٢٣٣.

٣- أمه الواحد

ناوی سوتەیتەی کچی حوسەینی کوڕی ئیسماعیلی مەحامیلیە، زاناو شەرعزان وموفتی بووە، لای باوکی خوێندوویەتی، هەر لەویشەوە چەند فەرموودەی گێڕاوەتەوە، تەواوی قورئان وفیقهی ئیمامی شافیعی لەبەر کردووە، زانستی میرات وزمانەوانی وزانستەکانی تری زۆر بە باشی زانیوە، لەگەڵ ئەبو عەلی کوڕی ئەبو هورەیرەدا[1] بەیەکەوە فەتوایان دەدا، دایکی قازی موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی قاسیمی مەحامیلیە، لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی (٣٧٧)ی کۆچی لە دونیا دەرچووە.[2]

٤- (شهدة الإبري)

کچی زانای فەرموودە ناس ئەبو نەصر ئەحمەدی کوڕی فەرەجی دەینووری پاشان بەغدادییە لە جیهەتی (الإبري)یەوە، تەمەن درێژ ونوسەر وفەرموودە گێڕەوەی عێراق، ومایەی شانازی ئافرەتان بووە، لە دوای ساڵی (٤٨٠)ی کۆچی لەدایك بووە.

لەم زانایانە فەرموودەی بیستوە: (أبو الفوارس طراد الزينبي، وابن طلحة النعالي، وأبو الحسن بن أيوب، وأبو الخطاب بن البطر، وعبد الواحد بن علوان، وأحمد بن عبد القادر اليوسفي، وثابت بن بندار، ومنصور بن حيدر، وجعفر السراج، چەندینی تر). ئەم زانایانەش فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە: (ابن

---

(١) قازی شەرعزان (حسن بن حسين البغدادي)ە، ویەکێکە لە گەورە زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافیعی، لە ساڵی (٣٤٥)ی کۆچی وەفاتی کردووە. بڕوانە: (تأريخ بغداد للخطيب البغدادي/ ٧/ ٢٩٨/ ت: ٢٨٠٨). (وەرگێڕ)

(٢) تأريخ بغداد/ ١٤/ ٤٤٢، وسير أعلام النبلاء/ ١٥/ ٢٦٤، والمنتظم في تاريخ الملوك والأمم لعبد الرحمن ابن الجوزي/ ٧/ ١٣٨.

عساكر، والسمعاني، وابن الجوزي، وعبد الغني، وعبد القادر الرهاوي، وابن الأخضر، والشيخ الموفق، والشيخ العماد، والشهاب بن راجح، والبهاء عبد الرحمن، والناصح، والفخر الإربلي، وتاج الدين عبد الله بن حمويه، وأعز بن العليق، وإبراهيم بن الخير، وبهاء الدين بن الجميزي، ومحمد بن المني، وأبو القاسم بن قميرة، خەڵكانێكی زۆر).

(ابن الجوزي) دەفەرموێت: لە خزمەتیدا دەرسی فەرمووەدەم خوێندوە، ئافرەتێكی خەت جوان بوو، شووی كرد بە یەكێك لە بریكارەكانی خەلیفە، وتێكەڵاوی زانایان وكۆڕە زانستیەكانی كردووە، ئافرەتێكی خەیرۆمەند وچاكەكار بووە، نزیكەی سەد (١٠٠) ساڵ تەمەنی كردووە، لە (١٤)ی موحەڕەمی ساڵی (٥٧٤) كۆچی دوایی كرد، وزۆرینەی خەڵك وزانایان ئامادەی بەخاك سپاردنەكەی بوون.

(الشیخ الموفق) دەفەرموێت: ئیسنادی حەدیس لە بەغدادا بە ئەو دەگات ولەودا كۆتایی دێت، ئەوەندە تەمەنی درێژ بووە كەسە تەمەن كەمەكانی گەیاندوەتە كەسە بەتەمەنەكان (واتە لە كۆڕی دەرس وتنەوەیدا هەم كەسانی كەم تەمەن وهەم كەسانی بە تەمەنیش كۆ دەبوونەوە)، نووسینێكی جوانی هەبوو، بەڵام لەبەر بەساڵاچوونی خەتەكەیشی گۆڕا وجوانێتیەكەی پێشتری نەما.[1]

كۆمەڵێكی زۆر لە زانایان لەو ساڵەی ئەودا كۆچی دواییان كردووە، لەوانە: (احمد بن علي بن الناعم الوكيل، واسعد بن بلدرك بن أبي اللقاء البواب، والأمير شهاب الدين سعد بن محمد بن سعد بن صيفي الشاعر الحيص بيص، وأبو صالح

---

(١) زۆرینەی ئەو زانیاریانەی كە لەسەر ئەم خانمە بەرێزە نووسراوە لە كتێبی (تأريخ الإسلام للذهبي/ ١/ ٤٠٤٦، والمنتظم في تاريخ الملوك والأمم لعبد الرحمن ابن الجوزي/ ١٠/ ٢٨٨، ووفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان لابن خلكان/ ٢/ ٤٧٧) دا هاتووە، بەڵام مامۆستای دانەر ئاماژەی بەو سەرچاوانە نەكردووە! لەوانەشە كە مەبەستی كورتبڕی بووبێت لە نووسینەكەیدا. (وەرگێڕ)

سعد الله بن نجا بن الوادي الدلال، وابو رشيد عبد الله بن عمر الأصبهاني، وأبو نصر عبد الرحيم بن عبد الخالق بن يوسف، وعمر بن محمد العليمي، وابو عبد الله بن المجاهد الإشبيلي الزاهد، ومحمد بن نسيم العيشوني).

٥- (زين العرب بنت عبد الرحمن)

ناوی زين العرب كچی عبد الرحمن كوڕی عومەری كوڕی حوسەينە، وناسراوە بە: (بنت الخزيراني). لە زانستی فەرموودەناسيدا گەيشتوەتە پلەی (محدثة)، بووە بە سەرپەرشتياری (مشيخة رباط بنت السقلاطوني)، ولە مەكەدا ژياوە، ولە كۆتايی تەمەنيدا پۆستی (مشيخة رباط الحرمين)ی پێ دراوە، ولە سەرەتای ساڵی (٧٠٤)ی كۆچی لە تەمەنی حەفتا ونەوەند ساڵيدا كۆچی دوايی كردووە.[1]

٦- (دهماء بنت يحيى)

زانای كارخوازی پايەبەرز (دهماء ی كچی يەحيا)، خوێندن وزانستی لای براكەی بە ناوی (الإمام المهدي أحمد بن يحيى) وەرگرتوە، لە تەواوی ئەم زانستانەدا زۆر لێهاتوو بووە: (النحو، والأصول، والمنطق، والنجوم، والرمل[2]،

---

(١) الدرر الكامنة في أعيان المئة الثامنة لابن حجر العسقلاني/ ٢/ ٢٤٧، وأعلام النساء/ ٢/ ٤٤.
(٢) زانستێكە بە هۆيەوە هەر پرسيارێك بكرێت وەلامەكەی دەزانرێت، بە هۆی شێوازی هەندێك دەنكە لەوە، كە دوانزە شێوەی هەيە، هەر وەكو بورجەكان، وە زۆرينەی مەسەلەكانی ئەم زانستە شتی گۆترەكاريە، بۆيە دەكرێت كە وەها دەرنەچێت، چونكە زانيارێكان خۆيان بە نزيك كراوەيين، ودڵنيايی نين. بڕوانە: (كشف الظنون/ ١/ ٩١٢). (وەرگێڕ)

والسیمیاء[١]، والشعر)، شەرحی کتێبی (الأزهار)ی[٢] کردووە لە چوار بەرگدا، هۆنراوەی (الکوفي) لە فیقهو میراتدا شەرح کردووە، شەرحی کتێبی (مختصر المنتهی ی ابن الحاجب)ی کردووە (لە زانستی أصول الفقه)، لە شاری (ثلا) لە وڵاتی یەمەن چەند کەسێك دەرسیان لا خوێندوە وزانستیان لێوە وەرگرتوە، هەر لەو شارەدا لە مانگی (ذي القعدة) لە ساڵی (٨٣٧)ی کۆچی وەفاتی کردووە.[٣]

٧- (فاطمة بنت أحمد)

ناوی فاتیمەی کچی ئەحمەدی کچی یەحیایە، زانایەکی پایەبەرزی شەرعزان بووە، وتوانای هەڵێنجانی ئەحکامە شەرعیەکانی هەبووە، گفتوگۆ ولێکۆڵینەوەی لەگەڵ باوکیدا دەکرد لە مەسەلە بەناوبانگە فیقهیەکاندا، هەر لەگەڵ باوکیدا بە زۆر مەسەلەدا چوونەتەوە، وەکو مەسەلەی خەنە کردن بە

---

(١) ئەم زانستە جۆرێکە لە جۆرەکانی سیحر کردن، کە وەهات دەخاتە پێش چاو کە وێنەی هەندێك شت دەبینیت، کە تەنها وێنەی خەیاڵین وشتە ڕاستەقینەکان نین. (قاضي بیضاوي) دەفەرموێت: ئەم وشەیە خۆی عەرەبی نییە، بەڵام کراوە بە عەرەبی، ولە ئەصڵدا لە دوو وشە پێك هاتووە، کە (شیم، ویە)، دواتر کە کراوە بە عەرەبی بووە بە سیمیاو. بڕوانە: (تفسیر روح المعاني، للآلوسي/ ١٦/ ٢٢٧ لە تەفسیری ئایەتی (٦٦)ی سورەتی (طه) کە دەفەرموێت: فإذا حبالهم وعصیهم یخیل إلیه من سحرهم أنها تسعی). (وەرگێڕ)

(٢) ئەم کتێبە ناوی: الأزهار في فقه الأئمة الأطهار. لەسەر مەزهەبی زەیدیەکانە، دانەرەکەشی ناوی: أحمد في مسنده بن یحیی بن مرتضی الیمني)ە، کە یەکێکە لە پێشەوایانی شیعە مەزهەب، ولە ساڵی (٨٤٠) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (کشف الظنون/ ١/ ١، وهدیة العارفین/ ١/ ٦٦). (وەرگێڕ)

(٣) البدر الطالع للشوکاني/ ١/ ٢٤٨، وأعلام النساء/ ١/ ٤٢٠، والأعلام للزرکلي/ ٣/ ٥.

مـادەی **(العصـفر)**[١]، جـا بـاوکی دەیـوت: ((بەڕاسـتی فاتیمـە لـە هـەڵێنجانی بڕیارەکاندا بۆلای خۆی دەگەڕێتەوە)).

جا ئەم وتەیەی باوکی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زۆر بە توانا وهەڵکەوتوو بووە لە زانستەکاندا، چونکە ناکرێت زانایەکی گەورە ئەم وتەیە لـە وەسـفی کەسێکدا بڵێت، مەگەر ئەو کەسە کەسێکی زۆر شیاو بێت.

وە مێردەکەشی کە پێیـان وتـوە: **(الإمـام المطهـر)** لـە هـەر مەسـەلەیەکدا کە ئیشـکالی هەبوایـە دەگەڕایـەوە بـۆ لای ئـەو، ئەگـەر لـە کـاتی دەرس وتنـەوەدا قوتابیـەکان تـەنگاویان بکردایـە وزۆریـان بـۆ بهێنایـە، ئـەویش دەچـوە ماڵـەوە بـۆلای ئـەم خانمـە، ونـەویش ڕاسـتیەکەی پـێ دەوت، ئـیتر ئەهاتـەوە لای قوتابیەکان و، ئەوانیش پێیان دەوت: ئەم زانیاریە هی خۆت نییە، بەڵکو هی ئەو کەسەیە کە لە پشتی پەردەکەیە.

لە ساڵی (٨٤٠)ی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[٢] کە باوکی هێشتا لە ژیاندا بووە.

٨- (أسماء المهروانيية)

نـاوی ئـەسمای کچـی عبـدالله ی کـوڕی محمـدی مـەهرەوا نییـە، ئـافرەتێکی دیندار وچاکەکار وخۆشنوس بووە، وگەیشتوەتە پلەی **(محدثة)**. کتێبی **(روايـة الآباء عن الأبناء)**ی **(الخطيب البغدادي)**[٣] لای ئەم دوو زانایە خوێندوە: **(الكمال**

---

(١) جۆرە ڕوەکێکە کە ڕەنگێکی زەردی لێ دەردێت، وبۆ ڕەنگ کردن بەکار دەهێنرێت. (وەرگێڕ)

(٢) البدر الطالع/ ٢/ ٢٤، وأعلام النساء/ ١/ ٥٦.

(٣) زانای شەرعزانی فەرموودەناسی شافیعی مەزهەب أحمد ی کوڕی علي کوڕی ثابت ی کوڕی أحمد ی کوڕی مهدي کوڕی ثابت، کە بە الحافظ أبو بكر الخطيب البغدادي بەناوبانگە، نزیکەی سەد کتێبی داناوە، لە ساڵی (٣٩٢)ی کۆچی لە دایك بووە، ولە مانگی جمادی الآخر ی ساڵی (٤٦٣) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە (هدية العارفين/ ١/ ٤١). (وەرگێڕ)

محمد بن محمد بن نصر بن النحاس، والشهاب أحمد بن عبد الغالب بن محمد الماكسيني).

بیست وشەش (٢٦) زانا ئیجازەیان پێداوە، لەوانە: (**رسلان الذهبي، وأبو بكر بن محمد المزي**) زانایەك بە ناوی (**الشهاب بن الليودي**) لە ڕیزی مامۆستاکانی خۆیدا ناوی هێناوە. ئیمامی سەخاویش دەرسی لا خوێندووە.

لە مانگی صەفەری ساڵی (٨٦٧)ی کۆچی لە شاری (**دمشق**) کۆچی دوایی کردووە، ولە گۆڕستانی (**باب توما**) لە نزیك گۆڕی شێخ (**رسلان**)[1] ئەسپەردەی خاك کراوە.[2]

٩- (زاهدة الطاهري)

ناوی زاهدەی کچی محمدی کوڕی عبد الله ی (**طاهري**)یە، لە فەرموودەناسیدا گەیشتۆتە پلەی (**محدثة**)، لای چەند زانایاك ئیجازەی زانستی وەرگرتوە، وەکو: (**ابن الجميزي**[3]، **والشاوي**، وکەسانی تریش)، گوێی لە

---

(١) دەوترێت کە ناوی (أرسلان)بووە، کوڕی يعقوب ی کوڕی عبد الرحمن ی جەعبەری دیمەشقیە، یەکێك بووە لە خواناسە دونیا نەویستەکان، لە ساڵی (٥٤٠)ی کۆچی وەفاتی کردووە، کتێبێکی زۆر بەناوبانگی داناوە بە ناوی: (رسالة التوحيد). بڕوانە: (هدية العارفين/ ١/ ١٩٣). (وەرگێڕ)

(٢) الضوء اللامع/ ٦٠٦، وأعلام النساء/ ١/ ٥٦.

(٣) ناوی (علي بن هبة الله ابن سلامة بن المسلم الإمام بهاء الدين أبو الحسن اللخمي ابن الجميزي المصري الشافعي) یەکێکە لە قورئانخوێنە وتاربێژە ناودارەکان، لە ساڵی (٥٥٩) لە میصر لە دایك بووە، ولە تەمەنی دە ساڵیدا تەواوی قورئانی لەبەر کردووە، وە لە (٢٤)ی (ذي الحجة)ی ساڵی (٦٤٩) کۆچی دوایی کردووە لە تەمەنی زیاد لە (٩٠) ساڵ. بڕوانە: (معرفة القراء الكبار للذهبي/ ٢/ ٦٥١). (وەرگێڕ)

(إبراهيم ی کوڕی خەلیل) گرتووە، یەکێك لە زانایان بە ناوی (المقاتلي)ەوە[١] لە ڕیزی مامۆستاکانی خۆی ناوی هێناوە، یەکێکی تریش بە ناوی (الواني)[٢] دەرسی لەلا خوێندوە. لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[٣]

١٠- زينب الجرجانيية

ناوی زەینەبی کچی عبد الرحمن ی کوڕی حەسەنی جورجا نییە، بە نازناوی (ابنـه الشعری) ناسراوە، بەم نازناوانەش ناسراوە: (حـرّة، وعالمة، وفاضلة، ومحدثة، وجليلة).

لە ساڵی (٥٢٤)ی کۆچی لە نەیسابوور لە دایك بووە، وبە خزمەت کۆمەڵێك زانای ناودار گەیشتوە، وئیجازەی زانستی وگێڕانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لێ وەرگرتوون.

هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لەم زانایانە بیستوە: (**ابو محمد إسماعيل بن ابي القاسم بن ابي بكر النيسابوري القارئ، وابو القاسم زاهر، وابو المظفر عبد المنعم بن عبد الكريم بن هوزان القشيري، وابو الفتوح عبد الوهاب بن شاه الشاذياخي، وابو البركات محمد بن الفضل الفزاري**، کەسانێکی تریش)

---

(١) ناوی (فخر الدين عثمان بن لبان المقاتلي الدمشقي الكفتي)ە، ویلەی (محدث)ی هەبووە، وچەند ساڵێك لە میصردا ژیاوە، لە ساڵی (٦٧٥) لە دایك بووە، ولە ساڵی (٧١٦) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (الوافي في الوفيات/ ١/ ٢٨٣٦). (وەرگێڕ)

(٢) ناوی شرف الدين عبد الله ی کوڕی محمدی کوڕی إبراهيمی دیمەشقیە وحەنەفی مەزهەبە، (محدث)ە، وبە (الواني) ناسراوە، لە ساڵی (٧٤٩) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: (هدية العارفين/ ١/ ٢٤٢). (وەرگێڕ)

(٣) الدرر الكامنة لابن حجر/ ٢/ ١١٢.

چەند زانایەکی فەرمووودەناسیش ئیجازەیان پێ داوە، وەکو: (الحافظ أبو الحسن عبد الغفار بن إسماعيل بن عبد الغافر الفارسي، والعلامة الخرقي، کەسانێکی تریش)

یەکێك لە زانایان بە ناوی (علي المقدسي) هەندێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لێ گێڕاوەتەوە.

زانایەکی تر بە ناوی (الحسن بن محمد بن محمد البكري) گوێی لە بەشێکی کتێبێکی گرتوە کە کۆمەڵێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) تێدایە کە ئەم سێ زانایە گێڕاویانەتەوە: (ابو عمرو إسماعيل بن محمد بن احمد السلمي، وعثمان بن عبد الرحمن بن الصلاح)

هەروەها ئەو زانایە تەواوی بەشی سێیەمی کتێبی (الزهد)ی (وكيع بن الجراح) لەلای ئەو خانمە گوێ لێگرتووە، هەروەها گوێی لە کتێبی (الأربعين)یش گرتوە کە ئەو خانمە خۆشی گوێی لە (فاطمة بنت البغدادي) گرتووە وگێڕاویەتیەوە، بە ئیجازەش لە (الصاعدين)ی وەرگرتووە. هەروەها گوێی گرتوە لە بەشی دەیەمی کتێبی (الفوائد) کە دانراوی (الحاكم محمد بن محمد بن أحمد النيسابووري)ە کە ئەو خانمە خۆی لێی گێڕاوەتەوە، گوێشی لێ گرتوە لای (ابو القاسم زاهر بن طاهر بن محمد الشحامي). تەواوی بەشی یەکەم ودووەمی (حديث علي بن حرب)ی بە ئیجازەوە بەسەردا خوێنراوەتەوە.

لە شاری نەیسابوور لە مانگی (جمادي الآخر) لە ساڵی (٦١٥)ی کۆچی وەفاتی کردووە.[١]

---

(١) أعلام النساء/ ٢/ ٧٥.

بەشی پێنجەم

ئافرەتگەلێك كە دەسەلاتی جێبەجێ كردنیان گرتۆتە دەست

زۆرن ئەو ڕیوایەت و ئاسارانەی كە باس لە گرتنەدەستی ژنان دەكەن بۆ دەسەلاتی جێبەجێ كردن، یان دەسەلاتی پۆلیسی، كە لە كلتوور وكتێبە فیقهیەكاندا بە (الحسبة) ناودەبرێت، ئەویش لە سەدەی یەكەمی كۆچیدا بووە، جا بەپێی بوونی ئەو هەوالانە، هەندێك لە زانایان ڕێگەیان داوە بەوەی كە ئافرەت ئەم پۆست وپێگە هەستیار وسەركردایەتیە لە دەولەتی ئیسلامیدا بگرێتە دەست.

وەكو (ابن حزم) باس دەكات، وبەلگە بە هەوالی ئافرەتێك بە ناوی (الشفاء)ەوە دەهێنێتەوە، ودەفەرموێت: ((درووستە كە ئافرەت دەسەلاتی فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست، كە ئەمە وتەی ئەبو حەنیفەیە، ئیمامی عومەری كوڕی خەتاب دەگێڕێتەوە كە ئافرەتێكی بە ناوی (الشفاء)ەوە كردۆتە بەرپرس وچاودێری بازاڕ.

جا ئەگەر بوترێت: خۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لن يفلح قوم اسندوا أمرهم إلى امرأة)!

ئێمەش دەلێین: كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەهای فەرمووە بۆ ئەوەیە كە ئافرەت نابێت فەرمانڕەوایی گشتی بگرێتە دەست، كە بریتیە لە خەلیفایەتی، بە بەلگەی ئەوەی كە خۆی دەفەرموێت: (المرأة راعية على مال

زوجها، وهي مسؤولة عن رعيتها.)[1]، هەروەها زانایانی مەزهەبی ئیمامی مالیك بە درووستی دادەنێن کە ئافرەت ببێتە: **(وصية و وكيلة)**، لە هەمان کاتیشدا دەقێکیش نییە کە ڕێگری لەوە بکات کە ئافرەت سەرپەرشتی هەندێك کاروبار بکات)).[2]

ئیمامی **(ابو بلج يحيى بن ابي سليم الفرازي الكوفي _ وقيل الواسطي)** دەگێڕێتەوە، ودەڵێت: ((چاوم کەوت بە سەمرائی کچی نوهەیك، کە یەکێك بوو لەوانەی کە بە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گەیشتبوو، جلێکی سەربازی ئەستووری لەبەردا بوو، پەچەیەکی ئەستووریشی بەسەر دەموچاویدا دادابوو، قامچییەکیشی بە دەستەوە بوو، کە خەڵکی پێ تەربێت دەکرد، وفەرمانی دەکرد بە چاکە ونەهی دەکرد لە خراپە)).[3]

---

(١) البخاري/ كتب الجمعة/ باب الجمعة في القرى والمدن/ ٨٥٣، وابن حبان/ كتاب السير/ باب في الخلافة والإمارة/ ٤٤٩٠، والبيهقي في السنن الكبرى/ كتاب الوديعة/ باب ما جاء في الترغيب في أداء الأمانات/ ١٢٤٦٦، والنسائي في السنن الكبرى/ كتاب عشرة النساء/ مسألة كل راع عما استرعى/ ٩١٧٣.

(٢) المحلى لابن حزم/ ٩/ ٤٢٩ _ ٤٢٠.

(٣) الطبراني في المعجم الكبير/ مسند النساء/ باب السين/ سمراء بنت نهيك/ ٧٨٥، وذكره ابن عبد البر في الاستيعاب/ ٤/ ١٨٦٣، والهيثمي/ في مجمع الزوائد/ ٩/ ٢٦٤، وقال رواه الطبراني، ورجاله ثقات.

کۆتایی

ئافرەت بەلای نامسوڵمانەکانەوە، لە کۆن و نوێدا

ئافرەت بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام، لە هەموو شارستا نییەتە کۆنەکاندا ستەم لێ کراو وبێ ڕێز بووە، ئیتر لە شارستانێتی ئەورووپای کۆن یان ڕۆما نییەکان، یان فارسەکان، یان عەرەبەکانی بەر لە ئیسلام، هەرکام لەو شارستانێتیانە کە تێپەڕیوە، چەندەها جۆر سزا وئەشکەنجە وستەم وچەوساندنەوەیان بەسەر ئافرەتدا هێناوە.

- ئیغریقیەکان بە دارێکی ژەهراویان زانیوە، ودەیانوت: شتێکی پیسە وبەشێکە لە کار وکردەوەی شەیتان.
- ڕۆمانییەکان دەیانگوت: ئافرەت ڕۆحی نییە، جۆرێك لەو جۆرانەی کە سزایان پێ دەدا، ئەوەبوو کە ڕۆنی گەرم وداخ کراویان دەکرد بە سەر سەریدا. دەیان بەست بە ئەسپەکانەوە وڕایان دەکێشا تاوەکو گیانی دەردەچوو.
- صینییەکانیش دەیانگوت: ئافرەت ئاوێکی بە ئازارە، وبەختەوەری دەشواتەوە، بۆ هەموو صینییەکیش هەیە کە خێزانەکەی (هاوسەرەکەی) زیندە بەچاڵ بکات. ئەگەر مێردەکەشی بمرێت، ئەوا خزم وکەسو کارەکانی وەك میرات ژنەکەی دەبەن.
- هیندیەکانیش بەرامبەر بە ئافرەت دەیانگوت: نە مردن ونە جەهەنەم و نە ژەهر ونە مار ونە ئاگر هیچیان لە ئافرەت خراپ تر نین، بەڵکو بەلای

ئەوانەوە ئافرەت ئەگەر مێردەکەی بمرێت ئەویش مافی ژیانی نامێنێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەودا بسووتێنرێت.

- فارسەکان: بە ڕەوایان دانابوو کە هەموو ئافرەتێك مارە بکرێت، باوەکو مەحرەمیش بێت، بەبێ هیچ ئیستیسنایەك، درووستە بۆ پیاوی فارسی کە فەرمانی مردن بدات بەسەر هاوسەرەکەیدا.
- یەهودیەکان دەیانگوت: ئافرەت نەفرەتی خوایە، چونکە هۆی بەدبەختی و سەرلێشێوانە، لە کاتی عادەی شەرعیدا شتێکی پیسە، درووست بوو بۆ باوکی کە بیفرۆشێت.
- بەلای مەسیحیەکانیشەوە حاڵی لەوانەی ڕابوردوو باشتر نەبوو. ئەوەتا فەرەنسیەکان لە ساڵی (٥٨٦)ی زاینیدا کۆنگرەیەکیان بەست بۆ باسی ئەوەی کە:

١. ئایا ئافرەت بە مرۆڤ دادەنرێت یان نا؟!
٢. ئایا ڕۆحی هەیە، یان نا؟!
٣. ئەگەر ڕۆحی هەبێت، ئایا ڕۆحی مرۆڤانەیە، یان ڕۆحی ئاژەڵیانەیە؟!
٤. ئایا ئەگەر ڕۆحی مرۆڤانە بێت، ئایا لە هەمان ئاستی ڕۆحی پیاودایە یان نزمتر؟!

وە لە کۆتاییشدا بڕیاریاندا کە بەڵێ مرۆڤە!! بەلاَم تەنها بۆ خزمەت کردنی پیاو دروست کراوە!!.

وە پەرلەمانی ئینگلیزیش لە سەردەمی پاشا (هنری هەشتەم) بڕیارێکی دەرکرد کە: بۆ ئافرەت نارەوا وقەدەغەیە کە کتێبی (العهد الجديد) (واتە: ئینجیلە دەسکاری کراوەکە) بخوێنێتەوە، چونکە ئافرەتیان بە پیس دادەنا.

بەلای عەرەبەکانی بەر لە ئیسلامیشەوە ستەم کردن لە ئافرەت گەیشتبووە رادەیەك کە هەر بە زیندوویی دەیان نایە چاڵەوە، یان فڕێیان دەدایە ناو بیرێکەوە بە شێوەیەك کە دڵی مرۆڤی بە ویژدانی دەتواندەوە.

یەکێك دەپرسێت: خۆ ئەمانەی کە باسکران هەمووی لە سەردەمانی کۆندا بووە، وڕابووردووە، هەر ئەوانەش وەها کردووە کە کەسانێك بە درۆ داوای مافەکانی ئافرەت بکەن، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرسووڕمانە ئەوەیە کە: ئافرەت لە شارستانێتیەکانی تری نائیسلامیدا تاوەکو ئێستاش هەر سووکایەتی پێ دەکرێت، بە هەموو پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، وکۆمەڵەکانی مافەکانی مرۆڤ.

بۆ نموونە: دۆسیەی توندو تیژی کردن دژی ئافرەتان، ئازاردانی جەستەییان، بە پێی ئەو سەرژمێریانەی کە تایبەتن بە توندوتیژی دژی ئافرەتی ڕۆژئاوایی _ کە لە باسەکانی پێشوودا لە بابەتە جیاجیاکاندا ئاماژەمان پێدا _ ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

- (٧٥٪)ی پیاوان لە ئەمەریکا بە جۆرێك لێدانی هاوسەرەکانیان دەکەن، کە تووشی نوقسانی وبەلایان دەکەن.
- (١٧٪)ی ئەو ئافرەتانە حاڵەتیان وەها دەخوازێت کە بخرێنە ژێر چاودێری وردەوە.... ئەم زانیاریە لە لایەن دکتۆر (**جون بیریە**)یەوە نووسراوە، کە پرۆفیسۆری یاریدەدەری وانەی زانستی دەروو نییە لە زانکۆی (**کارولینا**).
- بە پێی ڕاپۆرتی دەزگای ناوەندی ئەمەریکی بۆ توێژینەوە وپشکنین (FPT) هاتووە کە: هەموو هەژدە چرکەیەك ئافرەتێك لە لایەن مێردەکەیەوە لێدان دەکرێت.
- ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی نوسیوێتی: لە هەموو دە ئافرەتێدا یەکێکیان لە لایەن مێردەکەیەوە لێدان دەکرێت، ئەوجا ڕۆژنامەی (Family

Relation) لەسەر ئەم هەواڵە دەڵێت: هەر ئافرەتێك لە دوو ئافرەت لە لایەن مێردەکەیەوە لێدان دەکرێت، وستەم ودەست درێژی دەکرێتە سەر.

- دکتۆر (جون کیشلر) کە یەکێکە لە زانایانی زانستی دەروونی لە شیکاگۆ لە ئەمەریکا زۆر بە ڕاشکاوانە دەڵێت: (٩٠٪)ی ئافرەتانی ئەمەریکا تووشی سستی وساردی جینسی بوون، (٤٠٪)ی پیاوانیش تووشی نەزۆکی بوون. هەروەها دەڵێت: ئەو ڕیکلام وئاگاداریانەی کە پشت بە وێنەی ئافرەتی ڕووت دەبەستن، هەر ئەوانی هۆکاری دابەزینی ئاستی جینسی لای گەلی ئەمەریکا.[1]
- لە فەرەنسا ساڵانە دوو ملیۆن ئافرەت ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە... متمانەداری نهێ نییەکانی وڵات بۆ مافەکانی ئافرەت (میشیل أندریە) وتوویەتی: هەندێك جار ئاژەڵەکان مامەڵەی باشتریان لەگەڵدا دەکرێت، وەك لە ئافرەتان. خۆ ئەگەر پیاوێك لەسەر شەقامێك بدات لە سەگێك، ئەوا کەسێك شکاتی لێ دەکات لای کۆمەڵەی بەنەرمی جووڵانەوە لەگەڵ ئاژەڵ، بەڵام ئەگەر لەسەر شەقامێك لە ژنەکەی خۆی بدات، ئەوا یەك کەس جووڵە ناکات. (واتە کەس خۆی لە مەسەلەکە ناگەیەنێت).
- (٩٢٪)ی کاری لێدان لە شارەکاندا ڕوو دەدات، (٦٠٪)ی ئەو شکاتانەی کە بەشەودا دەگاتە پۆلیسی فریاکەوتنی پاریس بریتین لە هاناهێنانی ئافرەتان لە دەست خراپی مامەڵەی مێردەکانیان.
- لە بەریتانیا ڕاپۆرتێك هاتووە لەسەر ئەوەی کە (٧٧٪)ی مێردەکان هەر بەبێ هۆ لێدانی ژنەکانیان دەکەن.

---

(١) ئەوەی شارەزایی زیاتری دەوێت، با بگەڕێتەوە بۆ ڕاپۆرتی لیژنەیەکی کۆنگرێسی ئەمەریکی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکانی گەنج ومێرد منداڵەکان لە ئەمەریکا، لە ژێر ناونیشانی: (ڕەوشتی داهەڕزاوی کۆمەڵگای ئەمەریکی). ئەم زانیاریەش لە کتێبی: (المجتمع العاري بالوثائق والأرقام/ ص١١)ەوە هێنراون.

- هەروا لە بەریتانیا زیاد لە (٥٠٪)ی ئافرەتە کوژراوەکان بریتی بوون لە قوربانی دەستی مێرد یان دۆستەکانیان، توندوتیژی خێزانی زیادی کردووە بە ڕێژەی (٤٦٪) لە ساڵێکدا هەتاوەکو کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩٢). هەروەها دەرکەوتوە کە (٢٥٪)ی ئافرەتان ڕوو بەڕووی لێدان دەبنەوە لە لایەن مێردەکانیان یان دۆستەکانیانەوە. پۆلیسی بەریتانی ساڵانە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار پەیوەندی تەلەفوونی پێ دەگات، کە ئاگادار دەکرێتەوە لەسەر دەستدرێژی کردنە سەر ژنان (زوجات أو شریکات). هەر ئەو ڕاپۆرتە ئەوەشی تێدایە کە ژنێك باسی ئەوەی کردووە کە لەسەرەتای شووی کرد نییەوە، مێردەکەی سێ ساڵ ونیو لێی داوە، وتیشی: ئەگەر دوای لێدانەکە قسەم بکردایە، دووبارە لێی دەدامەوە، بۆیە هەروا بێ دەنگ بووم، خۆ ئەو تەنها بە یەك جۆر لێدان واز ناهێنێت، بەڵکو هەموو جۆرەکانی بەکار دەهێنێت، وەکو: بەدەموچاودا کێشان، مشتەکۆڵە، شەق، لەقە وخستنە ژێر پێ، کێشانی سەر بە دیواردا. هەندێك جار پیاوانێك هەبوون کە جگەرەیان بە لاشەی ژنەکانیان کوژاندۆتەوە، یان بە زنجیر وکۆت لەماڵدا کۆتیان کردوون، پاشان دەرگایان لەسەر داخستوون، وچەند کاتژمێرێکی زۆر بەم جۆرە بەجێیان هێشتوون.

جا لەم کورتە باسەی پێشەوە کە خستمانە ڕوو لە بارەی چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئافرەتدا لە لایەن ناموسوڵمانەکانەوە، ئیتر لە شارستانێتیە زۆر کۆنە بەسەرچووەکان، یان لەم چەرخە تازەی ئێستامان، ئەو ڕاستیە گرنگەمان بۆ دەردەکەوێت کە: ڕۆژئاوا، یان هەر شارستانێتیەکی تر، بەهۆی ئەوەی کە هەندێك ڕەفتاری ناباویان لێوە دەردەکەوێت، کە لە پلە وبەهای ئافرەتان کەم دەکەنەوە _ وەکو ڕابوورد _، هیچکام لەو شارستانێتیانە ناگونجێن ودەست

نادەن کە ببنە نموونە بۆ ئێمە، یان بەڵکو هەر دەست نادەن بۆ ئەوەی کە هیچ کۆمەڵگایەکی تریشیان پێ هەڵبسەنگێنرێت.

جا ئێمە کە باسەمان لەم بابەتە کرد، مەبەستمان داکۆکی کردن بوو لە بەها بەرزەکانی خۆمان وشەریعەتە ڕاستەکەمان، تەنها خوای گەورەش ڕێنموویبکار وڕێپیشاندەرمانە.[1]

★ ★ ★

(١) سوپاس بۆ خوای گەورە کە موەفەقی کردم لەسەر وەرگێڕانی ئەم نوسراوە، تکاکارم لە هەموو دۆست وبرایەك کە ئەم وەرگێڕانە دێتە بەردەستیان، ئەگەر هەر هەڵەیەکی تێدا بێت بە گەورەیی ودڵسۆزی خۆیان چاکی بکەنەوە، ئەوەندەی کە توانیومە کەمتەرخەمیم نەکردووە.

خوایە هاتوومە خزمەتت   بەندەیەکی موسوڵمانم
تۆ پایەدار و بەخشندەی   من بێ دەس ودەرەتانم
بەندە هەرچی بێ بەندەیە   تۆم نەبی ڕوو لە فەوتانم
ببەخشە گشت تاوانێکی   خۆم وخۆشەویستەکانم
ئومەتی پێغەمبەری تۆم   تا ماوم لە ڕووی ژیانم
پەیڕەوی ئەم بەرنامەیەم   خزمەتکار و پاسەوانم

سەرچاوەكان

- اخلاق المجتمع الأمريكي المنهارة/ المجتمع العاري بالوثائق والأرقام/ تقرير لجنة الكونجرس الأمريكية.
- الإسلام عقيدة وشريعة/ طبعة القاهرة/ ١٩٨٠ الميلادية.
- إعلام الموقعين/ تحقيق: محمد جميل غازي/ طبعة بيروت/ ١٩٧٣ الميلادية.
- الأعمال الكاملة للإمام محمد عبده. تحقيق: د. محمد عمارة/ طبعة القاهرة.
- التقرير السنوي المسمى (قاموس المرأة)/ معهد الدراسات الدولية حول المرأة.
- جامع الترمذي/ دار إحياء التراث العربي.
- سنن ابن ماجة/ دار الفكر/ بيروت.
- سنن النسائي الكبرى/ دار الكتب العلمية.
- صحيح ابن حبان/ مؤسسة الرسالة.
- صحيح البخاري/ دار ابن كثير.
- صحيح مسلم/ دار إحياء التراث العربي.
- الطرق الحكمية في السياسة الشرعية/ طبعة القاهرة.
- المستدرك للحاكم/ دار الكتب العلمية.
- مسند أحمد/ مؤسسة القرطبة.
- المعجم الكبير للطبراني/ مكتبة العلوم والحكم/ سنة/ ١٩٨٣ الميلادية.
- المنار/ لرشيد رضا/ مطبعة المنار.

مامۆستای دانەر لە چەند دێڕێکدا

- ناوی: علی جمعه محمد عبد الوهاب.
- خەڵکی: وڵاتی میصرە، ولە ساڵی: (١٩٥٢)ی زاینی لە دایك بووە.
- خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئوصولی فیقهدا لە کۆلیژی شەریعە ویاسا لە جامیعەی ئەزهەر لە ساڵی: (١٩٨٨) بە پلەی (شەرەفی یەکەم). خاوەنی شەهادەی ماجستێرە لە هەمان بابەت ولە هەمان جامیعە، لە ساڵی: (١٩٨٥). ئیجازەی زانستی باڵا (لیسانس)ی لە کۆلیژی خوێندنە ئیسلامی وعەرەبیەکانی هەمان جامیعە لە ساڵی: (١٩٧٩) پێ دراوە. خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بازرگانییە لە زانکۆی (عین الشمس) لە ساڵی: (١٩٧٣). بڕوانامەی زانستی دەست بە دەست لە زانایان ومامۆستایانی زانستە ئیسلامیەکان وەرگرتووە.
- گەلێك پلەوپایەی بەرزی گرتۆتە دەست، لەوانە: لە ساڵی (٢٠٠٣) تاوەکو ئێستا موفتی وڵاتی میصرە. ئوستازی ئووصلی فیقهە لە کۆلیژی زانستە ئیسلامی وعەرەبیەکان _ بەشی کوڕان _ە لە جامیعەی ئەزهەر.
- کتێبە دانراوەکانی:
  ١. قضية تجديد أصول الفقه.
  ٢. الحكم الشرعي عند الأصوليين.
  ٣. أثر ذهاب المحل في الحكم.
  ٤. المدخل لدراسة الشريعة الإسلامية.
  ٥. علاقة أصول الفقه بالفلسفة.
  ٦. تقييد المباح.
  ٧. مباحث الأمر عند الأصوليين.
  ٨. الرؤية وحجيتها الأصولية.
  ٩. النسخ عند الأصوليين.

١٠. الإجماع عند الأصوليين.
١١. آليات الاجتهاد.
١٢. الإمام الشافعي ومدرسته الفقهية.
١٣. النظريات الأصولية ومدخل لدراسة علم الأصول.
١٤. مذكرة حول المنهج الأصولي لتناوب المعاملات المالية الحديثة والقواعد الضابطة لها.
١٥. اقتراح عقد تمويل من خلال تكييف العملة الورقية كالفلوس في الفقه الإسلامي.
١٦. الإمام البخاري.

- لێکۆڵینەوەکانی:

١. رياض الصالحين للإمام النووي.
٢. جوهرة التوحيد للباجوري.
٣. شرح ألفية السيرة للأجهوري.
٤. الفروق للقرافي.
٥. التحديد في مقارنة الفقه الحنفي والشافعي، للقدوري.

- توێژینەوەکانی:

١. الرقابة الشرعية، مشكلاتها وطرق تطويرها. (باسێکە پێشکەش کراوە بە کۆنگرەی چوارەمی زانایانی هیندستان)
٢. الزكاة (باسێکە پێشکەش کراوە بە کۆنگرەی پێنجەمی زانایانی هیندستان)
٣. حقوق الإنسان من خلال حقوق الأكوان في الإسلام. (باسێکە بۆ دامەزراوەی نایف)
٤. النموذج المعرفي الإسلامي.

چەندین نووسراو ووتار وبەرنامەی تەلەفزیۆنی وموحازەرەی تر، وچاودێری وسەرپەرشتیاری چەندین پرۆژەی زانستی دەکات لە تەواوی جیهاندا، سەرپەرشتی چەندین نامەی زانستی کردووە لە زانکۆکانی میسردا.

ناوەرۆك

پێشەکی وەرگێڕ: ٧
پێشەکی دانەر: ١١
دەروازەی یەکەم
ئافرەتی موسوڵمان لە دەقە پیرۆزەکانی شەرعدا ١٧
دەسپێك ١٩
بەشی یەکەم
ئافرەت لە قورئانی پیرۆزدا.. ٢١
بەشی دووەم
ئافرەت لە سونەت و فەرموودەکانی پێغەمبەردا ٢٩
دەروازەی دووەم
ئافرەتی موسوڵمان لە بەرهەم و نوسراوە فیقهیەکاندا ٣٩
دەسپێك ٤١
بەشی یەکەم
میراتی ئافرەت لە نێوان ڕاستیەکان و درۆ هەڵبەسراوەکاندا.................... ٤٣
ئەو حاڵەتانەی کە مێیینە نیوەی نێرینە میرات دەبات.................... ٥١
ئەو حاڵەتانەی کە مێیینە ونێرینە یەکسانن لە میرات بردندا ٥٤
ئەو حاڵەتانەی کە مێیینە لە نێرینە زیاتر میرات دەبات.................... ٥٨
ئەو حاڵەتانەی کە مێیینە میرات دەبات، بەلأم ئەگەر نێرینە لە جێگەی ئەو
بێت میرات نابات.. ٦٤

بەشی دووەم
شایەتی دانی ئافرەتی موسوڵمان و پەرچ دانەوەی گومانێك لە بارەیەوە ٦٩
بەشی سێیەم
فرە ژنی وحەقیقەتەکەی ٨٥
بەشی چوارەم
مافی ئافرەت لە هەڵبژاردنی مێردەکەیدا ٩٥
بەشی پێنجەم
پێش نوێژی کردنی ئافرەت ١٠٣
بەشی شەشەم
خەتەنە کردنی مێیینەکان.. ١١١
بەشی حەوتەم
مافە سیاسیەکانی ئافرەت ١١٩
بەشی هەشتەم
لێدانی ئافرەت لە ئیسلامدا ١٣١
دەروازەی سێیەم
ئافرەتی موسوڵمان لە واقیعی مێژووییدا.. ١٣٩
دەسپێك ١٤١
بەشی یەکەم
ئافرەتگەلێکی فەرمانڕەوا (حاکم).. ١٤٥
١- (ست الملك) پاشای فاتیمیەکان ١٤٧
٢- (أروى) پاشای (صنعاء) ١٤٨
٣- ترکان خاتون ١٥٠
٤- (رضیة بنت التمش) فەرمانڕەوای هیندستان؛ ١٥١
٥- (شجرة الدر) شاژنی میصر وولاَتی شام ١٥٢
٦- (السلطانة خدیجة) فەرمانڕەوای هیندستان.. ١٥٣

بەشی دووەم

ئافرەتگەلێکی دادوەر (قاضي) ١٥٥
(ثمل قهرمانة) ١٥٥

بەشی سێیەم

ئافرەتگەلێکی جەنگاوەر وسەرکردەی سوپا ١٥٧
١- (أم سليم بنت ملحان الأنصارية) ١٥٨
٢- (أم حرام بنت ملحان) ١٥٩
٣- (الربيع بنت معوذ) ١٦٠
٤- (أم سنان الأسلمية) ١٦١
٥- (ليلى الغفارية) ١٦١
٦- (كعيبة بنت سعيد الأسلمية) ١٦٢
٧- (رفيدة الأنصارية) ١٦٢
سەرکردەی سوپا ترکان خاتون ١٦٣

بەشی چوارەم

ئافرەتگەلێکی موفتی وزانا ١٦٥
١- (نفيسة العلم) ١٦٧
٢- خاتوو (كريمة) گێڕەرەوەی صەحیحی بوخاری ١٧٤
٣- أمه الواحد ١٧٦
٤- (شهدة الإبري) ١٧٦
٥- (زين العرب بنت عبد الرحمن) ١٧٨
٦- (دهماء بنت يحيى) ١٧٨
٧- (فاطمة بنت أحمد) ١٧٩
٨- (أسماء المهروانيية) ١٨٠
٩- (زاهدة الطاهري) ١٨١
١٠- زينب الجرجانيية ١٨٢

بەشی پێنجەم
ئافرەتگەلێك كە دەسەڵاتی جێبەجێ كردنیان گرتۆتە دەست ١٨٥
كۆتایی
ئافرەت بەلای ناموسوڵمانەكانەوە، لە كۆن ونوێدا ١٨٧
سەرچاوەكان... ١٩٢
مامۆستای دانەر لە چەند دێڕێكدا.............................. ١٩٥
ناوەڕۆك.. ١٩٧